




# خەڵک و حکومەت

## لێکتێگەیشتن و پێکەوە کارکردن

ئەگەر هەتا ئێستا باس لە جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەت کرابێت بۆ بونیادی دەوڵەتی مەدەنی، یان باس لە جیاکردنەوەی سیاسەت و یاسا کرابیت بۆ پیادەکردنی سەروەریی یاسا، ئەوا لەگەڵ بەرەو پێشەوەچوونی پرانسیپەکانی لیبرال دیموکراتی و دروستبوونی گرووپی فشار و لۆبی کە زۆرجار لە ئەنجوومەنی نوێنەران بەوجۆرە گوشار دەکەن کە یاساکان بۆ بەرژەوەندی توێژێکی کەمی بزنسمان و کۆمپانیاکان دەربچن، یان لەکاتی جێبەجێکردندا توێژیکی کەم لێی سوودمەند بێت، ئەوا دەکرێت لەم حاڵەتە هاوشان لەگەڵ بوونی ئەنجوومەنی نوێنەران کە لەرێگەی پارتە سیاسیەکان نوێنەرایەتی خەڵك و ئیتنی و ئایینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دەکەن، ئەوا پێویستە فەزایەکی گشتیش هەبێت کە دوور لە کاریگەری ئینتمایی ئایدیۆلۆژی سیاسیی و ئایینی و ئیتنیەوە هاووڵاتیان بە جیاوازی بیروبۆچوون و ئایین و ئیتنیەوە کۆبکاتەوە، هەربۆیە ئەمە وەك پێویستیەك دەبێتە ئەو ژینگەیەی کە نابێت کاریگەری دامەزراوە دەوڵەتیەکان و هەروەها کاریگەری حزبە سیاسیەکان و ئینتمای ئایینی و ئیتنی لەسەر بێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە لەم ژینگەیەدا ئەو گوتارە نموونەیەی کۆمەڵگە (Ideal Speech Community) بەرهەم بێت و ببێتە ئەو گوشارەی حکومەتیش وەك دامەزراوەیەك دوور لە کاریگەری سیاسیی و ئینتمای ئایینی و ئیتنیەوە ڕەفتار بکات و ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات، ئەم ئاراستەیە بەرەو دوو خاڵی گرنگمان دەبات:

١- بەرهەمهێنانی گوتاری نموونەیی کۆمەڵگە، کە بەرهەمی کۆی کەموکورتیەکان و خواست و داوای خەڵك دەبێت لەناو فەزای گشتیدا، خەڵك لەسەری کۆك و یەکدەنگ دەبن، ئەم کۆکی و یەکدەنگیەی خەڵك لەناو فەزای گشتی، کۆکی و یەکدەنگیەکی سەربەخۆیە دوورە لە کاریگەری سیاسەتی حزبی و دەستێوەردانی دامەزراوە دەوڵەتیەکان.

**٢-** حکومەتیش وەك دامەزاوەیەکی گشتی دەکەوێتە ژێر گوشاری گوتاری نموونەیی کۆمەڵگە لە ناو فەزای گشتی، ئەویش دەبێت ئەرکی وەڵامدانەوەی ئەو گوتارە بێت، ئەوا حکومەتیش ناچار دەبێت خۆی لە ژێر کاریگەری سیاسی و ئایینی ڕزگار بکات و تەنیا لەروانگەی مافی هاووڵاتیبوونەوە دیالۆگ لەگەڵ خەڵك دادەمەزرێنێت، لەم حاڵەتەشدا کە خەڵك بە گوتارێکی نموونەیی کۆمەڵگەوە لەگەڵ حکومەت دیالۆگ دەست پێدەکات، ئامانجی خەڵك و حکومەت دەبێتە لێکتێگەیشتن بۆ ئەوەی ئەو خواست و داواکاری و کەموکورتیانەی لە کۆمەڵگە هەن و خەڵك لەسەریان کۆك و یەکدەنگن، لەگەڵ حکومەتیش ئەم لێکتێگەیشتنە دروست بێت، بۆ ئەوەی بەهاوکاری خەڵك، حکومەت ئیمکانیەتی



بەردەستی بخاتە گەڕ و وەڵامی خواست و داواکاری خەڵك بداتەوە و کێشەکان چارەسەر بکات.

### لێکتێگەیشتن
### خەڵك و حکومەت لێك نزیکدەکاتەوە

یۆرگن هابرماس بیرمەندی گەورەی ئەڵمانی لەگەڵ ئەوەی بە نەوەی دووەمی قوتابخانەی فرانکفۆرتی لەقەڵەم دەدرێت، لەو قوتابخانەیەشدا ڕەخنە وەك بنەمای تیۆری کۆمەڵگە ڕاڤەکراوە، بنەمای کارکردنی ئەویش بۆ تیۆری کۆمەڵگە هەر ڕەخنەیە، بەڵام کارەکانی هابرماس نەك هەر پێناسەیەکی نوێی بە ماناو بەهای ڕەخنە داوە و بەهای ڕەخنەی لە (ڕەتکردنەوە) گۆڕیوە بۆ (کۆدەنگی و لێکتێگەیشتن) لە هەمانکاتدا سەرلەنوێ مەعریفەی پۆلین کردۆتەوە و لە کتێبی (مەعریفە و بەرژەوەندی) بەپێی بەرژەوەندی سەرلەنوێ مەعریفەی دابەشکردووە، ئەمەش بۆتە بنەمای سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بەرژەوەندی مەعریفە وەك کارێکی ئامێریی (الفعل الاداتي)، هەروەها بەرژەوەندی مەعریفە وەك کارێکی ستراتیژی (الفعل الاستراتيجي)، لە یەکەمیاندا کە مەعریفە دەبێتە بەرهەمی کارێکی ئامێری، ئەوا خاوەنی ئەو کارە ئامێریە لە پێناوی بەرژەوەندییەکی دیاریکراوی خۆی مەعریفە بەرهەم دەهێنێت، بۆیە لەم کارە ئامێریەدا خاوەنی کارەکە دەیەوێت کاریگەری لەسەر لایەنی بەرامبەر دروست بکات و لایەنی بەرامبەر بۆ بەرژەوەندی خۆی هەڵبسوڕێنێت، بەڵام لە دووهەمیاندا کە مەعریفە دەبێتە بەرهەمی کارێکی ستراتیژی، ئەوا ئەو مەعریفە بەرهەم هاتووە بێجگە لەوەی ئامانجیەتی کە لێکتێگەیشتن لەنێوان ئەو خەڵکانە دروست بێت کە موناقەشە دەکەن، هیچ بەرژەوەندییەکی دیکەی نییە. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ئەو وەرچەرخانەی هابرماس لەبواری مەعریفە دروستی کردووە، مەعریفەی کردۆتە بەرهەمی ڕەخنە، بەڵام ڕەخنەیەك کۆمەڵگە کۆك و هاودەنگ بکات، نەك گوتاری حەماسئامیزی هەندێك کەس و لایەن فەزای بەرهەمهێنانی ڕەخنە بچووك بکاتەوە و لەبری ئەوەی بەرچاوی خەڵك ڕۆشن بکاتەوە و خەڵك لەیەکتری تێبگات بۆ ئەوەی هاوکاربن کێشەو کەموکورتیەکانیان چارەسەر بکەن، خەڵك چاوی نەبینێت و کوێرانە دوای گوتارە حەماس ئامێزەکان بکەوێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا هابرماس جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە هیچ لێکتێگەیشتنێك دروست نابێت ئەگەر لەسەر بنەمایەکی ئەقڵانی ڕێککەوتنێك لەنێوان تاکەکاندا دروست نەبێت، بۆیە هابرماس شێوازی دەربڕینی ڕەخنەگرتنی هاووڵاتیان لەسەر پێداویستی و کەموکورتیەکان هێندەی ئەو فەزا گشتیە گرنگە کە موناقەشە گشتیەکانی تێدا بەڕێوە دەچێت، لەم لایەنەوە و بەسوود وەرگرتن لە تیۆری کاری قسەکردن (Speech act)ی جۆن ئۆستین کە ئەم





**لەبری ئەوەی ڕۆشنبیران ئەقڵ وەك ئامێرێك بەكاربهێنن بۆ ئەوەی خۆیان بە ئەقڵانی بیربكەنەوە و خەڵك دوای ئەقڵانیەتی ئەوان بكەوێت. ئەوا پێویستە ئەو ئەقڵانیەتە ببێتە ئەقڵانیەتێكی پێكەوەڕۆ و كۆمەڵگە بەشێوەیەكی گشتی بە ئەقڵانی بیربكاتەوە و پرسیار لە ئێستا بكات و وەڵامی پێویستی بۆ بدۆزێتەوە**

تیۆرە بریتییە لە بەدەستهێنانی ئامانجەكان بەڕێگەی دەربڕین یان قسەكردن، ئەوا قسەكردن یان دەربڕین خۆی دەبێتە كارێك بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێك، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا هابرماس زمانی دەربڕینی ڕەخنە مەرجدار دەكات بەوەی، پێویستە ئەو زمانە هۆكارێك بێت بۆ لێكتێگەیشتن، ئەمەش بەو مانایەی دەبێت لەناو پێكهاتە جیاوازەكانی كۆمەڵگە بە جیاوازی سیاسیی و ئایینیی و نەتەوەییەوە، دەبێت زمانێكی هاوبەش هەبێت و ئەو زمانە هۆكارێك بێت بۆ ئەوەی پێكهاتە جیاوازەكان لێكتێبگەن و لەمەش گرنگتر بتوانن لێكتێگەیشتن لەگەڵ حكومەتی خۆیان یان دامەزراوە دەوڵەتیەكان دروست بكەن، ئەم زمانە هاوبەشە بەپێی تیۆرەكەی ئۆستن كە هابرماس زمانی ڕاوێژكردنی لە دیموكراتی ڕاوێژكاری پێ پێناسە كردووە، پێویستە ئەم تایبەتمەندیانەی تێدابێت:

١- پێویستە قسە و دەربرینی وتووێژەكانی وەك كارێك سەیر بكرێت كە مەبەست لەو كارە دیاریكردنی سیمای ئەو بارودۆخەیە كە مەبەستە باس بكرێت، ئەمەی ناو ناوە كاری دەربڕین بۆ دیاریكردنی سیمای بارودۆخەكە (Locutionary speech act).

٢- پێویستە ئەو كارەی قسەو دەربڕین دەیكات كاریگەری هەبێت، پرسیارێك بێت بەدوای وەڵامدا بگەڕێین، وروژاندنی پرسێك بێت كە پێوەندی بەهەموو خەڵكەوە هەبێت، ئەمەی ناو ناوە هێزی كاری دەربڕین یان قسەكردن (Illocutionary speech act).

٣- پێویستی كاری دەربڕین یان قسەكردن بۆ ئەوەی گوێگر لەگەڵ قسەكەر كاریگەریان لەسەر یەكتری هەبێت، ئەمەشی ناو ناوە پێویستی كاری قسەكردن (Perlocutionary speech act).

ئەگەر بە وردی سەرنج لەسەر ئەم سێ پێشمەرجە بدەین، كە دەربڕینی ڕەخنە یان قسەكردن لەسەر ڕەخنە لە كارێكی ئامێرییەوە دەگۆڕێت بۆ كارێكی ستراتیژی كۆی كۆمەڵگە، دەبینین ئەم سێ پێشمەرجە دەبنە ئەخلاقی وتووێژكردن لە فەزای گشتی بۆ ئەوەی كۆمەڵگە ببێتە خاوەنی گوتارێكی نموونەیی كە ئەم گوتارە نموونەییە بێجگە لەبەرژەوەندی گشتی خەڵك هیچ بەرژەوەندیەكی دیكەی نییە، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئەم گوتارە نموونەییە كە دەربڕی بەرژەوەندی گشتی خەڵكەو وەك گوشار ئاراستەی حكومەت دەكرێت، ئامانجیش ئەوەیە لەسەر ئەم گوتارە لەگەڵ حكومەت لێكتێگەیشتن دروست بێت و كێشەكان چارەسەر بكرێت، ئەوا كاری جێبەجێكردنی حكومەتیش لە كارێكی ئامێرییەوە دەگۆڕێت بۆ كارێكی ستراتیژی و هاودەنگی و پێكەوە كاركردن لەگەڵ خەڵك دروست دەكات و خەڵك خۆی دەبێتە هاوكاری حكومەت و بەشێك لە پرۆژە سیاسیەكە.

**لە فەزای ڕۆشنبیرانەوە**
**بۆ فەزای گشتی خەڵك**

ئەگەر هابرماس لە كتێبی وەرچەرخانی هەیكەلی فەزای گشتی (The Structural Transformation of the Public Sphere)، فەزای گشتی بگێڕێتەوە بۆ فەزای گشتی بۆرجوازی لە



> **هەقیقەت یان ڕاستی بە تەنیا لای لایەك نییە، بەڵكو ڕاستی و هەقیقەت ئەوەیە كە كۆی بۆچوونە جیاوازەكان لەسەری دەگەنە كۆدەنگی، بۆیە ئەگەر ئەم كۆدەنگیە دروست نەبوو، مانای وایە هەموو ئەو ڕاستی و هەقیقەتانەی بانگێشەیان بۆ دەكرێت ڕاستی و هەقیقەتی ڕێژەیین**

ســەدەی هەژدەهەمدا، ئەوە مەبەستی لە فەزای بۆرجوازی بە شــێوەیەكی گشتی فەزای ڕۆشنبیران بووە لەدوای تەواوبوونی شەڕی ناوخۆی ئینگڵتەرا و پێش شۆڕشی فەرەنسا، لەبەر ئەوەی ئەو فەزا گشتیەی ڕۆشنبیران پێش شۆڕشی فەرەنسا دروستیان كردبوو توانی كاریگەریەكی گەورە لەسەر هەڵایسانی شۆڕشــی فەرەنسا بگێڕێت، ئــەو لە دیموكراتــی ڕاوێژكاریدا دەیەوێت هەیكەلی ئەم فەزا گشــتیەی بۆرجوازی بگۆڕێت بۆ فەزای گشــتی و لەنێو ئەم فەزایەدا ئەركی ڕۆشنبیران بگۆڕێت، واتە ڕۆشنبیران شــرۆڤەی تیۆریی تێكەڵاوی پراكتیكی ژیانی ڕۆژانە بكات و ڕۆشنبیران چەمك و فیكرەكانیان لەناو فەزای گشتی بە ڕاوێژ لەگەڵ خەڵك بكەنە پێشــنیازی بەدیل و داهێنان بۆ ئەوەی بتوانن كێشــە و گرفتەكانی كۆمەڵگە چارەســەر بكەن، ڕاشــكاوانەتر لەبری ئەوەی ڕۆشــنبیران مەسەلەكانی وەك دادپەروەری و دیموكراتی و مافی ئافرەت .. و تاد، دوای بخەنە ڕوو خەڵك بێ ئومێد بكەن، باشترە خۆیان بێنە ناو فەزای گشتی و هاوكاری خەڵك بكەن بــۆ ئەوەی ئەو گرفتانە چارەســەر بكەن، ئەمەش مانــای ئەوەیە دەبێــت لەبورجی ئەكادیمی و تەئویلــی تیۆرییەوە بێنە ناو خەڵك و لەسەربنەمای ئەقڵێكی پێكەوەڕۆ (العقل التواصلی) ئەقڵانیەتێكی گشتی لە كۆمەڵگە دروســت بكەن، بەواتایەكی دیكە لەبــری ئەوەی ڕۆشــنبیران ئەقڵ وەك ئامێرێــك بەكاربهێنن بۆ ئەوەی خۆیان بە ئەقڵانــی بیربكەنــەوە و خەڵك دوای ئەقڵانیەتی ئەوان بكەوێت، ئەوا پێویســتە ئــەو ئەقڵانیەتــە ببێتــە ئەقڵانیەتێكی پێكەوەڕۆ و كۆمەڵگە بەشێوەیەكی گشتی بە ئەقڵانی بیربكاتەوە و پرســیار لە ئێستا بكات و وەڵامی پێویســتی بۆ بدۆزێتەوە، هەروەهــا گرنگە كاری ئامێــری (الفعل الاداتــی) بگۆڕێت بۆ كاری ســتراتیژی یان پێكەوەڕۆ (الفعل التواصلی) بۆ ئەوەی خەڵك و ڕۆشنبیران بگەنە لێكتێگەیشتنی هاوبــەش، واتــە بەرژەوەنــدی مەعریفە لەبەرژەوەندییەكی دیاریكراوی تاكەكەسیەوە، بگۆڕێــت بۆ بەرژەوەندیەكی گشــتی كە ئەویش لێكتێگەیشــتینی هاوبەشە لەنێوان ئەو خەڵكانەی پێكــەوە وتووێژ دەكەن یان گوێ لە ڕۆشــنبیران دەگــرن، بێگومان هەموو كارێكی پێكەوەڕۆیش كە ئامانجی هاودەنگی و لێكتێگەیشتن بێت، پێویستی بە بنەمایەكی ئەخلاقی هەیە، بۆیە لەگەڵ كاری پێكەوەڕۆیــی پێویســتە ئەخلاقی پێكەوەڕۆیی (الاخلاق التواصلیە) هەبێت، بوونی ئەم بنەما ئەخلاقیــە پێكەوەڕۆییە بەرەو ئــەو هاودەنگیەمان دەبات كە خەڵك لەناو فەزای گشــتی گوتاری نموونەیی كۆمەڵگەی پێ بەرهەم دەهێنێت، ئەمەش مانــای ئەوەیــە بۆ ئــەوەی پێكەوڕۆیی بەردەوامــی هەبێــت، دەبێــت بەردەوامی بنەمایەكــی ئەخلاقــی هاوبــەش بــۆ وتووێژەكان هەبــن، لەبەر ئەوەی ئامانجی وتووێژەكان كۆدەنگی و لێكتێگەیشتنە نەك ڕەتكردنەوە و لێكدوركەوتنەوە، هەربۆیە بۆ هابرماس بنەمای ئەخلاقی پێكەوە ڕۆیی گرێدەداتەوە بە (دیموكراتی، دادپەروەریی، یاســا)، هەروەها لەناو دیموكراتیدا ســێ چەمكی گرنگ بە گەوهەری دیموكراتی دادەنێت كە ئەوانیش بریتین لە (ئەقڵانیەت، دەســەڵات، فەزای گشتی)، لەم ڕاستەوە و بەپێی تیــۆری دیموكراتی ڕاوێژكاری، خەڵك بەشێوەیەكی گشتی وەك كۆمەڵگەی

مەدەنـــی ڕۆڵی ڕاوێژکارێکـــی زیرەك بۆ حکومەتی خـــۆی دەگێڕێـــت و تەنانەت لەنـــاو فەزای گشـــتیدا لەبری حکومەت بیردەکاتـــەوە و ئەلتەرناتیف و پیشـــنیاری داهێنەرانە بەرهـــەم دەهێنێت، ئەوجا لەبەر ئەوەشـــی ئەم فـــەزا گشـــتیە لەهەموو دامەزراوەکانـــی حکومەت و ئایدلۆژیەتی حزبە سیاسیەکان و کاریگەری و ئایینی و ئیتنی جیاکراوەتەوە، ئەوا زمانی دەربڕین یان قسەکردن لە فەزای گشتی دەبێتە زمانی هاووڵاتیبوون کە ئامانجی لێکتێگەیشتنە.

### ڕەخنە لەهۆکاری ڕەتکردنەوەوە بۆ هۆکاری لێکتێگەیشتن

پێناسەکردنەوەی ڕەخنە لە هۆکارێکەوە بۆ ڕەتکردنەوە بۆ هۆکارێك بۆ لێکتێگەیشتن، وەرچەرخانێکە لە فیکری سیاسیدا کە هیچی لـــەو وەرچەرخانە کەمتر نییە کە ڕووخانی دیواری بەرلین لە جیهاندا دروســـتی کرد، لەمەش گرنگتر ڕێکخستنەوەی ژینگەی سیستمی لیبرال دیموکراتیە بۆ ئەوەی ئەم سیستمە بەڕاســـتی ببێتە ئەو سیستمەی کە خەڵـــك یان گەل ســـەرچاوەی هەموو دەسەڵاتێکە و دەبێت حکومڕانی لەپێناوی خەڵـــك و گەلدا بێت، ئەمەش بەو مانایەیە ئەگـــەر نـــەوەی یەکەمـــی قوتابخانەی فرانکفۆرتی پێیانوابوویبت ڕەخنە، ڕووخان و ڕەتکردنەوەی سیستمی لیبرال دیموکراتیە، ئـــەوا هابرماس وەك نـــەوەی دووەمی ئەو قوتابخانەیە ڕەخنە بە هۆکارێك دەزانێت بۆ زیاتر چەسپاندنی دیموکراتی، بۆیە لەسەر دوو ئاســـت چەمکی ڕەخنـــە و هەقیقەت دەبەســـتێتەوە بە تێگەیشـــتنی هاوبەشەوە، ڕاشکاوانەتر واتە:

١- ڕەخنـــە کـــە دەردەبڕێت یـــان ڕەخنە دەخرێتـــە ڕوو، ئـــەوە خـــۆی کارێکە بە قســـەکردن دەکرێت، بەڵام ئـــەم کارە وەك کارێکـــی ســـتراتیژی ئامانجێکی هەیە، ئامانجەکەشـــی ئەوەیە هەمـــوو لایەك بە تێگەیشتن بەپێویستی چارەسەرکردنی ئەو کێشـــەیە یان ئەو کەموکورتیە قانع بکات و دواتریش پێکەوە هەوڵی چارەســـەرکردنی بـــدەن، لەم چوارچێوەیەدا ڕەخنە کارێکە بۆ چارەســـەرکردنی کێشەو کەموکورتیەکان بە ڕێگەی لێکتێگەیشتن.

٢- هەقیقـــەت یان ڕاســـتی بە تەنیا لای لایـــەك نییە، بەڵکو ڕاســـتی و هەقیقەت ئەوەیـــە کە کـــۆی بۆچوونە جیـــاوازەکان لەســـەری دەگەنە کۆدەنگی، بۆیە ئەگەر ئـــەم کۆدەنگیە دروســـت نەبـــوو، مانای وایە هەموو ئەو ڕاســـتی و هەقیقەتانەی بانگێشەیان بۆ دەکرێت ڕاستی و هەقیقەتی ڕێژەیین.

### خەڵك چۆن هاوکاری حکومەتی خۆی دەکات؟

حکومـــەت لە سیســـتمی دیموکراتیدا ئەو دامەزراوەیە کە بەرنامەی حزبێکی سیاسیی یان هاوپەیمانێکی سیاســـیی لەنێوان دوو خولی هەڵبژاردن جێبەجێ دەکات، ئەمەش مانـــای ئەوەیـــە خەڵك چۆن بـــە متمانە بەخشـــین بـــە حزبێك یـــان هاوپەیمانێکی سیاســـی بۆ ئەوەی حکومەت پێکبهێنن، بەهەمان شێوە بە متمانە لێسەندنەوەش ئەو حکومەتە بەشێوەیەکی ئاشتیانە ئاڵوگۆڕی

> **حکومەتداری لە کۆمەڵگەی دیموکراتی ئەرکێکی مەرجدارە بە ئاستی تێگەیشتنی نێوان خەڵك و حکومەت و ئەگەر ئەم لێکتێگەیشتنە ناهاوسەنگی تێکەوت، ئەوا باری حکومەتەکەش لاسەنگ دەبێت**

پێدەکرێت، کەواتە ئەم هاوکێشـــە ســـادەیە چەنـــد ڕاســـتیەکی گـــەورە و گرنگمان بـــۆ ئاشـــکرا دەکات، بەوەی دەســـەڵاتی سەرەکی لە کۆمەڵگە دەسەڵاتی خەڵکە و دەبێت هەمـــوو کارەکانیش بۆ خزمەتی ئەو خەڵکـــە بێت، هەروەها ئەمـــە پێمان دەڵێت حکومەتداری لـــە کۆمەڵگەی دیموکراتی ئەرکێکی مەرجدارە بە ئاستی تێگەیشتنی نێوان خەڵـــك و حکومـــەت و ئەگەر ئەم لێکتێگەیشتنە ناهاوسەنگی تێکەوت، ئەوا بـــاری حکومەتەکەش لاســـەنگ دەبێت، بۆیە ئەم ئاڕاستەیە پێمان دەڵێت هەنگاوی یەکەم بۆ بەردەوامی لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵـــك و حکومەت، دەکەوێتە سەرشـــانی حکومەت، لەبەر ئەوەی خەڵك کە بەرنامەی حکومەتی قبوڵ کردووە، لەوە تێگەیشتووە چـــۆن متمانەی خـــۆی بـــەو حکومەتە بەخشـــیوە، هەر بۆیە مافی خۆشیەتی لە نزیکەوە ئاگاداری چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە بێـــت، لەمەش زیاتر مافی خۆیەتی بـــۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە ڕاوێژی خۆی بکاتە پیشـــنیار یان بەدیلی دیکە بـــۆ جێبەجێکردنی ئـــەو بەرنامەیە ئاراســـتەی حکومەتـــی خـــۆی بکات و خۆیشی بەشـــدار بێت لە جێبەجێ کردنی بەرنامەکە.

ئەوەی تائێســـتا لە کابینـــەی حەوتەمی هەرێمـــی کوردســـتان دەبینرێـــت، ئەوەیە هـــەم لەســـەرۆکایەتی حکومـــەت واتە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی هەروەها لەســـەر ئاســـتی هەر وەزارەتێکیش بەجیا، وەرچەرخانێکی دیار بەرچاو دەکەوێت، کە زۆر جەخت لەســـەر گوێگرتن لە خەڵك و چوونە ناو خەڵك دەکەنەوە، لەمەش گرنگتر ئەوەیـــە گوێگرتن لە خەڵك و ســـەردانی مەیدانی کۆی ئەندامانـــی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ناو خەڵـــك، دەکرێتە بەرنامەی موناقەشـــەکانی ئەنجوومەنی وەزیران و لە ڕوانگـــەی خواســـت و داواکاری خەڵکەوە دینامکیەتێـــك لـــە شـــێوازی بەرنامەی کابینەکە دروست بووە، کە ئەم دینامیکیەتە بۆتە هۆکاری ئـــەوەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر خەڵك و حکومـــەت لەیەکتری نزیك ببنەوە، لەمەش زیاتر خواســـت و داواکاری خەڵـــك و کەموکورتیەکانـــی کۆمەڵگە لە کاریگـــەری حزبی و ئایینی و ئیتنی بێنە دەرەوە، ڕاشکاوانەتر ئەم کابینەیە بەو جۆرە سەیری خواست و پێداویستی هاووڵاتیان و کۆمەڵگـــە ناکات، بەوەی ئەم کەموکورتیە لایەنێکی ئۆپۆزســـیۆن وروژاندویەتی یان خەڵك، بەڵکو بەوجۆرە سەیری ئەو ڕەخنانە دەکرێت کە کەموکورتیەکان دەخەنەروو، بەوەی ئایا ئەم کەموکورتیە بوونی هەیە یان نە ؟ ئەگەر بوونی هەبوو، ئەوا ئەرکی حکومەت ئەوەیە بزانێـــت چۆن ئـــەم کەموکورتیانە چارەســـەر بکرێـــت لە چوارچێـــوەی ئەو ئیمکانیەتەی لەبەردەســـتیەتی، بۆیە لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم هەنگاوەی حکومەت بـــۆ گوێگرتن لەخەڵـــك هەڵیگرتووە بۆتە بنەمایەکی سەرکەتوو بۆ دروستبوونی ئەو لێکتێگەیشتنەی کە پێویستە لەنێوان خەڵك و حکومەت هەبێت؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە لەسەر دوو ئاست دەدرێتەوە، یەکەمیان ئەوەیە بەڵێ ئەم هەنگاوە بۆتە ســـەرەتایەك بۆ دروستبوونی ئەم لێکتێگەیشتنە، بەڵام

لەسەر ئاستی دووەم ئەگەر بڵێین ئەو لێکتێگەیشتنە پێویستە دروست بووە، ئەوا دەکرێت بڵێین ئەم حاڵەتە وەك پێویست دروست نەبووە، لەبەر ئەوەی نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی خەڵك لەچوارچێوەی ئیمکانیەتی حکومەت جارێکی دیکە خواستەکانی خۆی موناقەشە بکاتەوەو لەبەر ڕۆشنایی ئیمکانیەتی بەردەست چارەسەر یان پێشنیاری پێویستی بۆ بخاتە ڕوو، لە سەر ئاستێکی دیکە بەشداری ڕاستەوخۆی هاووڵاتیان نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی لە فەزا گشتیەکاندا موناقەشە لەسەر پرسە گشتیەکان بکەن و بەدوای بەدیل و چارەسەری گونجاو بگەڕێن.

## ئامانجی هاوبەش
## وەك زەمینەیەك بۆ تێگەیشتنی هاوبەش

زەمینەی گونجاو بۆ تێگەیشتنی هاوبەشی نێوان خەڵك و حکومەت، هێندەی بەردەوامی وتووێژی نێوان خەڵك و حکومەت گرنگە، ئەمەش بەو مانایەیە دەبێت چوارچێوەیەك بۆ وتووێژی نێوان خەڵك و حکومەت دروستبکرێت تیایدا ئامانجە هاوبەشەکانی خەڵك و حکومەت پێکەوە کۆبکاتەوە و لەئاکامی هاودەنگ بوونی حکومەت و خەڵك، هەردوولا حکومەت و خەڵك یەك ئامانجیان بۆ دروست بێت و پێکەوە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە هاوکاری یەکتری بکەن، هەر بۆ نموونە لەم ژمارەیەی گوڵاندا پرۆفیسۆر سیروان بابان وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەکردووە هەموو هەفتەیەك ڕۆژێکی تەرخانکردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ جووتیاران کۆبێتەوە و بزانێت گیروگرفتی جووتیاران چییە بۆ ئەوەی هەوڵبدات بۆیان جێبەجێ بکات، ئەمە وەك هەنگاوی یەکەم هەنگاوێکی گرنگە وەزارەتی کشتوکاڵ لەبەر ڕۆشنایی گرفتەکانی جووتیاران هەنگاو بۆ پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ هەڵبگرێت، بەڵام لەمە گرنگتر ئەوەیە جووتیارانیش بۆ چارەسەری گرفتەکان بەشداری پێ بکرێت و هانبدرێن پێشنیاری بەسوود و پراکتیکی و بەدیل پێشکەشی وەزارەتی کشتوکاڵ بکەن، یان ئێستا یەکێك لەبەرنامەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەرەپێدانی کەرتی گەشت و گوزارە و بە ئامانجی ئەوەی پیشەسازی گەشتوگوزاری ببێتە سەرچاوەیەکی دیکەی داهات لە کوردستان، دەبێت گوێ لەو خەڵکانە بگیرێت کە لەبواری ئەم کەرتە ئیش دەکەن، هەروەها دەبێت لەو گەشتیارانەش پرسیار بکرێت کە دێنە ئەم هەرێمە پاشان دیراسەتی ورد بکرێت لەسەر ئاستی داهاتی بەشی زۆری ئەو گەشتیارانەی دێنە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە سەرنجی گەشتیاران ڕابکیشرێت و بێنە کوردستان، لەمەش زیاتر ئاستی گەشتیاری لە هەرێم بەرز بکرێتەوە بۆ ئاستی گەشتیاری ئیقلیمی و شوێنە گەشتیارییەکانی هەرێم گرێبدرێتەوە بە شوێنە گەشتیارییەکانی سەرتاسەری ناوچەکەوە، لەبواری پەرەپێدانی پیشەسازی خۆماڵی کە ئەویش خاڵێکی دیکەی بەرنامەی کابینەی حەوتەمە بۆ پەرەپێدانی

**بەشداری ڕاستەوخۆی هاووڵاتیان نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی لە فەزا گشتیەکاندا موناقەشە لەسەر پرسە گشتیەکان بکەن و بەدوای بەدیل و چارەسەری گونجاو بگەڕێن**


کەرتی پیشەسازی خۆماڵی، گرنگە ئەو خەڵکانەی کە خاوەنی پیشەسازی بچووك بوون و ئێستا ناتوانن بەهۆی بەستنەوەی کوردستان بە بازاڕەکانی جیهانەوە درێژە بەو پیشەسازییەی خۆیان بدەن، هەم ڕاوێژیان لەگەڵ بکرێت هەمیش پێشنیارەکانیان لەبەرچاو بگیرێت بۆ ئەوەی خەڵك لەبوارە جیاجیاکاندا بەشداری لەگەڵ خۆی بکات، ئەم شێوازە کە ئێستا وەك دەبینرێت لە شێوازی کارکردنی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەنگدانەوەی هەیە، ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانی کردۆتە یەك تیم بەشێوەی تیم لەیەك کاتدا دیالۆگ و وتووێژ لەگەڵ سەرجەم بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دەکات، ئەم شێوازە فرە لایەن و فرە ڕەهەندیەش بواری ئەوەی ڕەخساندووە کە ڕۆشنبیران و پسپۆرانی بوارە جیاوازەکان بچنە ناو ئەو فەزا گشتیەی کە خەڵك موناقەشە و وتووێژ لەسەر پرسە گشتیەکانی خۆیان دەکەن، بە تێگەیشتن لەیەکتر و لەگەڵ حکومەت هەنگاوەکانی ئایندە دیاری دەکەن.

## کاری ستراتیژی
## نیوان خەڵك و حکومەت

جێبەجێکردنی بەرنامەی هەر حکومەتێك بەندە بەو ژینگەیەی حکومەت تیایدا کاردەکات و ئیمکانیەتەکانی بەردەستی بەرێکوپێکی هەڵدەسوڕێنێت، ئیمکانیەتی بەردەستی حکومەتیش تەنیا بودجە و داهات نییە، لەبەر ئەوەی بۆ وڵاتێکی وەك هەرێمی کوردستان کە وڵاتێکی تازە پێگەیشتووی دوای شەڕ و پشگوێ خراو بووە، ئەوا بودجە و ئیمکانیەتی دارایی بەردەستی حکومەت هەرچەندێك بێت، ئەوا هێشتا پێداویستی خەڵك و کۆمەڵگە بەو ئیمکانیەتە زیاترە، بۆیە لەم حاڵەتەدا پێویستە ئیمکانیەتی بەردەستی حکومەت لەسنووری داهات و بودجە بێتەدەرەوە و لەچوارچێوەیەکی فراوانتردا پێناسە بکرێت، لەم چوارچێوە فراوانەشدا خەڵك گەورەترین سەرمایە و ئیمکانیەتی بەردەستی حکومەتە کە دەتوانێت بە بەشداری و هاوکاری ڕاستەوخۆی لەگەڵ حکومەتی خۆی زۆر لایەنی کەموکورتی داهات و دارایی پڕبکاتەوە، لەمەش زیاتر جوڵەیەك بخاتە ناو کۆمەڵگەوە، کە کۆمەڵگە لە کۆمەڵگەیەکی متبووەوە بگۆڕێت بۆ کۆمەڵگەی چالاك، کۆمەڵگەی چالاکیش واتە ئەو کۆمەڵگەیەی کە دەتوانێت ئەو ئیمکانیەتەی لەناو کۆمەڵگە هەیە بە جوانترین شێوە و بە باشترین شێواز بۆ بەرژەوەندی گشتی هەڵسوڕێنێت، ئەم هەڵسوڕانەش پێویستی بەکاری ستراتیژی نێوان خەڵك و حکومەت هەیە، بەو مانایەی کە پێویستە پێکەوە هەنگاو هەڵگرتن و پێکەوە ڕاوێژکردن و هاوکاری نێوان خەڵك و حکومەت بەردەوامی هەبێت، ئەم بەردەوامیەش ئەگەر لەلایەکەوە بەشداری خەڵك لە پرۆسەی سیاسیی بەرەو هەڵکشان بەرێت، ئەوا لەسەر ئاستی بونیادنانەوە و پەرەپێدان دەگۆڕێت بۆ پەرەپێدانێکی بەردەوام، کە هەموو کۆمەڵگەیەك لە پەرەپێدان گرنگتر پێویستی بە پەرەپێدانی بەردەوام هەیە.

جێر ماکی بۆ گوڵان:

# پەروەردە لایەنێکی گرنگە لە پرۆسەی وتووێژی هاووڵاتیان لەناو




**پرۆفیسۆر جێر ماکی ئوستادی تیۆری سیاسەتە لەزانکۆی پەنسنفانیا و تایبەتمەندە لە تیۆری سیاسەتی هاوچەرخ و مێژووی سیاسەت و بەشداری سیاسیی هاووڵاتیان لە سیستمی دیموکراتیدا، سەبارەت بە بەشداری خەڵك لە پرۆسەی سیاسی و هاریکاری لەگەڵ حکومەت، لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

((پێش هەمووشتێك، حکومەت چەند زیاتر وەڵامدەرەوە بێت، ئەوە هاووڵاتیان زیاتر هاندەریان دەبێت بۆ بەشداربوون، بۆیە ئەگەر حکومەت بەپێی پێویست وەڵامدەر نەبێت ئەوە ڕێژەی بەشداربوونی هاووڵاتیان بەو ئاستە نابێت، بۆنموونە لەنێو دیموکراسییەتە پێشکەوتووەکاندا، ئەمریکا نزمترین ئاستی لە ڕێژەی بەشداربوونی دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکان هەیە و هۆکاری ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە پێداویستییە دەستوورییەکانی ئەمریکا بۆتەهۆی ئەوەی ئاستێکی نزمتر لە وەڵامدانەوە لەلایەن حکومەتەوە لەبەرامبەر هاووڵاتیان دروست بێت و ئەمەیش بۆتەهۆی ئەوەی ڕێژەی بەشداربوونی دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکاندا نزمتر بێت لە ڕێژەی بەشداربوون لە وڵاتانێك وەکو بەریتانیا و فەرەنسا، لە

پاول وایتمان بۆ گوڵان:

# دەبێت زەمینەی ئەوە دروست بکرێت خەڵک چۆن بەشداری پرۆسەی سیاسی دەکات و چۆن دەتوانێت لەسەر پرسە گرنگەکان وتووێژ دەکات



**پرۆفیسۆر پاول وایتمان ئوستادی فەلسەفەیە لە زانکۆی نۆرس داما و پسپۆر و تایبەتمەندە لەبواری فەلسەی سیاسی لیبرالیزم و دیموکراتی راوێژکاری و بەشداری خەڵك لە پرۆسەی سیاسیی، بۆ قسەکردن سەبارەت بە راوێژی هاووڵاتیان لە فەزای گشتی و چۆنیەتی بەشداری هاووڵاتیان لەپرۆسەی سیاسیدا، لە لێدوانێکی تایبەتدا پرۆفسیۆر وایتمان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

(( ئەوەی من لە دیموکراسیەتی ڕاوێژکاری تێگەیشتبم، ئەوا-بەلای کەمەوە- دەرفەتگەلێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی خەڵکی بەشداری لەکاروباری گشتیدا بکەن و و پرس و ڕاوێژ بکەن لەبارەیانەوە و بیروباوەڕی خۆیان بگەیەننە حکومەت، کە پێویستە حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی هانی ئەم کارە بدەن و هەروەها دەبێت سەرچاوەی پێویست دابین بکرێت بۆ ئەوەی ئەمە ڕووبدات، ئەمە زۆر گرنگە، لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان و هەروەها لە وڵاتە گەشەکردووەکانیشدا. لە کۆمەڵگەکەی ئێمەدا- ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژیم، ئەوا سیمای ئەم کۆمەڵگەیانە بریتییە لە دوورخستنەوەی خەڵکی لە حکومەت لەبەر ئەوەی سیاسەت وەك یاری تۆپی پێ یان بەیسبۆڵی لێهاتووە، نەك ئەوەی خەڵکی بەشداری تێدا بکەن لەسەر ئاستی نەتەوەیی. کەواتە پێموایە دیموکراسیەتی ڕاوێژکاری زۆر گرنگە، و پێموانییە دژ بوەستێتەوە لەگەڵ دیموکراسیەتی لیبراڵیدا. لەبەر ئەوەی دیموکراسیەتی لیبراڵی پەیوەستە بە دەستەبەرکردنی مافەکان و پێداویستیە ماددیەکان و هەل و مەرجە پەروەردەییەکان، کە دەبێت ئەم هەل و مەرجانە بهێنرێنەدی بۆ ئەوەی دیموکراسی ڕاوێژکاری بەردەوام بێت. بە دڵنیاییشەو یەکەم هەلومەرجی پێویست بۆ زیادکردنی ئاستی بەشداری سیاسی، بریتییە لە مافی بەشداری سیاسی، بەشداری سیاسی بە ئازادانە. کەواتە یەکێك لە مەرجەکان بریتییە لە زەمانەتکردنی ئازادی بەشداریکردن، ئەمەش بریتی نییە لەوەی تەنیا توانای دەنگدانت هەبێت و توانای دەنگ بەرزکردنەوەت هەبێت، بەڵکو پێویستی بەوەدەکات توانای دەستڕاگەیشتن بە زانیاریە سیاسیەکانت هەبێت، زانیاری دەربارەی سیاسەت بە شێوەیەکی گشتی، زانیاری دەربارەی ئەدای حکومەت و ڕەخنەگرتن لێی. ئەمەش پێویستی بە ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی ڕۆژنامەگەری هەیە- بە تێگەیشتنی بەرفراوان لەم ئازادیانە، بەڵام ئەمانە بەس نین،



جەیمس بۆهمان:

# دیموکراتی راوێژکاری جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی وتووێژی گشتی و راستەوخۆ لەسەر کێشە و مەسەلەکان ئەنجام بدرێت

**پرۆفیسۆر جەیمس بۆهمان ئوستادی فەلسەفە و سۆسیۆلۆژیایە لە زانکۆی سانت لویس و تایبەتمەندە لەبواری تیۆریی رەخنەیی و دیموکراتی و بەشداری هاوولاتیان، سەبارەت بەم لایەنە و لەلێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە پرۆفیسۆر جەیمس ڕای خۆی بۆ گولان دەربڕی:**

(( تاکە رێگە بۆ قسەکردن لەبارەی بەشداری هاوولاتیان لەپرۆسەی سیاسیدا تەنیا لەڕێگەی پڕۆسەیەکە کە پێی دەوترێت دیموکراسییەتی راوێژکاری – «Deliberative Democracy»،



هەربۆیە بەڕای من چۆنیەتی بەزاندنی ئەو کێشەوگرفتانە بریتییە لە گرتنەبەری مومارەسەی راوێژ بۆئەوەی هاوولاتیان بتوانن راستەوخۆ، نەك ناڕاستەوخۆ، بەشداری لە کاروبار و مەسەلەکان بکەن، بۆیە بەڕای من دیموکراسییەتی راوێژکاری سوودی هەیە بەهۆی جەختکردنەوەی لەسەر مەسەلەی وتووێژی راستەوخۆ و لەئاکامیشدا دەبێتەهۆی ئەوەی وتووێژی گشتی و راستەوخۆ لەسەر کێشە و مەسەلەکاندا ئەنجام بدرێت، مومارەسەی راوێژپێکاری لە چەندین ولات پیادەکراوە، بۆنموونە کەنەدا و بەڕیتانیا کە باش و کاریگەر بوو لە چارەسەرکردنی کێشەی هاوشێوە. هەربۆیە بەڕای من ئەمە دەبێتەهۆی بەشداربوون لە پرۆسەی سیاسی بە رێژەیەکی زیاتر و هەروەها دەبێتە مایەی هاتنەدیی ئەنجامی سیاسیی باشتر، بەلام ئەمەیش پێویستیی بەوە هەیە کە بەشداربوونی راستەقینە لە پرۆسەی سیاسیدا هەبێت و پێموایە کە ئەمە ئامانجی دیموکراسییەتی راوێژکارییە.

## فەزای گشتیدا

لایەنێکی دیکەوە پێویستە بەشداری خەلك بخرێتە ناو پرۆگرامی خوێندن لە قۆناغەکانی سەرەتایی و دواناوەندی، لەبەرئەوەی هاوولاتیان نازانن چۆن بەشداری بکەن و هیچی لەبارەیەوە نازانن، هەروەها حکومەتی فیدرالی بوار بۆ هاوولاتیان فەراهەم دەکات فێر بن لەبارەی بەشداربوون لەسەر ئاستی حکومەتی لۆکال. هەربۆیە راوێژ گرنگە هەروەها دەنگدانیش گرنگە، بەلام پێموایە پەروەردە لایەنێکی گرنگە لە پرۆسەی وتووێژی هاوولاتیان لەناو فەزای گشتیدا )).

چونکە دەبێت خەلکی بزانن چۆن بەشداری بکەن، بەلام چۆن ئەمە ڕوودەدات؟ ئەمە بە شێوەیەکی بەرچاو لە کۆمەلگەیەکەوە بۆ کۆمەلگەیەکی دیکە جیاوازە، بۆ نموونە لە ئەمەریکا، بەلای کەمەوە لە نێو هەندێ لە خەلکی ولاتەکەدا، کلێساکان زۆر گرنگن بەوەی وا لە خەلکی بکەن بایەخ بە بەشداری کردن بدەن و فێریان بکەن چۆن ئەم کارەبکەن و زانیاری سیاسیان پێبدەن و خەلکی فێری مەهارەتی سەرکردایەتیکردن بکەن، لە کۆمەلگەکانی دیکەدا، ڕێکخراوە کرێکاریەکان گرنگن، لە هەندێ کۆمەلگەی دیکەدا ڕێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی گرنگن، واتە دەبێت ڕێکخراوگەلێك هەبن کە پەیوەست نەبن بە حکومەتەوە و خەلکی فێری چۆنیەتی بەشداریکردن بکەن و هانی بەشداریکردنیان بدەن. هەروەها ئەو خەلکانەی کە هاوبیروبۆچوونن ئەوانیش بەشداری بکەن. هەروەها دەبێت خەلکی پەروەردەبکرێن، بەچەشنێك بتوانن لە زانیاریە سیاسیەکان تێبگەن. بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە هەلسەنگاندنی بۆ بکەن. ئەو کاتە ئاستێکی باشی بەشداریکردنت دەبێت )).

# سەرووەریی کۆمەڵگا لەبڕیاردان و بنیادنانی نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستان

## Public Centeredness in Decision Making and Nation Building in Kurdistan Region

**بە گشتی تاکێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەگمەن سەرکەوتوو دەبێت لە وەبەرهێنان و تازەکاری و پێشخستن لە کۆمەڵگاکەی خۆیەوە، بەڵام نموونەی ئەوانە زۆرن کە بە هەر شێوازێک دەرباز بووبن بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو، توانیویانە سەرکەوتن بەدەست بهێنن نەک تەنیا لەسەر ئاستی تاک بەڵکو دەستکەوتەکانیان و تازەکاریەکانیان لەسەر ئاستی جیهاندا دەنگیان داوەتەوە.**

**ئەمەش ئەو ڕاستیانە دووپات دەکەنەوە کە پێوەری جوگرافی کاریگەر نییە لە ئاستی بەهرەداریداو ئەوەی کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاوشێوازەکانیان بە کۆیلەیی هێشتۆتەوە ئەو سیستم و یاساو ڕێسا کۆمەڵایەتیانەیە کە بەسەریاندا سەپێنراوە و لە ژێر سێبەریاندا دەژین.**

**لێرەدا باس لە سیستمی مووچە دەکەین لە کەرتی گشتیدا وەک یەکێک لە ئامێرە سەرەکیەکانی سەپاندنی سالاری یان خزمەتکاری لە بەینی حکومەت و کۆمەڵگادا.**



د.جەمال ڕەسول محەمەد ئەمین*

خۆشبەختانە لەم چەندساڵانەی ڕابردوودا گەلێک هەنگاوی گەورە نراون کە بە هۆیانەوە هەرێمی کوردستان پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە و بە ڕادەیەکی دیار لە بەشەکانی دیکەی عێراقی جیا کردۆتەوە. ئەمەش لە کاتێکدا خەونی گشت کوردستانیەکی دڵسۆزە بە خاک و نیشتیمان، بارۆمەتری مەترسی لای ناحەزانی بەرز کردۆتەوەو لە دۆزینەوەو قۆستنەوەی فرسەتدان بۆ تێکدانی. هاوکات، ئەگەر ئەو پەری وریایی نەخرێتە گەڕ، وەک گشتمان دەزانین ڕووخاندنی خەونەکانمان زۆر ئاسانتر دەبێت لە بنیادنانەکەی کە وەک گەلێک لە وتەبێژان ئاماژەی پێ دەکەن بە خوێنی هەزاران لاوانمان هاتۆتەدی.

سەرەڕای گشت ئەو کارە پیرۆزانەی کە تا ئێستا بە ئەنجام گەیەنراون، کەموکوڕیەکی زۆر هەن کە گەلێکیان دەرئەنجامی تاڵان کردن و بەکارهێنانی سەرمایە سروشتیەکانمان بوون لە لایەن ناحەزانمانەوە بۆ کاول کردنی ماڵی کوردی و ئەمانەش ئاسەوارێکی قووڵیان لە دەروونی کوردستانیاندا بەجێهێشتوە. واتە کۆمەڵگاو گەنجانی ئەمڕۆمان پاشماوەو دەرئەنجامی زیاد لە سی (٣٠) ساڵ حوکمڕانی چەوتن کە تێیدا زیاد لە چوارهازارو پێنج سەد گوندی وێرانکراو و هەڵەبجەو ئەنفالکراوان و زیندەبەچاڵ کراوان و ڕاگوێزراوانن و هەر ئەمانەش گرژیەکی وایان لە بیر و بۆچوونی کۆمەڵگادا بەجێ هێشتووە بۆ دژایەتی دەسەڵات کە بە ئاسانی ڕیشەکێش نابن. دەرباز بوون لەم تەوقە کاری تەنیا لایەن و توێژێک نییەو کۆمەڵگا بەگشتی بەرپرسە لێی. هەر وەک ڕۆژێک لە مێژوودا مارتن لوپەر کینگ بە جەماوەری ڕاگەیاند: من خەونێکم هەیە، دەبێت کۆمەڵگای کوردستانی ئەمڕۆ دەست لەناو دەست پێکەوە بڵێن ئێمە خەونێکمان هەیەو کاری بەجێ بکرێت بۆ بەدیهێنانی. ئەمەش پێویستی بە ئەوپەڕی هوشیاری و هەستی لەخۆبوردن هەیە لە گشت توێژەکانی کۆمەڵگاکەمانەوە تا بتوانین بە هاوهەستی و هاودەنگی و هاوڕەوتی چارەنووسمان بەرەو کەناری ڕووناکی ببەین.

پاراستنی ئەم ئەزموونەش تەنیا بە کرداری زانستیانە دەبێت. بە تایبەتی لە کاتێکدا کە بەشەکانی کۆمەڵگای کوردستانی بە دامودەزگای حکومەت و حزبە سیاسیەکان و زانکۆکان و ڕۆشنبیرانی




زانستی و کۆمەڵایەتی و چین و توێژی هەژارو کاسبکاران و قوتابی و خوێندکارو جوتیاران و ڕۆژ بەدوای ڕۆژ لە یەک دوور دەکەونەوەو هەتا خوا نەخواستە وای لێ دێ هەرلایەنەی لە شێوێکدا خۆی دەبینێتەوە کە هیچ لەوانی دیکەی لێوە دیار نابێت.

بەربەستی ئەم سیناریۆ ناهەموارەش کارێکی ئاسان و سادە نییە لە کاتێکدا کە تەوژم و شێوازی گۆڕانکارییەکان لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە میدیاکاندا بەدی دەکرێت و بەنداوی قینی کۆمەڵگا و بێ بەشییان لە بڕیارداندا تەقیوەتەوەو بڕیاردەرانی ڕامالیوە.

**ئەزموونی وڵاتە سەقامگیرەکان**

دەیان ساڵ لەمەوبەر وڵاتە پێشکەوتوەکان کەوتنە بەرپاکردنی یاسایەک لە ژێر دروشمی سەروەری نەخۆشدا (Patient Centeredness) کە چیتر ئەوەی پزیشکان بە شیاویان دەزانی بۆ چارەسەری نەخۆشەکە نەیاندەتوانی بەسەر نەخۆشەکەیدا بسەپێنن لە ڕێگای چارەسەری نەخۆشییەکەیدا بەڵکو تەنیا بۆیان هەبوو پێویست بوو لە سەریان کە پلانەکەیان بە ڕاشکاوی بۆ نەخۆشەکە ڕوون بەکەنەوە و ئەگەر و پشکە (choice) جیا جیا کانی بە وردی بخەنە بەر چا و بڕیاردان لە سەر هەنگاوی داهاتوو تەنیا لەدەستی نەخۆشەکەدا بێت و هەرچی بڕیارێک بدرێت بە فەرمی بچەسپێت. ئەم کردارە نەک تەنیا ئاستی زانستی و هوشیاری نەخۆشەکەی بەرز کردەوە، بەڵکو پێوەندی بەینی نەخۆش و پزیشکی بە ڕادەیەکی باش بەهێزتر کرد و تەنانەت پزیشکانیشی پاراست لە هەر ئەگەرێک کە دادگا تاوانباریان بکات ئەگەر پلانی چارەسەرکردنی نەخۆشەکە سەرکەوتوو نەبوو. هەروەها بەرپاکردنی ئەم یاسایە چەندەها دەزگای تەندروستی

**پێویستە توێژەکانی کۆمەڵگا بەشدارییەکی فراوانیان لە بڕیاردان و پلانەکاندا پێ بکرێت و زانیاری وردیش لەسەر بیروبۆچوونی توێژەکانی کۆمەڵگا ئەنجام بدرێت**

لە وڵاتەکانی ئەمەریکاو بەریتانیا پاراست لە مایەپووچی و بە ڕادەیەکی وا دیار سەرکەوتوو بوو کە ئێستا لە قەبارەی پێوەندی نەخۆش و پزیشک دەرچووە و گشت کۆمەڵگای گرتوتەوە. واتە، بەهەمان شێواز، باس لە سەروەری کۆمەڵگا (Public Centeredness) دەکرێت هەروەک لە هەرێم بە گەرمی سەروەری کۆمەڵگا دروشمێکە کە لە وتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆک وەزیراندا بە گوێی کۆمەڵگادا دراوە.

**سەروەری کۆمەڵگا**

هەرچەندە ئەم دروشمە لە دوو وشە پێکهاتووە، ناوەڕۆکەکەی گەلێک گەورەیە و بەرپاکردنی دەیان بەرابەر قووڵترو گەورەترە، بەڵام پاداشتەکەی هێندە بەرزە کە لەوانەیە خەونی گشت کوردستانیەکی دڵسۆزی زۆر بە زیادەوە تێدا بەدی بکرێت و لە گشت سامانە سروشتیەکانمان بەنرخ تر بێت، چونکە دەرئەنجامەکەی بەگەڕخستنی گشت توانا مرۆییەکان دەبێت بە کۆدەنگی و هاودەنگی و هاوبەشی لە دەرئەنجامی کردارەکانماندا بە چارەنووسی و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی و گشت تەوەرەکانی دیکەوە.

بەرپاکردنی ئەم ستراتیژە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بەوە دەستی پێ کردوە کە بە زانستیانەو بە بەردەوامی نرخی کار بۆ گشت توێژەکانی کەرتی گشتی و تایبەت دەخەملێنرێت لە کەمترین بڕە پارەی ڕۆژانە یان مانگانەوە کە لە سەروو هێڵی هەژاریەوە دەخەملێنرێت تا بەرزترین مووچە و هاووڵاتی بۆ خۆی سەرپشک کراوە لە بەڕێوە بردنیماڵی خۆی. بە بەراورد، لە بەشێک لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە هەرێم، حکومەت خۆی بەر پرس کردوە لە دابینکردنی بەشێک لە خۆراک و پێداویستیەکانی ژیان لە ئاوو کارەبا و بیمەی تەندروستی و تەنانەت هاتوچۆی کارمەندانی بۆ شوێنی کارو گەڕانەوەیان بۆ ماڵەوە بەڕادەیەک کە بە ڕاشکاوی دیارە کێ ئاغا یە و کێ مسکێنە. ئەم ڕێسایانەش ئەو کەشوهەوایە

**ئەوەی کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاوشێوازەکانیان بە کۆیلەیی هێشتۆتەوە ئەو سیستم و یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتیانەیە کە بەسەریاندا سەپێنراوە و لە ژێر سێبەریاندا دەژین**

دەهێنێتە کایەوە کە وەک لە کەلتووری عەرەبیدا دەڵێت «لا تفکر .. لها مدبر»، تاکەکان گرنگی بە بەڕێوەبردن و پلان دانان و بەرەوپێشبردنی بارودۆخی ژیانیان نادەن و لە ئەنجامدا ئەو ماتی و سستیە لە تازاکاری و پێشکەوتندا کە لە وڵاتەکانماندا وا بەڕوونی دێنەبەرچاو بە بەراورد لەگەڵ وڵاتە پێشکەووتوەکاندا کە ڕێساکایان نەک ڕێگا بە تاکەکان دەدات کە بەرپرسی تەواوی جۆیان بن بەڵکو بەرپرسیان دەکات لە بەڕێوەبردنی خۆیان.

ئەمەش، ئەوە دەسەلمێنێت کە پرۆسەی سەروەری کۆمەڵگا لە بڕیارداندا دەکرێ لە خوارەوە بۆ سەرەوە بنیاد بنرێت و لە ناو ماڵی کوردستانیەوە هەڵبقوڵێت و لە بازاڕو دوکانەکانماندا ڕەنگ بداتەوەو شارەکانمان بگرێتەوە لە ئاستی هەرێمدا و لە وێوە دەستنیشانی ڕەوتی هەرێم بکرێت لەگەڵ دەوربەرو ئەودیویانەوە. بەشێکی باشی ئەمانەش پێوەندیەکی پتەویان هەیە بە بارودۆخی ڕامیاری ئێستای هەرێم بەرانبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتەکانی دوور لە لایەک و پلەو ڕادەی زانستی کۆمەڵگای خۆمان و هاوبەشانمان و تەنانەت ئەوانەش کە بەردەوام چاویان تێبڕیوین لە لایەکی دیکەوە.

### پێشنیارەکان بۆ هەرێم

دەکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چەند گۆشەیەکەوە کار لەسەر کۆمەڵگای کوردستان بکات بۆ ئامادە کردنیان بۆ مانەوە و بەرز کردنەوەی توانستیان و ڕۆڵی مێژوویيان لە بنیادنانی داوارۆژێکی ڕوناکتر کە تێیدا کارەساتە ڕابردوەکانمان دووبارە نەبنەوە. لەو تەوەرە بنەڕەتیانەش لێرەدا باسی یاسای کار و کۆدەنگی و هاوبەشیی کۆمەڵگا دەکەین لە بڕیارداندا.

١. یاسای کار:

ئەم یاسایە پێوەندی ڕاستەوخۆی لایەنە پێوەندیدارەکان دادەڕێژێت و هەرلەو پلاتفۆرمەشەوەیە کە دەکرێت گشت توانستەکان و بەرنامەی بەڕێوەبردنی کارامە بخرێنەگەڕ بۆ بە دەستهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان بە کەمترین کات و تێچوو.

ئەوەی ئاشکرایە، لە وولاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تا ڕادەیەکی زۆر دیار، ئەم یاسایەو ڕێساکانی سەرکەوتوو نەبوون لە بەگەڕخستنی توانستەکان و بە پێچەوانەوە، تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بوون لە سەرکوت کردنیان و بەفیڕۆدانیان یان ڕاونانیان بۆ وڵاتانی دەرەوە.

بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیەش، هەڵسەنگاندنێک بۆ «نرخی کار» دەکەین وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا هاتووە:

| دوا بڕوانامە | یەکەم مووچە بە دیناری عێراقی (١٠٠٠) |
|---|---|
| بێ بڕوانامە | ١٤٠ |
| سەرەتایی | ١٥٢+١٥٪+دووساڵ زیاد دەبێت بۆ ١٨٥+١٥٦ |
| ناوەندی | ١٨٥+١٥٪+ چوار ساڵ |
| دوا ناوەندی | ٢٤٠+٢٥٪ |
| دبلۆم | ٢٦٠+٣٥٪ |
| بکالۆریۆس | ٢٩٦+٤٥٪=٤٢٩,٢ |
| دبلۆمی باڵا | ٣٦٨+٥٥٪ |
| ماجستێر | ٣٧٤+٧٥٪ |
| دکتۆرا | ٤٢٩+١٠٠٪ |

ئەوەی ئاشکرایە، مووچەیەکی بەو قەبارەیە بەشی ژیانێکی مام ناوەند بۆ خاوەنەکەی دابین ناکات لە کاتێکدا بۆ نموونە ئامارەکان وای نیشان دەدەن کە ناوەندی کرێی نیشتەجێیەکی دوو ژووری لە هەولێر ١٨٨٥٧٨دیناری عێراقیە. بە پێی ئەو خشتەیەی سەرەوە، ئەگەر تاکێک بەکالۆریۆسی تەواو کردبێت و دامەزرابێت و پێویست بێت ئەو بڕە پارەیە دابین بکات بۆ کەمترین بژێوی ژیانی خۆی و خێزانەکەی، ئەوا لە مووچەکەی کە ٤٢٩٢٠٠ دیناری عێراقیە، پاش کرێی خانوویەکی دوو ژووری، تەنیا بڕی ٢٤٠٦٢٤ دیناری بۆ دەمێنێتەوە کە گشت پێداویستیەکانی ژیانی پێ دابین بکات. بە هەمان شێوە، ئەمە ڕەنگدانەوەی جێگیرتری هەیە بۆ ئەوانەی کە پێش بەدەستهێنانی بڕوانامەی بکالۆریۆس هاوسەرگیری دەکەن یان بۆ هەر هۆیەک بێت نەیان توانیبێت ئەوبڕوانامەیە بەدەست بهێنن. ئەوەی شایەنی باسە، ڕێژەی ئەوانەی کە لە بڕوانامەی بەکالۆریۆس کەمتریان بەدەست هێنابوو لە ڕووپێوێکی خێزانی بەرفراواندا کە لە ساڵی ٢٠٠٧ لە هەرێم ئەنجام درا ٨٨,٢٪ بوو لە کۆی ٢٠٤٦٣ بەشداربووان لە هەرێم. ئەمەش کارمەندان وا لێدەکات کە پاشنیوەڕوان و شەوان، بەدوای کاردا بگەڕێن و هەر وەک ئاشکرایە، ڕێژەیەکی دیاری کارمەندان لە یەک کار زیاتریان هەیێت. بۆ نموونە، بە ڕۆژ مامۆستا بێت و بە شەو دوکاندار بێت یان کاری تەکسی گێڕان بکات و ئەوەش وا لە کارمەندەکە دەکات کە نەتوانێت بە پێی پێویست کارە سەرەکیەکەی بە ئەنجام بدات. نموونەی مامۆستاش لێرەدا بۆ ئەوەیە کە ڕێژەیەکی زۆری هاڵگرانی ئەو بڕوانامەیە مامۆستان و نەوە داهاتووەکان پەروەردە دەکەن و لاوازییان لە بە ئەنجامدانی کارەکانیان و پەروەردەکردندا داهاتووی وڵاتەکەمان بەرەو هەڵدێر دەبات.

**پێویستە ساڵ بەساڵ پێداچوونەوە بەئاستی مووچە بکرێتەوە کە هەڵاوسانی بازاڕو نرخەکان لەخۆ بگرێت**

دارشتنی زانستیانەی یاسای کار کە گشت بوارەکانی کار بگرێتەوە بە کەرتەکانی تایبەت و گشتیەوە و ئەم خاڵە سەرەکیانەی خوارەوە بگرێتە خۆی:

I. مووچەی دیاریکراو کە بەهای کار بەپێی بڕوانامەو ئەزموون بە تەواوی بگرێتە خۆی.

II. کارمەندی شیاو بۆ کاری شیاو و بە کێبڕکێیەکی بێلایەن بچەسپێت بێ هیچ جیاوازیەک.

III. یەک کارمەند یەک مووچەی هەبێت و ڕێگا نەدرێت بێ ڕەزامەندی هیچ کاری بەردەوامی زیادە بکات.

IV. بیمەی کارمەندان دابمەزرێت و گشت لایەنەکانی کەرت گشتی و تایبەت پابەند بکرێن بە بەشداری تێیدا.

V. خانەنشینی بە هاوتای وڵاتانی پێشکەوتوو کەرتەکانی تایبەت و گشتی بگرێتەوە و هەمان مەرجەکانی تێدا پەیڕەو بکرێت.

VI. ساڵ بە ساڵ پێداچوونەوە بە ئاستی مووچەدا بکرێت کە هەڵاوسانی بازاڕ و نرخەکان لەخۆ بگرێت.

VII. کارمەند بەرپرس بێت لە دابین کردنی گشت پێداویستیەکانی خۆی و خێزانەکەی.

VIII. تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بچەسپێت و تەنیا ئەوانە بگرێتە خۆی کە توانای بەدەستهێنانی هیچ داهاتێکیان نییە و بەبەردەوامی چاودێری و پشتگیری

بکرێــن بــۆ گۆڕانــی بارودۆخیان بۆ وەبەرهەمهێنەر.

**٢. هاوبەشی کۆمەڵگا لە بڕیارداندا**

بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان بەڕێژەیەکــی زیاد لە نۆرمە ســادەکان پێویســتی بە هاودەنگی و نزیکبوونەوە و هاوبەشــی هەیە. بۆ ئەم کارەش ڕێگای تاقیکراوەی زانســتی هەیە کە خۆم کارم تێدا کردوەو خوێندکارێکی پلەی دکتۆرام تێــدا سەرپەرشــتی کردووە کە ئێشــتا مامۆســتایە لە یەکێک لە زانکۆکانی بەریتانیــا. ئــەوەش پەیــڕەو کــردن و بەگەڕخستنی ڕێگای دێلفییە (Delphi Methodology) بــۆ بەدەســتهێنانی کۆدەنگــی لە دارِشــتنی پلانەکاندا بۆ چارەســەرکردنی ئەوکێشانەی کە ئێستا لــە میدیاکانــی هەرێمی کوردســتاندا باســیان لێ دەکرێــت و گرژیەکی وایان دروست کردوە کە ئەگەر بە زووترین کات چارەســەر نەکرێن، پێش ئەوەی بە خۆمان بزانین، دۆستەکانمان دەکشێنەوەو تەنانەت گومان لەوەشدا دەبێت کە جارێکی دیکە بڵێین تەنیا چیاکانمان دۆستمانن.

دەکرێــت ئەم ڕەوتە بەگــەڕ بخرێت بۆ هێنانە نــاوەوەو بایەخدان بە ڕاو بۆچوونی کۆمەڵــگا و بەدەســتهێنانی کۆدەنگی لــە دۆزینــەوەی چارەســەری بەجێ بۆ کێشەکان.

**چەنــد نمونەیەک لە کێشــەکان بێ ڕەچاو کردنی پلەی گرنگیان:**

١. بووژانــەوەو پەرەپێدانــی ژیانــی گوندەکان و کشتوکاڵ.
٢. کەمکردنەوەی جیاوازیی ڕەگەزی.
٣. بنبڕکردنی گەندەڵی.
٤. بەرزکردنەوەی ئاســتی زانستی لە خوێندنگاکانی هەرێم.
٥. کەمکردنەوەی بێکاری.

هەروەها دەکرێت گەلێک کێشەی کە بۆ ئەم لیســتە زیاد بکرێت و هەرچەندە هەندێکیــان کاری بەجێیــان بۆ ئەنجام دراوە بــەلام ئەگــەر ڕادەی هاوکاری و هوشــیاری کۆمەڵگا لێیان دیار نەبێت، کۆمەڵگا خۆی بــە خاوەنیان نازانێت و ســوودی بەئەنجام دانیان لە خواستماندا نابێت.

**شێوازی ئەنجامدان**

بەدەستهێنانی کۆدەنگی لە هەریەکێک لەم کارانەی ســەرەوەدا بەڕێگای دێلفی لەم ســێ هەنگاوە ڕاپرســیەی خوارەوەدا بەدەست دێت.

> **بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان بە ڕێژەیەکی زیاد لە نۆرمە سادەکان پێویستی بە هاودەنگی و نزیکبوونەوە و هاوبەشی هەیە**

هەنگاوی یەکەم: دەنگ و بۆچوونی توێژە جیا جیاکانی کۆمەڵگا بە شێوەی ڕاپرســی کۆدەکرێتەوەو توێژەری شارەزا دەرئەنجامی ڕاپرســیەکە شی دەکاتەوە بە شــێوەیەک کە زۆرترین و گرنگترین و هاودەنگتریــن تــەوەری جیاجیای لێ دەستنیشان دەکات.

شــێوازی پرســیارەکە: تکایــە بــە بۆچوونی بەڕێزتان، ســێ هەنگاو بڵێن کە بەبەرپاکردنیان کێشــە دیاریکراوەکە چارەسەر دەکرێت؟

هەنــگاوی دووەم: توێژەر دەرئەنجامی هاودەنگیەکــەی کە بــە وریایی خۆی و تیمەکەی بەدەســتی هێناوە دەیباتەوە بۆ ڕاوێــژ لە گەڵ هەمــان هاوکاراندا کە بەشــداریان لە دەنگدانی هەنگاوی یەکەمدا کرد تا بزانن تا چی ڕادەیەک ڕەزامەندن لە و تەوەرانەی دەستنیشانیان کردون.

شــێوازی پرســیارەکە: تکایە پلەی گرنگــی هەریەکێــک لــەم تــەوەرە دیاریکراوانــە دەستنیشــان بکــە کە بەبەرپاکردنــی کێشــە دیاریکراوەکــە چارەسەر دەکرێت.

ئەگەر لە ئەنجامی هەنگاوی دووەمدا کۆدەنگی بــەدی نەکرا، ئەوا بۆ جاری سێیەم (هەنگاوی ســێیەم) دەرئەنجامی ڕێزبەنــدی تــەوەرەکان لــە هەنگاوی دووەمدا، دەخرێتە بەر چاوی بەشــداران بۆ پێدا چوونــەوەی ڕاو بۆچوونیان پاش ئەوەی دەرئەنجامی ڕاپرسی دووەم دەبینن کە لێــوەی گرنگی هــەر یەکێک لە تەوەرەکان هەڵدەسەنگێنن و کۆدەنگی بە ئەنجام دێت.

دەرئەنجامی ئــەم کارەش بناغەیەکی پتــەو بەدەســت دێنێــت بــۆ گرتنی کۆنفرانسێکی بەرفراوان کە تێیدا نوێنەری کۆمەڵگا و پســپۆڕانی بوارەکە و یاسا ناسان تێیدا بەشدار بن بۆ دارِشتنی پلانی بەئەنجامدانی هەنگاوە دیاریکراوەکان.

**هەنگاوەکان**

١. پشــتگیری دامەزراندنــی کۆمپانیایەکــی ســەربەخۆ کــە تایبەتمەنــد بێت بە ڕاپســتی کۆمەڵگا (Opinion Pill) بــۆ کۆکردنــەوەی زانیاری بە شێوازێکی زانستیانە.

٢. پێکهێنانی لیژنەیەک لە پسپۆڕانی زانستی بە ئەزموون لە زانکۆکانی ناوەوەو دەرەوەی هەرێم بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لە سەر ئەو داتاو زانیاریانەی کە بە دەست دێن لە خاڵی یەکەمدا و ســوود وەرگرتن لەو داتــاو زانیاریانەی کە هەن لە داموو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دەستەی ئاماری هەرێمەوە.

٣. دارِشــتنی پلانــی بــە جــێ بۆ چەسپاندنی دەرئەنجامی توێژینەوەکان و چاودێری بەڕێوەچوونیان.

**دەرئەنجامەکان**

١. بەشداری توێژەکانی کۆمەڵگا لە بڕیاردان و پلانەکاندا.
٢. زیــاد بوونی هەســتی نەتەوایەتی هاووڵاتیان.
٣. زانیاری ورد لە سەر بیر و بۆچوونی توێژەکانی کۆمەڵگا.

**چەند سەرچاوەیەک**


Efstathio N (2005) Cancer Care in Greece. Unpublished PhD Thesis, University of Glamorgan (Director of studies, JRM Ameen);

Beech B. (1999) Go the extra mile - use the Delphi Technique. Journal of Nursing Management, 7: 281-288

Delbecq A. L., Van de Ven A.H. and Gustafson D.H. (1986) Group techniques for program planning: A guide to nominal group and Delphi processes. Andre L. Delbecq, USA


Faden R. and Beauchamp T. (1986) A history and theory of informed consent. Oxford University Press, New York



***پرۆفیسۆر لە ئاماردا**
**ڕاوێژکاری پێشکەوتوو لە وەزارەتی پلان دانان- حکومەتی هەرێمی کوردستان**



# کۆنگرەی پارتی داد و گەشەپێدان و کێشەی کورد



دۆغو ئەرگیل*

تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

**ئامادەبوونی مسعود بارزانی لە کۆنگرەی پارتی دادو گەشەپێداندا، بە بانگهێشتکردن و ئامادەبوونی لە نێو گرووپێك لە سەرکردە ئیقلمیەکاندا، بەمە حکومەتی تورکیا نیازی خۆی پیشانداوە بۆ بنیاتنانی هاوپەیمانێتیەکی ئیقلیمی کە بە ئاستێکی کەم پشت بە هێزە دەرەکییەکان ببەستێت، ئەمە پەیامێکی گرنگ بوو لە وڵاتێك کە پێشتر بارزانی و ئەو قەوارەیەی سەرکردایەتی دەکرد بە مەترسی بۆ سەر یەکێتی و یەکپارچەیی تورکیا لە قەڵەم دەدران، بەڵام حاڵی حازر هەرێمی کوردستان یەکێکە لە شەریکە سیاسی و ئابوورییە سەرەکیەکانی تورکیا و ئێستاش وەك ناوبژیوانێکی نێوان تورکیاو کورد لە خودی بارزانی دەڕوانن.**

لە کۆتاییداو لە یەك شەممەی ڕابردوودا کۆنگرەی پارتی دادو گەشەپێدان گرێدرا، کە ماوەیەکی زۆر چاوەڕوان دەکرا ساز بکرێت. دەرکەوتنە یەك لە دوا یەکەکانی سەرۆك وەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆگان ئاستی پێشبینیەکانی بەرزکردەوە، لە پێوەندیدا بە پێشنیارە نوێ و بووێرەکانیەوە کە بۆ ئایندەی وڵاتەکە خستنیە ڕوو.

ئەو خەڵکانەی بە دواداچوونیان بۆ ئەم ڕووداوە کرد تا ڕاددەیەك نائومێد بوون، چونکە (ڕەجەب تەیب ئەردۆگان) خۆی و پارتەکەی پابەند نەکرد بە هێنانەدی دەستکەوتێکەوە کە نەتوانرێت لە ماوەیەکی کورتدا بەدەست بهێنرێت. ئەمە ڕێگایەکی ژیرانەیە بۆ ئەوەی خەڵکی نائومێد نەکەیت لە پێش ئەو هەڵبژاردنانەی بڕیارە لە سێ ساڵی داهاتوودا ئەنجام بدرێن. هەڵبژاردنە شارەوانی، سەرۆکایەتی و گشتیەکان.

هەرچۆنێك بێت ئاماژە بە چەند پێشنیارێکی تۆکمەی کەم کرا بۆ چارەسەرکردنی کێشە قورسەکانی تورکیا لە نێویاندا کێشەی کورد. لەگەڵ ئەوەشدا، چاودێران نێوان دێڕەکان دەخوێننەوە و چاودێری هۆڵی کۆبوونەوەکان دەکردو چەند شیکردنەوەیەکیان بۆ کرد.
سەرەتا پێکهاتەی میوانەکانی دەرەوە ئاماژە بە مەیلێکی دیاریکراوی سیاسەتی دەرەوەی پارتی داد و گەشەپێدان دەکات، سەرۆکی میسر، موحەمەد مورسی، سەرۆکی قیرغزستان، ئەلمازبێك ئەتامبایاڤ،
سەرۆکی پەرلەمانی عێراقی فیدراڵی، ئوسامە نوجەیفی، جێگری سەرۆکی سودان عەلی عوسمان موحەمەد تەها، جێگری سەرۆك کۆماری عێراق تاریق ئەل هاشمی، سەرۆك وەزیرانی پەنجاب، میان شەهباز شەریف، سەرکردەی حەمماسی فەلەستین خالد مەشعەل و مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق. ئەوانەی نوێنەرایەتی ڕۆژئاواشیان دەکرد، سەرۆك وەزیرانی پێشووی ئەڵمانیا گیرهارد شرۆیدەر، کە دۆستی شەخسی سەرۆك وەزیران ئەردۆگانە.
ئایا ئەم وێنەیە چیمان پێدەڵێت؟ بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی سەرۆك وەزیران ئەردۆگان قسەیەکی کەمی کرد بۆ بووژاندنەوەی پێوەندییەکان لەگەڵ یەکێتی ئەوروپادا( ئەویش لەبەر ئەوەی سەرکردایەتی ئەم خولەی ئێستای یەکێتی ئەوروپا بە دەستی قوبرسی یۆنانەوەیە کە بە نیازی ڕێگرتنە لە هەر شتێك کە پێوەندی بە تورکیاوە هەبێت)، پێدەچێت ئەو پتر بەلای دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی بە تورکیا دایبشکێنێتەوە بۆ بنیاتنانی شەراکەتی ئابووری و هاوپەیمانێتی سیاسی.
لە ڕاستیدا ئەو قسەو باسەی لە وڵاتەکەدا باوە ئەوەی بەلاوە پەسەندە کە پێوەندیی نزیکتر لەگەڵ میسردا گرێبدرێت بۆ ئەوەی تورکیا و میسر هاوکاری یەکتر بکەن لە دووبارە دارشتنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر بنەماکانی مافی بڕیاردانی چارەنووس( کە ئەمە وەك بەرهەڵستیکردنی دەستێوەردانی دەرەکیی لێکدەدرێتەوە)، گەشەپێدانی ئابووری

**پێدەچێت ئەردۆگان بۆ بنیاتنانی شەراکەتی ئابووری و هاوپەیمانێتی سیاسی بەلای دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی نزیک بە تورکیا دایبشکێنێتەوە**

و بنیاتنانی ناوچەیەك کە کەلتورێکی ئیسلامی هاوبەشی هەبێت کە دەبێتە هۆی دروستبوونی هاوکاری و هەماهەنگی لەبری دوژمنایەتی و ناکۆکی.
کێشەی دووەم کە پەیوەستە بە تورکیاو دەوڵەتە دراوسێکانیەوە کێشەی کوردە. کوردەکان واقیعێکی ئیقلیمین، بەڵام دوای دروستبوونی دەوڵەتە-نەتەوەییە ئیتنیەکان ئەم واقیعە بە کێشەگۆڕاو کوردەکانیش دووچاری پەراوێزخستن بوون. دوای دەیانساڵی دوورو درێژی کاردانەوەو یاخی بوونی کوردەکان لە ئێستادا ئەو پرۆسەیە پێچەوانە دەبێتەوەو واقیعێکی سیاسی نوێ دەردەکەوێت لەسەر بنەمای هاووڵاتی یەکسان و نەتەوەگەراییەك هەمووان لە خۆبگرێت.
لە دوو توێی نامیلکەیەکدا کە لە کاتی وتارە دوو کاتژمێر و نیویەکەیدا دابەشکرا، بەڕێز ئەردۆگان بەڵێنی هەموو ئەمانەیدا. بەکارهێنانی زمانی کوردی لە کاروبارەکانی حکومەت و لە کاتی دادگاییکردنداو ئاماژەی بەوەکرد کە ئەمانە بەم زووانە ڕوودەدەن.
هەموو ئەمانە هەنگاوی باشن، بەڵام هێشتا بەرگریکردنی یاساییانە لە دادگاکاندا بە زمانی کوردی قەدەغەیە، ئەو کەسانەی وتاری سیاسی لەبارەی کوردەوە دەدەن دوچاری دادگاییکردنەوە دەبن، ناوی پارکەکان دەگۆڕێن لەبەر ئەوەی پیتی کوردیان لەسەرە. لە ڕاستیدا ئەوانە پیتی کوردی نین، بەڵکو لاتینین (وەك x،q،w) کە لە دوای بەکارهێنانی ئەلف و بێی لاتینیەوە لەلایەن ئیدارەی کۆمارییەکانەوە لە ساڵی ١٩٢٨دا، لابران.
لە ئێستادا هەموو ئەو گەمژەییانەی بوونەهۆی لەناوبردنی ژیانی خەڵکانێکی زۆرو حوکمی زیندانیکردن بۆ ساڵانێکی زۆر بۆ ئەو کەسانەی بەرگرییان لێدەکردن بەرەو کۆتایی دەچن و پێشبینی دەکرێت جۆرێك لە ئاساییکردنەوە ڕووبدات و بە شێکی پەروەردە بە زمانی کوردی لە قۆناخی سەرەتایی و ناوەندیدا بخوێنرێت.
پەیامێکی دیکەی گرنگ لە کۆنگرەدا بریتی بوو لە بانگهێشتکردنی بەڕێز بارزانی بۆ وڵاتێك کە لە ڕابردوودا خۆی و ئەو قەوارەیەی سەرکردایەتی دەکرد بە مەترسی بۆ سەر یەکێتی و یەکپارچەیی تورکیا لە قەڵەم دەدران، بەڵام هەروەك پەندێکی کۆنی تورکی دەڵێت لەو کاتەوە» ئاوێکی زۆر بە ژێر پردەکەدا ڕۆیشتووە.» حاڵی حازر هەرێمی کوردستان یەکێکە لە شەریکە سیاسی و ئابوورییە سەرەکیەکانی تورکیا و ئێستاش وەك ناوبژیوانێکی نێوان تورکیاو کورد لە

**کوردەکان واقیعێکی ئیقلیمین، بەڵام دوای دروستبوونی دەوڵەتە-نەتەوەییە ئیتنیەکان ئەم واقیعە بە کێشەگۆڕاو کوردەکانیش دووچاری پەراوێزخستن بوون. لە ئێستادا ئەو پرۆسەیە پێچەوانە دەبێتەوەو واقیعێکی سیاسی نوێ دەردەکەوێت لەسەر بنەمای هاووڵاتی یەکسان و نەتەوەگەراییەک هەمووان لە خۆبگرێت**

خودی بارزانی دەڕوانن بۆ ئەوەی ئەو کوردانە خیتابێکی سیاسی دژ بە تورکیایان نەبێت.
ئەمە یەکێکە لە گۆشەکان بۆ ڕوانین لە ئامادەبوونی مسعود بارزانی لە کۆنگرەی پارتی دادو گەشەپێداندا. بە بانگهێشتکردن و ئامادەبوونی لە نێو گرووپێك لە سەرکردە ئیقلمیەکاندا، حکومەتی تورکیا نیازی خۆی پیشانداوە بۆ بنیاتنانی هاوپەیمانێتیەکی ئیقلیمی کە بە ئاستێکی کەم پشت بە هێزە دەرەکیەکان ببەستێت، پەرە بە چەقێکی ئابووری و سیاسی نوێ بدات کە توانای کێشکردنی هەبێت و کوردەکانیش وەك ئەکتەرێکی سیاسی نوێ لەم کارنامەیەدا قبوڵ بکات.
لەم ڕووەوە وەك» کەسێکی ژیر» لە بەڕێز بارزانی دەڕوانرێت، بۆ ئەوەی هاوکار بێت لە قەناعەت پێهێنانی کوردە یاخیبووەکان تاوەکو یارمەتی تورکیا بدات کە پەرە بە دیلێکی دیکە بدات بۆ ئاشتەواییکردن لەگەڵ کوردەکاندا لەبری ئەوەی پەنا بۆ توندوتیژی ببەن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان.
ئەم ئاشتەواییە لەگەڵ کوردەکانی دەرەوەدا پێویستە بەوە دەکات کوردەکان بە تەواوەتی ئاوێتەبکرێن لە سیستمی سیاسی تورکیادا کە تاوەکو ئەم دواییە دوورخرابوونەوە. لەو ڕووەوە پێدەچێت حکومەت نیازی ئەنجامدانی ئەم کارەی هەبێت، بەڵام بێ ئەوەی نەخشە ڕێگایەکی ڕوونی هەبێت. ئومێدی هەموولایەکیش ئەوەیە ئەو نەخشە ڕێگایە بە زووترین کات بکێشرێت.

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**

# تورکیا و تەحەددیەکانی کێشەی کورد

**ئەردۆگان و سەرکردەکانی دیکەی تورکیاش نیگەرانن لەبارەی ئەو نائارامیە ڕوو لە هەڵکشانەی لە سووریای دراوسێدا لە ئارادایە، نیگەرانن لەوەی ئەمە سەربکێشێت بۆ دروستبوونی هەرێمی کوردیی ئۆتۆنۆمی دیکە( یاخود ڕەنگە دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئەمری واقیعی) لەسەر سنوورەکانی تورکیا. ئەمە ئەگەرێکی دوور نییە. لە سووریادا زیاتر لە نیشانەیەکی دابەشبوون دەرکەوتووە، سەرکردە کوردەکانیش لە باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکە هەنگاویان هەڵگرتووە بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی خۆیان بەسەر ئەو ناوچانەدا کە زۆرینەیان کوردن. ئەگەر سووریا دابەش بێت- یاخود ئەگەر دەسەڵاتی حکومەتەکەی دیمەشق پتر بەرەو داخوران بچێت- ئەوا دروستبوونی هەرێمێکی هاوشێوەی هەرێمی کوردستانی عێراق لە سووریادا ئەگەرێکی ڕاستەقینە دەبێت.**

پرۆفیسۆر تید گەلن کارپێنتەر*
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە



دە ساڵ پێش ئێستا، دەستەبژێری مەدەنی- سیاسیی نوێی تورکیا، بە سەرکردایەتیی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، ئەو باوەڕەی لای هەموو لایەك بڵاوكردەوە كە»كێشەی كورد» بەرەو ئاوابوون دەچێت. بێگومان ئەو یاخیبوونە جوداخوازییەی پارتی کرێکارانی کوردستان- کە پارتێکی مارکسیستە- ڕابەڕایەتیی دەکرد، بەرەو پاشەکشەو داکشان چوو. دوای دەستگیرکردن و زیندانیکردنی سەرکردەی پەکەکە، عەبدوڵا ئۆجەلان لە ساڵی ١٩٩٩دا، ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئەم ڕێکخراوە کەمتر کاریگەر بوون و زیاتر ئۆپەراسیۆنی پچڕ پچڕ بوون. هەردوو لاش زیاتر و زیاتر باسیان لە پێویستی گرتنەبەری چارەسەرێکی سیاسی دادپەروەرانە دەکرد.

دەرکەوتنی هەرێمی نیمچە ئۆتۆنۆمیی کوردستان لە باکووری عێراقدا- لە دوای داڕووخانی ڕژێمی سەددام حوسێن- هەندێ نیگەرانی و نائومێدی لای تورکیا دروست کرد. لە ڕاستیدا، ترس لەوەی ڕووخانی سەدام حوسێن سەردەکێشێت بۆ دروستبوونی کۆمارێکی کوردیی سەربەخۆ- سەربەخۆیی ئەمری واقیع- لە عێراقێکی دابەشبوودا هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی سەرکردە سیاسی و سەربازییەکانی تورکیا لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣ەوە داواکاری واشنتۆن ڕەتبکەنەوە بۆ ئەوەی ڕێگە بە هێزەکانی ئەمەریکا بدات بەرەی باکوور بکەنەوە لە شەڕی عێراقدا کە لە ئاسۆوە دەرکەوتبوو.

لەو کاتەوە پێوەندییەکانی ئەنقەرە و هەرێمی کوردستان پێوەندی گەلێکی هەستیار و زۆرجار گرفت ئامێز بوون. تورکیا هەولێری بەوە تۆمەتبارکردووە کە بوار بە پەکەکە دەدات بۆ ئەوەی خاکی عێراق بەکاربهێنێت بۆ ئەنجامدانی هێرشەکانی لە ناو تورکیادا. لە ساڵی ٢٠٠٨دا، سوپای تورکیا چەند کردەوەیەکی تۆڵەئامێزی گەورەی ئەنجامدا لە دژی ئەو ناوچانەی بانگەشەی ئەوەیان لەسەر دەکات کە شوێن و پێگەی پەکەکەن لە باکووری عێراقدا، لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردووشدا ناو بە ناو سنووربەزاندن بۆ ئەنجامدانی کردەوەی سەربازی هەبووە.

بەڵام، لە هەمان کاتدا پەرە بە پێوەندییەکی بازرگانیی چڕوپڕ دراوە لە نێوان هەرێمی کوردستانی عێراق و تورکیادا-کە هەندێ جار ئەمە حکومەتی ناوەندیی عێراقی بێزارکردوە. سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان ئیدریس بارزانی

ڕایگەیاند کە لە ناوەڕاستی ئەیلولدا هەرێمی کوردستان ١٤٠،٠٠٠ بەرمیل لە ڕۆژێکدا هەناردە دەکات، ئەویش دوای گەیشتن بە ڕێککەوتنێك لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا، ڕێژەی ئەو هەناردەیەش بۆ ٢٠٠،٠٠٠ بەرمیل لە ڕۆژێکدا زیاد دەکات لە ساڵی ٢٠١٣دا. زۆربەی ئەو نەوتەش لە ڕێی بۆڕیەوەو بە تورکیادا هەناردە دەکرێت. هەروەها پێوەندییە ئابوورییەکانی دیکەش بە ڕەوتێکی زۆر خێرا بەرەوپێشدەچن.

بەڵام لە کاتێکدا کە تا ڕاددەیەك گرژییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان خاودەبنەوە، ئەوا نیگەرانییەکانی حکومەتەکەی ئەردۆگان لە دوولای دیکەوە زیاتر دەبن. هەروەك باڵیۆزی پێشووی ئەمەریکا لە تورکیا، مۆرتۆن ئەبرامۆیتز، بەم دواییە سەرنجیدا لەسەر لاپەڕەکانی «زە ناشناڵ ئنترێست»، کەوا یاخیبوونی پەکەکە «بە گیانێکی تۆڵەسەندنەوەوە دەرکەوتۆتەوە.» کە دوای «دە ساڵ لە ئارامییەکی ڕێژەیی، شەڕێکی قورس و بەردەوام هەیە کە قوربانییەکی زۆریشی لێدەکەوێتەوە.»

تا ڕاددەیەکی گەورە ئۆباڵی ئەم پەرەسەندنە دەکەوێتە ئەستۆی خودی ئەردۆگان. چونکە سەرەڕای ئەو بەڵێنانەی دووپاتی دەکردنەوە بۆ لەبەرچاوگرتنی خواستی دانیشتووانی کوردی تورکیا بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمیەکەی سیاسی- و بە تایبەتی کەلتوری- مەزنتر، ئەوا هەوڵەکانی حکومەتەکە لە باشترین حاڵەتدا بۆ ئاشتەوایی و چاکسازی هەوڵگەلێکی سست بوون.

پێدەچێت لە ئێستادا، ئارامگرتن و دان بەخۆداگرتنی کەمینەی کوردیی وڵاتەکە لە کۆتاییدا بێت. تەنانەت ئەو کوردانەشی کە پشتیوانی پەکەکەو تاکتیکە توندوتیژەکانی ناکەن بە شێوەیەکی ڕوو لە زیاد، نائومێد و بێ هیوا دەبن لە ئەنقەرە.

ئەردۆگان و سەرکردەکانی دیکەی تورکیاش نیگەرانن لەبارەی ئەو نائارامیە ڕوو لە هەڵکشانەی لە سووریای دراوسێدا لە ئارادایە، نیگەرانن لەوەی ئەمە سەربکێشێت بۆ دروستبوونی هەرێمی کوردیی ئۆتۆنۆمی دیکە( یاخود ڕەنگە دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئەمری واقیعی ) لەسەر سنوورەکانی تورکیا. ئەمە ئەگەرێکی دوور نییە. لە سووریادا زیاتر لە نیشانەیەکی دابەشبوون دەرکەوتووە، سەرکردە کوردەکانیش لە باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکە هەنگاویان هەڵگرتووە بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی خۆیان بەسەر ئەو ناوچانەدا کە زۆرینەیان کوردن. ئەگەر سووریا دابەش بێت- یاخود ئەگەر دەسەڵاتی حکومەتەکەی دیمەشق پتر بەرەو داخوران بچێت- ئەوا دروستبوونی هەرێمێکی هاوشێوەی هەرێمی کوردستانی عێراق لە سووریادا ئەگەرێکی ڕاستەقینە دەبێت.

سەرەڕای ئەو پەرەسەندنە، ئەردۆگان نیگەرانە لەبارەی هەڵوێستی ڕوونی سوریا و دەوڵەتێکی دیکەی دراوسێ، ئێران، لەبارەی یاخیبونی پەکەوە. ئەنقەرە حکومەتی بەشار ئەسەد تۆمەتبار دەکات بەوەی چالاکانە هاوکاری پەکەکە دەکات. ئەگەری ئەوە هەیە ئەم تۆمەتانە ڕاستبن، لەبەر ئەوەی ئەسەد هەموو پاڵنەرێکی تۆڵەسەندنەوەی هەیە لە بەرامبەر ئەو هاوکاریە چڕوپڕەی ئەنقەرە دابینی دەکات بۆ هەڵمەتەکانی سوپای سووریای ئازاد بۆ ڕووخاندنی ڕژێمەکەی ئەسەد.

هەروەها نیشانەگەلی ئەوە هەن کە ئەو ئاشتەواییەی لە نێوان تاران و ئەنقەرەدا هاتەئاراوە و ڕۆژێك لە ڕۆژان جێی گەشبینی بوو، بەرەو کۆتایی بچێت، ئێرانیش لە هەوڵدایە بۆ دروستکردنی گرفت و کێشە بۆ حکومەتی تورکیا.

ئەردۆگان ڕووبەڕووی تەحەددیەکی گەورە دەبێتەوە لە مامەڵەکردنیدا نەك هەر تەنیا لەگەڵ دانیشتووانی کوردی وڵاتەکەی، بەڵکو لەگەڵ دانیشتووانی کوردو سەرکردایەتییەکەی لە دەوڵەتە دراوسێکاندا. ئەو مەسەلانەی پەیوەستن بەم کێشەیەوە قورس و هەستیارن، چارەسەرکردنی ئاشتیانە و بنیاتنەرانەی ئەم کێشەیەش پێویستی بەوە هەیە ئەردۆگان و حکومەتەکەی بە بەهرە و لێهاتوویی هەڵسوڕاندنی کاروباری دەوڵەتەوە هەڵسوکەوت بکەن. تا ئێستا، -تۆماری ئەردۆگان و حکومەتەکەی لەم ڕووەوە- تۆمارێکی تێکەڵ و پێکەڵە و جێی دڵخۆشی نییە. لە ڕاستیدا پێدەچێت ڕەوت و تەوژمەکانی ئەم دواییە بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانە بڕۆن- بەرەو گرژی و ناکۆکی زیاتر.

***توێژەری باڵایە لە ئەنستیوتی کاتۆ لە واشنتۆن دی.سی، نووسەری هەشت کتێبە لەبارەی کاروبارە نێودەوڵەتیەکانەوە و ئەندامی بۆردی گۆڤاری وەرزی مێدێرترینیانە.**

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان ئیدریس بارزانی ڕایگەیاند کە لە ناوەڕاستی ئەیلولدا هەرێمی کوردستان ١٤٠،٠٠٠ بەرمیل لە ڕۆژێکدا هەناردە دەکات**

**ئەردۆگان ڕووبەڕووی تەحەددیەکی گەورە دەبێتەوە لە مامەڵەکردنیدا نەک هەر تەنیا لەگەڵ دانیشتووانی کوردی وڵاتەکەی، بەڵکو لەگەڵ دانیشتووانی کوردو سەرکردایەتییەکەی لە دەوڵەتە دراوسێکانیشدا**

**دەرکەوتنی هەرێمی نیمچە ئۆتۆنۆمیی کوردستان لە باکووری عێراقدا- لە دوای داڕووخانی ڕژێمی سەددام حوسێن- هەندێ نیگەرانی و نائومێدی لای تورکیا دروست کرد. لە ڕاستیدا، ترس بوو لەوەی ڕووخانی سەدام حوسێن سەربکێشێت بۆ دروستبوونی کۆمارێکی کوردیی سەربەخۆ**

**نیشانەگەلی ئەوە هەن کە ئەو ئاشتەواییەی لە نێوان تاران و ئەنقەرەدا هاتەئاراوە و ڕۆژێک لە ڕۆژان جێی گەشبینی بوو، بەرەو کۆتایی بچێت**

# سیاسەتی لێواری جەنگ لەنێوان تورکیاو سوریا

زیادبوونی ئاستی گرژی لەسەر سنووری تورکیا- سوریا بووەتە مایەی زیادکردنی ئەگەری هەڵایسانی شەڕ لەنێوان هەردوولادا. پاش ئەوەی ئەنکەرە ڕەزامەندیی پەرلەمانی لەسەر بەکارهێنانی هێز لەدەرەوەی سنوور بەدەست هێنا، میدیاکان بەجۆرێك کەوتنە ڕووماڵ کردنی هەواڵەکە، وەك ئەوە وابێ ناوچەکە لەلێواری جەنگ نزیك بۆتەوەو ئەگەری شەڕ لەمەسەلەی کات بەولاوە هیچی دیکە نییە. سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بان کی مون نەیشاردەوە کە ڕەوشی سەر سنوور ((لەوپەڕی مەترسیدایە)) بەڵام ئەوەندەش زێدەڕۆیی نەکرد کە پێشبینیی شەڕ بکا.

سەرەڕای ئەوەی کە ناوچەکانی سەر سنووری تورکیا- سوریا رادەیەکی زۆر رووخساری جەنگیان پێوە دیارە، بەڵام خۆسازدانی سوپایی تورکیا لەسەر سنوور هێشتا شتێکی وای لێ هەڵناکرێندرێ کەتورکیا بەنیازی هێرشێکی بەربڵاوە بۆ سەر سوریا یاخود نەخشەیەکی بۆ داگیرکەری سوریا یان ناوچەکانی سەر سنوور هەیە.

بەپێچەوانەی ئەوەی کە باوە، هیچ کات روسیاو رۆژئاوا بەقەد ئەم هەلومەرجەی ئێستا سەبارەت بەمەسەلەی سووریا لێك نزیك نەبوونەتەوە. لەدوو خاڵی سەرەکیدا هەردوولا یەکدەنگن. یەکەم، لەسەر مەسەلەی کۆتایی هاتنی ژیانی سیاسیی سەرۆکی سوریا بەشار ئەسەدو دووەم لەسەر پێویستیی سازکردنی قۆناغێکی راگوزەر. کۆدەنگی لەسەر ئەم دوو مەسەلەیە بەڵگەی ئەوەیە کەهیچ لایەنێك نایەوێت مەسەلەکە بگاتە ڕادەی هەڵایسانی شەڕ یان دەستێوەردانی سوپایی.

جیاوازییەکە زۆرتر لەسەر رۆڵی ئەسەدو شێوەی بەڕێوەچوونی قۆناغی راگوزەرە. لەکاتێکدا رووسیا ئەسەدو قۆناغی راگوزەر تێکهەڵکێشی یەکتری دەکات، رۆژئاوا دژی ئەم تێکهەڵکێش کردنەیە. لەوردەکارییەکاندا رووسەکان دەیانەوێ قۆناغێکی راگوزەر بەسەرۆکایەتیی خودی ئەسەد دەست پێ بکاو لارییان لەوە نییە کە ئەسەد پاش قۆناغە راگوزەرەکە نەمێنێت، بەڵام ئەمریکییەکان بەپاڵپشتی ئەوروپاو تورکیاو کەنداو قۆناغێکی راگوزەری بێ ئەسەدیان دەوێت و داوای پێکهێنانی حکومەتێکی راگوزەر دەکەن.


هەفتەی رابردوو ئەنکەرە لەم رووەوە نەرمییەکی زۆرتری نواندو ئەوەی بەمەرج دانەنا کە دەبێت سەرۆکی حکومەتی راگوزەر کەسێك بێ لەدەرەوەی رژێمی پێشوو، بەڵکو پێشنیاری فاروق شەرعی کرد کە جێگری سەرۆکی سوریایە، بەو مەرجەی کە شەرع تەواوی دەسەڵاتەکانی ئەسەدی پێ بدرێت. سیناریۆ پێشنیارکراوەکەی تورکیا زۆر لەسیناریۆکەی یەمەن دەچێت. پێشنیاری سیناریۆیەکی نزیك لەسیناریۆی یەمەن بۆ سوریا، لێکدانەوەی وای بۆ دەکرێت کەتورکیا بەرنامەی شەڕی نییەو نایەوێت هێز بۆ دەرەوەی سنوور بنێرێت.

شەڕ لەبەرژەوەندیی تورکیادا نییە، نەك لەبەر ئەوەی تورکیا نایباتەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئاسەواری زۆر خراپی لەسەر تورکیا دەبێت. سوپای تورکیا لەماوەی دوو هەفتەداو ئەوپەڕەکەی بەسێ هەفتە دەتوانێت بگاتە ناو دیمەشق. بەڵام هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نیە کە سوورییەکان وەك لەشکرێکی رزگارکەر سەیری دەکەن. داگیرکردنی سوریا بەشەڕ، بەکردەوە بەمانای هەرەس هێنانی دەوڵەتی سوریاو هەڵوەشانەوەی سوپاکەی دێ، کە ئەمەش کارێکی وا دەکات سیناریۆی ساڵی ٢٠٠٣ی عیراق لەسوریا دووبارە ببێتەوەو سوریایەکی ناسەقامگیری لێ بکەوێتەوە کە ڕەنگە لەکۆتاییدا گرووپە توندڕەوەکان دەستێکی باڵایان تێدا هەبێت. ترس لەم سیناریۆیە رۆژئاوا هان نادا بەئاسانی رێگای شەڕ بۆ روخاندنی رژێمی ئەسەد بگرێتە بەر.

بۆ تورکیا، دەستێوەردان لەسوریا بەبێ دوورایی مەزهەبی نابێ. ئەمەش کاریگەریی خراپ لەسەر پەیوەندیی سوننەو عەلەوییەکانی تورکیا بەجێ دێڵێت. رۆژنامەنووس ئەسلی ئایدن تاشباش لەرۆژنامەی ((میللییەت)) ئەوەی پێ نەشاردرایەوە کەشەڕێکی لەم بابەتە شەڕێکی مەزهەبی دەبێت.

ئەنکەرە هێشتا لەهەنگاونان بەرەو شەڕ بەبێ پشتیوانیی ئەنجومەنی ئاسایش دوو دڵە، بەتایبەتی کەشەقامی تورکی هێشتا پشتگیریی جەنگ ناکا. بەپێی راپرسییەکی رۆژنامەی ((هەبەر تورك))نزیکەی ٨٠٪ی هاووڵاتییان دژی دەستێوەردانی سوپایین لەسوریا. ئەمە بەم مانایە دێت کەسەرەڕای گرژیی سەر سنوورو گەرم بوونی باس و خواسی شەڕ، نە سوریاو نە تورکیا هیچ کامێکیان نایانەوێ رەوشەکە بگاتە رادەی جەنگی تەواو. رەنگە دوودڵیی تورکیا درێژە بکێشێ. بەڵام ئەم دوودڵییە، زۆرتر لەهەر شتێکی دیکە، لەبەرژەوەندیی تورکیا دایە.

**بۆ تورکیا، دەستێوەردان لەسوریا بەبێ دوورایی مەزهەبی نابێ. ئەمەش کاریگەریی خراپ لەسەر پەیوەندیی سوننەو عەلەوییەکانی تورکیا بەجێ دێڵێت**



فەرید ئەسەسەرد

**بۆ گوڵان نووسیویتی**

گۆردن باوین بۆ گوڵان:

# ئاڕاستەی ململانێ لەسوریا بەرەو ململانێی تائیفی دەچێت بۆیە بارودۆخەکە بەرەو مەترسیدارتر هەنگاو دەنێت

**پرۆفیسۆر گۆردن ئیل باوین ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لەزانۆی ماری بەلدوین و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و سیاسەتی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ قسەکردن سەبارەت بە ڕەوشی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و هەڵکشانی بارودۆخی سوریا، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر گۆردن باوین کرد، بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**



*** بە شێوەیەکی گشتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە قۆناخێکی هەستیاردا دەڕوات و هەموو شتێك لە گۆڕانکاریدایە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەم دۆخە دەتەقێتەوە و دەبێتەهۆی گۆڕینی هاوکێشەکە، بە تایبەتی کە دۆخەکە زۆر هەستیار و لەرزۆکە؟**

- جەوهەری سیاسەت سازشکردنە، واتە بەدەستهێنانی بەشێکی داواکاریەکانت، نەك سەرجەمیان. من وای دەبینم ئاڕاستەی سیاسی لە ناوچەکەدا بە ئاقاری تائیفیدا دەڕوات، واتە شتەکان بە ئاسانی سازشیان لەسەر ناکرێت، تائیفیەت بۆتە گرنگترین ڕێبەری سیاسی خەڵکەکە. کەواتە کاتێك ناسنامەی تائیفی هاوشان دەبێت لەگەڵ ئاڕاستە سیاسیەکەدا، ئەوا سازشکردن قورستر و قورستر دەبێت، لەبەر ئەوەی خەڵکی باوەڕێکی قووڵیان بە تێگەیشتنی خۆیان دەبێت. لەبەر ئەوە کارێکی باش دەبێت ئەگەر پارتگەلێکی زۆرت هەبێت و دیدگا و ڕوانینی تائیفیان نەبێت. کەواتە لەم حاڵەتەدا چەند گەمەکارێك دەبن لە گەمەکەدا، کە هۆکاری پەیوەندیکردنی خەڵکی بە پارتێکی دیاری کراوەوە ئەوەیە لە هەڵوێستی ئەو پارتە ڕازین لە ئاست سیاسەتی ئابووریدا، یاخود لە ئاست لایەنەکانی دیکەدا. ئەو توندوتیژیەی لە سوریا و عێراقدا بەدی دەکرێت، کە دوورکەوتنەوەیە لە بەعسیزم و هەنگاوهەڵگرتنە بەرەو ناسنامەی تائیفی، دەبێتەهۆی چەسپاندنی زیاتری ئەم ڕێگایە، لەبەر ئەوەی تا ڕاددەیەك کۆمەڵگە لەسەر هێڵی تائیفی دابەش بووە، ئەمە ساتەوەختێکی ناخۆشە، چونکە زیاتر و زیاتر لە سازشکردن دووردەکەوینەوە، ئەویش بەهۆی هەڵکشانی پارتە تائیفیەکانەوە.

*** فاکتەری سەرەکی و خاڵی گەرمی گۆڕانکاریەکان سوریایە، کە ئێستا ئاشکرایە دابەشبوونێك هەیە لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لە ئاست کێشەی سوریادا، کە لەسەر ئاستی ئیقلیمی وەك ناکۆکی نێوان شیعە و سوننە لێکدەدرێتەوە، ئایا درێژەکێشانی بارودۆخی سوریا بەم چەشنە مەترسی بۆ سەر سەرجەم ناوچەکە دروست دەکات؟**

- زۆربەی وڵاتان لە مێژووی هاوچەرخدا پێناسەیەکی ئایدۆلۆژی کوێرانەی بەرژەوەندیەکانیان نەکردووە، بەڵکو هەڵسەنگاندنێکی واقیعیانەیان بۆ دۆخەکە کردووە لەژێر ڕۆشنایی هاوسەنگی هێز لە جیهاندا، ئەمەش خەسڵەتێکی سەرەکیە کە ڕەفتاری دەوڵەتەکانی داڕشتووە. بەڵام کاتێك ئێمە بەرەو ناسنامەیەکی تائیفی دەڕۆین و هەڵوێستێکی سا ز شهە ڵنە گر تو و دەگرینەبەر، وەك گرنگترین سیمای ژیانی سیاسی ناوخۆیی، ئەوا هەندێ لە سەرکردەکانی دەوڵەتان پێدەچێت سیاسەتێکی دەرەکی تائیفیش بگرنەبەر و



ڕەوتەکەش بەرەو ناکۆکیەکی ئیقلیمی بڕوات- هەروەك ئێوە ئاماژەتان پێکرد-لە پرسیارەکەی ئێوەدا ئەوە دەخوێنرێتەوە کە تورکیا تێوەگلاوە لە سوریا، یاخود بەلای کەمەوە لە کێشەی ئاوارەکانی سوریا،........لە ئێستادا تورکیا و ئێران کار لەسەر بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانیان دەکەن، کە هەندێ جار ئەمە بۆتەهۆی تووڕەکردنی هێزە گەورەکان، وەك ئەمەریکا. لە ئێستادا کێشەی سوریا بۆتەهۆی ئەوەی ئەگەری ئەوە بێتەئاراوە ئێران و تورکیا ڕێگایەکی دوژمنکارانە بگرنەبەر لەبەرامبەر یەکتردا، ئەمەش لە بەرژەوەندی ناوچەکە نییە......کەواتە ئەگەر ئەو سەرکردانەی سیاسەتێکی سازشکارانە دەگرنەبەر لە ناوخۆدا و سیاسەتێکی واقیعیانە-بۆ هێنانەدی بەرژەوەندیەکانیان- لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەگرنەبەر لەلایەن ئەو کەسانەوە دووربخرێنەوە کە بیرکردنەوەیەکی جیاوازیان هەیە بۆ ئاییندەی وڵاتەکە، ئەوا بارودۆخەکە ئاڕاستەیەکی مەترسیدار دەگرێتەبەر.

*** ڕۆژانە تورکیا هێزی زیاتر کۆدەکاتەوە لەسەر سنوورەکانی لەگەڵ سوریادا، ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئەسەد درێژە بە توندوتیژی دەدات و کێشەی بۆ دەوڵەتە دراوسێکانی دروست دەکات و بەم دواییەش بینیمان ناتۆ هاتە ناو کێشەکەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لەبەر تورکیا ناتۆ لەم شەڕەوە تێوەگلێت؟**

- ئەمە مەسەلەیەکە پەیوەستە بە پرۆسەی بڕیاردان لە چوارچێوەی ناتۆدا، کە دەبێت دەنگدانەکە بە ئیجماع بێت بۆ ئەوەی ناتۆ

**کاتێك ناسنامەی تائیفی هاوشان دەبێت لەگەڵ ئاڕاستە سیاسیەکەدا، ئەوا سازشکردن قورستر و قورستر دەبێت**

بە ڕەسمی ئەو هەڵوێستە بگرێتەبەر، واتە پشتیوانی لە هەر دەوڵەتێکی ئەندام بکات کە پێویستی بەوە دەبێت بەرگری لێبکرێت، بەڵام دەبێت بڕیاری ڕەسمی بدرێت لە چوارچێوەی ناتۆدا، بەڵام ئەو کۆبوونەوانەی بەم دواییە کران، پشتیوانیان بۆ تورکیا دەربڕی..... ئەمەش بە واتای ئەوەی ڕەنگە سیاسەتی تورکیا پشتیوانی ڕەسمی پێویست بەدەست بهێنێت لەلایەن ناتۆوە. ئەمەش کێشەی مەترسیدار دەخولقێنێت نەك هەر بۆ سوریا، بەڵکو بۆ جیهانیش، لەبەر ئەوەی ڕوسیا بە ئاشکرا گوزارشتی لە هەڵوێستی خۆی کردووە، کە ئەوە کارێکی مەترسیدار دەبێت ئەگەر تورکیا ڕابکێشرێتە ئەم کێشەیەوە، چونکە ڕووداوەکانی سەر سنوور بەم دواییە بوونەهۆی ئەوەی تورکیا هێز کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆی بکات، هەروەها ڕەنگە قەیرانی ئاوارەکان و قەیرانی مرۆیی لە سوریا ببێتەهۆی ئەوەی بەم زووانە تورکیا دەستێوەردان بکات، ئەمەش دۆخێکی ئاڵۆزە ئەگەر لێدوانەکانی ڕوسیا لەبەرچاو بگرین. کەواتە ئێمە تەنیا باسی تەقینەوەی ناکۆکی تائیفی ناکەین لە لوبنان و عێراق بەهۆی بارودۆخی سوریاوە، بەڵکو مەترسیی سەرهەڵدانی قەیرانێکی نێودەوڵەتیش دەکرێت، لەم مەسەلەیەدا کارێك کراوە تورکیا دان بەخۆیدا بگرێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە تاکەی دان بەخۆیدا دەگرێت بەلەبەرچاوگرتنی کێشەی ئاوارەکان و ئیستیفزازکردنی لەلایەن ڕژێمی ئەسەدەوە- کە لە نائومێدیەوە ئەم کارە دەکات- و ئەمەش لە بەرژەوەندی خەڵکی سوریا نییە. کەواتە ئێمە لە ساتەوەختێکی مەترسیداردایین، ئێمە دە مانگ پێشتر و ساڵێك پێشتریش لە مەترسیدابووین، بەڵام ئەمەیان زۆر مەترسیدارە.

*** ئێران پشتیوانی لە ڕژێمەکەی ئەسەد دەکات بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، لەلایەکی دیکەوە ئێران بە دەست سزا ئابووریەکانەوە گرفتار بووە، هەروەها ئیسرائیلیش هەڕەشە لەو وڵاتە دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەم حاڵەتە مەترسی دەبێت بۆ سەر ناوچەکە؟**

- چەند هۆکارێك هەبوون بۆ ڕێگرتن لەو چەکەی بۆ ڕژێمەکەی ئەسەد ڕەوانە دەکرا، هاوپەیمانی درێژخایەنی نێوان تەهران و ڕژێمەکەی ئەسەد ئاشکرایە. پێموایە- لەم ماوەی ئەم هەفتەیەدا- ئەگەری هێرشکردنی ئیسرائیل بۆ سەر دەزگا ئەتۆمیەکانی ئێران کەمبۆتەوە، ئەویش بە ڕوانین لە لێدوانەکەی نەتنیاهۆ، کە بەرەو هەڵبژاردنی نوێ دەڕۆن، دوای ئەوەی باس لە هێڵی سوور دەکرا لە بەهار یان هاویندا، کە هەموو کەس وا بیری دەکردەوە ڕەنگە هێرشەکە پێش هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکەی ئەمریکا ڕوویدات، هەرچۆنێك بێت ئەگەرەکانی ئەم دواییە سەریانکێشا بۆ ئاڵۆزی زیاتر. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مەسەلەی ناردنی کۆمەك بۆ ئەسەد، ئەوا ئەمە جێی داخێکی زۆرە، پێموانیە ئەمەش بگۆڕێت و دەست لە سیاسەتەکەیان بەردەن، ئەویش بەهۆی پشتیوانیکردنی ڕوسیاوە، بەڵام دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ بۆ تاوتوێکردنی هەموو ئەو پرسانە-نەك تەنیا پرسی ئەتۆمی- ئێمە دەرفەتی ئەوەمان هەیە بەم ئاڕاستەیەدا بڕۆین،

**ڕەنگە سیاسەتی تورکیا پشتیوانی ڕەسمی پێویست بەدەست بهێنێت لەلایەن ناتۆوە. ئەمەش کێشەی مەترسیدار دەخولقێنێت نەك هەر بۆ سوریا، بەڵکو بۆ جیهانیش**



چەکی ئێران لە سوریا ئەسەد ڕزگار ناکات، ئەسەد دەڕووخێت، لە کاتێکدا پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەمە ڕوودەدات و بە چ میکانیزمێك، بەڵام من هاوسۆزم لەگەڵ ئێش و ئازاری خەڵکی سوریادا.

*** هەوڵەکانی سعودیە لە سوریادا لە پێناو بەرپابوونی دیموکراسیدا نییە، بەڵکو خوازیارە بە چەشنی وڵاتانی دیکە حکومڕانیەکی ئیسلامی بێتەسەر دەسەڵات، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك پارتە ئیسلامیەکان سوودمەندن لە بەهاری عەرەبی؟**

- لە نێو پێکهاتەی زۆرینەی سوریادا- ولە ئاییندەدا- ناکۆکیەکی درێژخایەن ڕوودەدات لەبارەی ئەوەی ڕێگای ڕاست کامەیە بۆ ئەوەی خەڵکی سوریا بیگرنەبەر، ئاشکرایە تورکیا و سعودیە هەوڵدەدەن جڵەوی ئەمە بکەن و هەوڵدەدەن لە ڕێگەی فراوانکردنی هەوڵەکانیانەوە نفوز و دەسترۆیشتوویی خۆیان زیاتر بکەن. هەرچۆنێك بێت لە میسر و لیبیا و تونس خەڵکەکە بڕیار دەدەن چ ڕێگایەك هەڵبژێرن، نەك هێزە دەرەکیەکان، تموحی سعودیە بۆ ڕابەڕایەتیکردنی هەموان لە ناوچەکەدا لەگەڵ هەندێك وڵات دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ میکانیزمەکانی ئەو شۆڕشەی ئێستا لە ئارادایە، لەبەر ئەوەی شەرعیەتی سعودیە و بانگەشەکردنی بۆ سەرکردایەتکردن بناخەیەکی لاوازی هەیە، بە بەراورد بە بناخەی ئەو دەسەڵاتە ڕاستەقینەیەی کە شانی داوەتەسەر ئیرادەی خەڵك، واتە دەسەڵاتە هەڵبژێردراوەکان لە تونس و میسر، کە زیاتر چەسپاون بە بەراورد بە دەسەڵاتەکەی لیبیا. کەواتە هەوڵی هێزە دەرەکیەکان بۆ کۆنترۆڵکردن و ئاڕاستەکردنی دۆخەکە، لە ڕێی دابینکردنی پارە و چەکەوە، ڕەنگە لە ئاییندەی نزیکدا کاریگەری هەبێت، بەڵام لە مەودای دووردا ئەم ڕێگایە لەلایەن ئەو گرووپەوە بڕیاری لێدەدرێت کە لەم شەڕە دژوارەوە وەك سەرکردەی شەرعی دەردەکەوێت لە تێڕوانینی خەڵکی سوریادا، بەڵام پێش بڕیاردان لە ئاییندەی خۆیان شتی ناخۆش و دژوار ڕوودەدات، کە لە ڕاستیدا ئێستا ئەو نەهامەتی و نارەحەتیانە ڕوودەدن.

*** باس لەوە دەکرێت ڕووخانی ڕژێمی سوریا لە بەرژەوەندی کورددا دەبێت و پێشبینی دەکرێت دەوڵەتی کوردی لەو وڵاتە دروست بێت، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك کوردەکان سوودمەند دەبن لە گۆڕانی بارودۆخی سوریا؟**

- دۆخێکی دژوارە کە لە ناو ئۆقیانۆسێکدا بیت و دەستت بە پارچە تەختەیەکەوە گرتبێت، بەڵام بەلای کەمەوە کوردەکان دۆخێکی تایبەت بە خۆیان هەیە لە عێراقدا، ئیتر پێی بووترێت ویلایەت یان هەرێم، هەرچۆنێك بێت دەبێت کوردەکان ڕێگای تایبەت بە خۆیان بگرنەبەر، ئەویش بەهۆی گرتنەبەری بەها دیموکراتیە ڕاستیەقینەکان و ڕێزگرتن لە کەمینەکان، من کوردستان وەك مۆدێلێك دەبینم بۆ دەوروبەرەکەی، مۆدێلی پرۆسەی دیموکراتی و ململانێی ڕاستەقینەی نێوان پارتەکان و سیستمێکی یاسایی شەرعی، ..ڕێگای سەربەخۆیی لە ئێستادا باشترە بە بەراورد بە پەنجا یان شەست ساڵ پێش ئێستا، بەڵام هێشتا سەختە، لەبەر ئەوەی دەوڵەتانی دەوروبەری ئامادەنین دووبارە نەخشەی سنوورەکان بکشێرێتەوە، بەرژەوەندی سەرجەم پێکهاتەکانی هاوکێشەکە لەوەدایە عێراق سەقامگیر بێت، نەك پشێویەك سەربکێشێت بۆ دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەکان، بەڵام ئەگەر بڕیاریش بێت نەخشەکان دابڕێژرێنەوە، ئەوا من خوازیارم پرۆسەیەکی دیموکراتی بگیرێتەبەر لەلایەن ئەو وڵاتانەی ئارەزومەندانە ئەمە قبوڵ دەکەن، بە چەشنی ئەوەی لە ساڵانی نەوەتەکاندا لە چیکۆسلۆ فاکیا ڕوویدا، چونکە کاتێك لە ڕێی بەکارهێنانی چەکەوە ئەم کارە دەکرێت، ئەوا ئەمە سەردەکێشێت بۆ کێشەی چارەسەرنەکراو. بەلەمەکە تێکشکاوە و لە بەرژەوەندیتدایە دەست بە پارچە تەختەیەکی باشترەوە بگریت لە ئاوەکەدا، بە شێوەیەك لە شێوەکان کوردستان لەو دۆخەدایە، لەبەر ئەوەی هەموو شتێك لە دەوروبەریدا تێکشکاوە، بەڵام پارچە تەختەیەك هەیە لە ئاوەکەدا دەستی پێوەبگرێت و ئەتوانن درێژە بە ژیان بدەن و من ڕێزم هەیە بۆ ئەو ڕێگایەی گرتوتانەتەبەر و بۆ سەرکردە و بۆ خەڵکەکەتان کە خۆتان کە ئەم ساتەوەختە ئیغرای نەکردوون.

**لە نێو پێکهاتەی زۆرینەی سوریادا- ولە ئاییندەدا- ناکۆکیەکی درێژخایەن ڕوودەدات لەبارەی ئەوەی ڕێگای ڕاست کامەیە بۆ ئەوەی خەڵکی سوریا بیگرنەبەر**

**کوردستان وەك مۆدێلێك دەبینم بۆ دەوروبەرەکەی، مۆدێلی پرۆسەی دیموکراتی و ململانێی ڕاستەقینەی نێوان پارتەکان و سیستمێکی یاسایی شەرعی. ..ڕێگای سەربەخۆیی لە ئێستادا باشترە بە بەراورد بە پەنجا یان شەست ساڵ پێش ئێستا**

مێرڤەت حاتەم بۆ گوڵان:

# ئەوەی لە سوریا ڕوودەدات زۆر گرنگە و زۆر مەترسیدارە ڕژێمەکەی گوێ بۆ گەلەکەی ناگرێت و دژی وەستاوەتەوە

**پرۆفیسۆر مێرڤەت حاتەم ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی هاوارد لەواشنتۆن و پسپۆر و تایبەتمەندە لە سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی میسر و سوریا، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای ناوچەکە بەگشتی و سوریا بەتایبەتی، گوڵان ئەم وتووێژەی لەگەڵ پرۆفیسۆر مێرڤەت حاتەم ئەنجامداوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

*** بارودۆخی سوریا چاودێرانی دووچاری ڕەشبینی کردووە، ئەمەش ترسێکی دروستکردووە کە پریشکی بارودۆخی سوریا شوێنی دیکەش بگرێتەوە، ئایا تۆ چۆن سەیری ئەم بارودۆخە دەکەیت؟**

- بە پێچەوانەوە ئەوەی لە پرسیارەکەی ئێوەدا ئاماژەی پێکراوە، من زۆر گەشبینم لەبارەی ئەوەی لە ناوچەکەدا ڕوودەدات. دوای ئەوەی سی ساڵ بارودۆخەکە وەك خۆی مایەوە و هیچ گۆڕانکاری بەسەردا نەهات، ئەوا ئێستا دووبارە بە هەموو شتەکاندا دەچینەوە، بەسیاسەت و کۆمەڵگە و هەروەها ئابووریدا دەچینەوە و ئەمە پرۆسەیەکە مژدەبەخشە، من ناڵێم ئەمە پرۆسەیەکی ئاسانە، بەڵام پێموایە ئەمە ساتەوەختێکی مێژوویی زۆر هەستیارە، کە بە چەشنێك ئەتوانرێت خزمەت بە خەڵك بکرێت، کە نەك ببێتە جێی سەرسوڕمانی بەشەکانی دیکەی جیهان، بەڵکو خودی خەڵکەکە خۆشی.

*** بەڵام ئەگەر مەسەلەکە لە چوارچێوەی بارودۆخی سوریا سەیر بکەین، هەستدەکەین گۆڕانکارییەکان هەتا ئێستا موژدە بەخش نەبوون، ئایا تاچەند ڕووخانی ڕژیمی ئەسەد ڕەوتی بارودۆخەکە دەگۆڕێت؟**

- ڕاستە سوریا وڵاتێکی گرنگە لە شوێنێکی گرنگدا، بەڵام پێموانییە ئەوەی لە سوریادا ڕوودەدات چارەنووسی بەشەکانی دیکەی ناوچەکە دیاری بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی لە سوریا ڕوودەدات زۆر گرنگە و زۆر مەترسیدارە، چونکە ڕژێمێکت هەیە گوێ بۆ خەڵکەکەی خۆی ناگرێت و دژی خەڵکەکەی خۆی وەستایەوە، بەڵام ئەوەی جێی دڵخۆشیە ئەوەیە خەڵکەکە بە گەرم و گوڕی و پەرۆشەوە درێژە بە خەبات دەدەن دژی ڕژێمە ستەمکارەکە، ئەمە



بە پێچەوانەی هەموو پێشبینیەکان و تەنانەت شیکەرەوە عەرەبەکانیشەوە، کە سەرکەوتوو بوونە لە بەردەوامبوون لە بەرهەڵستیکردنی ئەو ڕژێمە. ئەمە شەڕێکی تائیفی نییە، ڕاستە دابەشبوونی ئایینی هەیە، بەڵام بە چەشنی میسر و تونس و لیبی و یەمەن، خەڵکی سوریا هەوڵدەدەن خۆیان بڕیار لە چارەنووسی سیاسی خۆیان بدەن. کەواتە ئەمە بەدەر نییە لەوەی لە ناوچەکە ڕوودەدات، ئەگەرچی گەمەکاری ئیقلیمی هەیە کە دەیەوێت لە ناکۆکیەوە تێوەبگلێت، وەك ئێران و سعودیە و گەمەکارە نێودەوڵەتیەکان، بەڵام ئەمانە نابنەهۆی دیاریکردنی ئەو ئەنجامەی لە ناکۆکیەکەوە دەکەوێت، بەڵکو تەنیا دەبنەهۆی ئاڵۆزکردنی ئەو ئەنجامە.

*** هەندێك لە چاودێران پێیانوایە کێشەی سوریا بۆتە گۆڕەپانێك بۆ شەڕی ئیقلیمی چەند دەوڵەتێك بە وەکالەت، هەر بۆ نموونە سعودیە ڕاستە دەیەوێت ڕژێمی ئەسەد بڕووخێت، بەڵام ئەم حەزەی بۆ بەرژەوەندی خۆیەتی نەك گەلی سوریا؟**

- ئەوە لە پرسیارەکەتاندا دەخوێنرێتەوە کە سعودیە بایەخ بەم پرسە دەدات، لە ڕاستیدا ئێران و ڕۆژئاواش بایەخی پێدەدەن، کەواتە بۆچی ئەمە سەیرە. لە ڕاستیدا لە هەر ناکۆکیەکدا وڵاتە عەرەبییەکان بەرژەوەندی خۆیان هەیە و ئەمەش شتێکی عەقڵانیە-ئەگەر لە ڕووی سیاسیەوە قسەبکەین- و دەست لەو بیرۆکەیە هەڵگرین کە تێوەگلانی لایەنە عەرەبییەکان پتر بۆ بەرژەوەندی لایەنی بەرامبەر و خۆنەویستی تێدایە، بە بەراورد بە گەمەکارە نێودەوڵەتیەکان یان نەتەوەییەکان. کەواتە سعودیە بەرژەوەندی خۆی هەیە لە سوریا، لە میسر و لە تونس و لە بەحرەین- کە جەخت لەمەیان دەکەمەوە- و بەدوای ئەو بەرژەوەندیانەوە دەبێت و نابێت ئەمە جێی سەرسوڕمانی ئێمە بێت و ئەمە تەنیا ناکۆکیەکە ئاڵۆز دەکات و سعودیە تەنیا ئەتوانێت فشار لەسەر ناکۆکیەکە بکات لە ڕێی هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ گەمەکارە نەتەوەییەکانەوە و پێویستە ئەمەش هاوکارمان بێت لە تێگەیشتن لەو پرۆسە ئاڵۆزانەی لە بەشە جیاوازەکانی ناوچەکەدا بەدیان دەکەین.

*** کوردی سوریا بەشێکن لە بارودۆخی ئێستای سوریا، لەم ڕوانگەیەوە کوردیش چاوی لەوەیە لەم گۆڕانکارییە سوودمەند بێت و زیانی لێ نەکەوێت، ئایا تاچەند کورد لەم گۆڕانکاریانە سوودمەند دەبێت؟**

- ئێستا ئێمە ئەوە بەدی دەکەین، کە ڕژێمی ئەسەد دەسەڵاتی کەمتر بۆتەوە لە ناوچە کوردیەکان و کوردەکانیش دەستیان کردووە بە بەڕێوبردنی ناوچەکانی خۆیان، واتە ئۆتۆنۆمی. من پێموایە ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد تەنیا سوودی بۆ کوردەکان نابێت، بەڵکو بۆ گرووپەکانی دیکەی سوریاش دەبێت و من پێم خۆشە نییە سیاسەتی



**ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد تەنیا سوودی بۆ کوردەکان نابێت، بەڵکو بۆ گرووپەکانی دیکەی سوریاش دەبێت**

دابەشــکردن و زاڵبوون لە سوریادا پیادە بکرێت، ڕاســتە مافی کوردەکان گرنگە، بەڵام مافی گرووپەکانی دیکەش گرنگە، ئیدی سوننی بن یان شــیعە یاخود تەنانەت عەلەویش بن، ئەمە ساتەوەختێکی مێژووییە. لەبەر ئەوە دەبێت تەرکیز لەسەر گرنگی پەرەپێدانی ڕژێمێك بکرێتەوە کە بایەخ بە پێداویستیەکانی خەڵك بدات و سوریاش کۆمەڵگەیەکــی هەمەڕەنگی هەیە، لەبەر ئەوە ئومێدەوارم حکومەتێکی نوێ بێت و من پێم وانیە باشترین ڕێگە بۆ خزمەتکردن بە بەرژەوەندیەکانی کورد بریتی بێت لە دەوڵەتی کوردی —هەرچەندە من دەزانم کــوردەکان خەونی ئەوەیان هەبووە کە دەوڵەتی کوردســتان دروســت بکەن، بەڵام ئایا پێتان وایە تــورك و ئێرانی و عێراقیەکان ڕێگە بــە ڕوودانی ئەمە بــدەن، و ئەمە ئامانجێکی هاوبەشــە لە نێوان ئەو گرووپانە، بەڵام ئەوەتان لەبیرچووە کە ئــەو گرووپانە مێژویەکی جیاواز و تەنانــەت خەون و ئاواتی جیاوازیان هەیە، من خوازیاری ئەوەم کوردەکانی سوریا ببنە خاوەنی ئۆتۆنۆمی و پێناســەیەکی نوێیــان هەبێت بۆ چەمکی هاووڵاتی.


*** چۆن لە ڕۆڵــی تورکیا و ئێران دەڕوانیت لە کێشە و ناکۆکی سوریادا؟**

- ئێوە باستان لە بەرژەوەندی سعودیە کرد و چۆن ئەم بەرژەوەندیە کاریگەری هەیە لەســەر ڕۆڵی ئەو وڵاتە لە ناکۆکی سوریادا، تورکیا و ئێرانیش بەرژەوەندی خۆیان هەیە و هەر وڵاتەی پشتیوانی لەلایەنــە دژ بە یەکەکان دەکەن. ئێرانیش لە ژێر هەڕەشــەدایە لەلایەن ئەمەریکا و ئیســرائیلەوە و ئاشکراشە ســوریا وەك تاقیکردنەوەی نفوز و دەستڕۆیشتوویی خۆی لە ناوچەکەدا دەبینێت، بەڵام تورکیا خوازیاری سوریایەکی سەقامگیرە کە وەڵامدەرەوەی خواســت و پێداویســتیەکانی خەڵکەکەی بێت. مــن تەفزیلی لایەنێك ناکەم بەســەر ئەوی دیکەدا، لەبەر ئــەوەی ئەوان بە دوای بەرژەوەنــدی خۆیانەوەن. من پشــتیوانی مافی خەڵکی ســوریا دەکەم، کورد بن ســوننە بــن عەلەوی بن، یان شــیعە یاخود کەمینەی مەســیحی بن، واتە هەموویان مافی یەکسانی هاوڵاتی بوونیــان هەبێت، پێموایە ئەمە لایەنی ڕاســتی مێژووە بۆ ئەوەی لە سوریا ڕوبدات، هەروەك پێشتر لە تونس و میسر ڕوویدا.

# تێکەڵکردنی ئایین و سیاسەت

# زیانی بۆ پیرۆزیی ئایین و پیادەکردنی سیاسەتیش هەیە

دکتۆر محەمەد شەریف*



ئیسلام ئاینێکی ئاسمانییەو لە گەوهەردا سیاسەت نییە، پەروەردگار وەحی بۆ کەسێك نارد کە هەڵبژاردبوو ببێتە پێغەمبەر بۆ ئەوەی ئەم پەیامە بە مرۆڤایەتی بگەیەنێت، هەڵبەت پێش پێغەمبەری ئیسلام حەزرەتی محەمەد ( د.خ)، پێغەمبەرانی دیکەش هەبوون وەك حەزرەتی موساو حەزرەتی عیساو هەروەها چەندین پێغەمبەری دیکەش کە لە قورئاندا ناویان هاتووەو پەیامی ئاسمانییان گەیاندووە، پەیامی ئیسلامیش قورئانەو قورئانیش بۆ حەزرەتی محەمەد هاتۆتە خوارەوەو ئەو بانگەوازی بۆ کردووەو شیکردنەوەی بۆ کردووە، هەربۆیە فەرموودەو شیکردنەوەکانی حەزرەتی محەمەدیش بەشێکە لەو سەرچاوەیەو بۆتە پێناسە بۆ ئیسلام، ئەوجا لەبەرئەوەی ئیسلامیش لە بۆچوونێك زیاتر هەڵدەگرێت، ئەوا ناتوانرێت ئیسلام لە بۆچوونی ئیمامێك یان موجتەهیدێك دابنرێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا لێکدانەوەو شیکردنەوەکانی خەلیفەکانی راشیدین ئیمامەکانیش هەمووی ئیجتیهادەو شێوازی تێگەیشتنی ئەوان بۆ ئیسلام پیشاندەدا، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئێمە بۆ ئێستا پێویستمان بەو ئیجتیهادانە هەیە؟ لەوەڵامدا دەڵێین بەڵێ لەبەر ئەوەی کە دەڵێین قورئان پێناسەی ئیسلامە، بێگومان قورئان دەقە، ئەم دەقەش بەزمانی عەرەبی هاتۆتە خوارەوە و دەقیش بە هەر زمانێك بنووسرێت مانای زۆر هەڵدەگرێت و وشەکانی هێما و ئاماژە بۆ زۆر شت دەکات، لەهەندێك حاڵەتەدا بە تایبەتی کە زمانی عەرەبی زمانێکی دەوڵەمەندە هەندێك وشە چەندین مانای هەیە .

ئەم ئایینە سەرەتا بۆ عەرەب بووە، بەڵام دواتر ئایەتی دیکە بۆ حەزرەتی پێغەمبەر هاتە خوارەوەو بەوەی ئەم ئایینە بۆ هەموو مرۆڤایەتییە، بۆیە بەشی زۆری میللەتان ئەم ئایینەیان یان بە ئاشتی وەرگرتووە، یان جیهاد کراوەو موسڵمان بوون، کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانەی بووە بە ئیسلام و بەرگری لەم ئایینە کردووە،بۆ کورد جێگەی شانازییە کە دەتوانێت بەسەربەرزی ئەوە بڵێت، ئەگەر سەلاحەدینی ئەیووبی نەبوایە، ئەوا ئایینی ئیسلام دووچاری کارەساتی گەورە دەهات و وەك ئێستا نەدەبوو، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا کورد ئیسلامی بە ئایین و عەقیدەی خۆی زانیوە و ئێستا هەر بەوجۆرە سەیری دەکات، هەر لەم پێناوەشدا بە درێژایی مێژوو و ئێستاش بەرگری لەم ئاینەکردووە و بەرگریشی لێدەکات، هەربۆیە

دەكرێــت بڵێین نەتەوە غەیــرە عەرەبەكانی وەك كوردو فارس و تورك زیاتر لە عەرەب خزمەتی زانست و فیقهی ئیسلامییان كردووە، بۆیە ئەو سیاسەتەی ئەمڕۆ بە ناوی ئیسلامەوە پەیدابووە، ئەوە لەبنەڕەتدا بەشێك نەبووە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام، بەڵكو ئایینی ئیسلام ئایینی خواناسی و ئاشتی و چاكە بووە.

**تێكەڵبوونی ئیسلام و سیاسەت**

بوونی سیاســەت لەئیســلامدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ســەردەمەی كــە پێغەمبــەر (د.خ) هاتە شــاری مەدینە و ئیســلام بوو بەحاكم و لەپاشان حوكمی ئیسلامی كۆنترۆڵی بەشێكی جیهانی كرد، ئەم حوكمڕانییەش پێویســتی بە سیاسەت بووە، بۆیە پرســیار لێرەدا ئەوەیە ئایا حوكمڕانی بەبێ سیاســەت دەكرێت؟ بێگومان ناكرێت بەڵام پرســیاری لەمە گرنگتر ئەوەیە ئایا چۆن سیاسەت خۆی خزاندۆتە ناو ئایینی ئیسلامەوە؟ بێگومان ئەو كاتە سیاسەت خۆی خزاندە ناو ئایینی ئیسلامەوە، كە ئیسلام بوو بە حوكمڕان، لێرەدا وەك نموونە گرنگە بگەڕێینەوە بۆ ســەردەمی خەلیفە عومەری كوڕی خەتاب ( خ.ل)، لەســەردەمی حوكمڕانــی ئیمامی عومەردا(خ.ل) عیراقیــان گرت، كە ئەو كات عیراق تەنیا لەبەسرا تا كوفەو بەغدا بووە،ئەمەش واتە جزیرەو موسڵ و كوردستان بەشێك نەبوون لە عیراق، لەم شەڕەدا موسڵمانەكان دەسكەوتێكی گەورەیان دەســتكەوت، ئەم دەســكەوتە بەپێی قورئان پێویست بوو بدرێتە ئەو كەسانەی شەڕیان كــردووە، بەڵام ئیمامی عومەر بە شــێوەیەكی دیكــە مامەڵــەی لەگەڵ ئەم دەســكەوت و غەنیمانە كردووە، هەمووی نەدایە سەربازەكان، بۆیــە ئیمامــی عومەر (خ.ل) بە سیاســەت مامەڵەی لەگــەڵ دەســكەوت و غەنیمەكان كرد، نەك بە ئایینــ، بۆیە ئەمە بووە هۆكاری ئەوەی ســەربازەكان نارەزاییان لێ بەرز بێتەوە، لەبەرئەوەی بەپێی قورئان دەبێت ئەو دەسكەوتە بدرێتە سەربازەكان، لەبەرامبەر ئەمەدا ئیمامی عومەر (خ.ل) پێی وتن راســتە قورئان دەڵێت دەبێت دەســكەوتەكان بۆ سەربازەكان بێت، بەڵام لە هەمانكاتدا هەر لە قورئاندا هاتووە كە دەڵێت نابێــت ماڵ و موڵك هەمــووی بە تەنیا لای دەوڵەمەندەكان بێت، بەڵكو پێویســتە ئەو ماڵ و موڵكە لە ناو كەسەكان و كۆمەڵگە بسورێتەوە، بۆ ئەوەی جیــاوازی لەنێوان هەژارو دەوڵەمەند نەبێــت، هەربۆیە ئیمامــی عومەر (خ.ل) ئەو ماڵ و كەلوپەلانەی وەك دەســكەوت و غەنیمە گیرابوون بــۆ خاوەنەكانی هێشــتەوەو داوای لێكردن بەشــێكی بدەن بە دەوڵەت و باجێشــی خستە ســەریان، ئەمەی لێرەدا كــرا، ئەمە سیاســەت بوو نەك پیادەكردنی ئایین، ئەمەش حكومدارییە، بــەڵام حكومدارییەك لە پێناوی بەرژەوەنديــی خەڵك، بۆیە كاتێــك خەڵكانێك هەن دەڵێن ئیســلامی سیاســی لە حكومڕانی بەو جۆرە تێگەیشــتووە كە دەبێت هەموو شتێك بســپێرێت تا ئەگەر لە بەرژەوەندیی خەڵكیش نەبێت، بێگومان ئەمە وانییەو ئایینی ئیسلام وا ناڵێت، بەڵكو مەترســیەكە لەوەدایە كە كەسێك بیەوێت سیاسەت بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە بكەیت، لەم حاڵەتەشــدا هەم مەترسی بۆ سەر ئاینی ئیسلام دروســت دەبێت هەم بۆ سەر ئەو سیاسەتەشی كە پیادە دەكرێت، ئەم مەترسییەش لەوەوە ســەرچاوە دەگرێت سیاسەت بكەیت بە ئایین، یان ئایین بكەیت بە سیاسەت یەك شتە، لەبــەر ئەوەی ئایین جێگیــرەو ناگۆڕێت بەڵام سیاسەت بەپێی قۆناخ و سەردەم دەگۆڕێت.

ئەمــە لەلایەك، لەلایەكی دیكەشــەوە لەناو قورئاندا باسی سیاسەت نەكراوە، واتە نەیوتووە حكومداری پێویســتە، سیستمی كۆماری یان پادشــایی یان هەڵبژاردن بێت، هەر بۆ نموونە ئەو سیستمی دەنگدانەی ئێستا لە جیهان پێڕەو دەكرێت پێنج شەش شێوازن كە هەموو شێوازەكان تازەن و لەســەردەمی ئیسلامدا بوونیان نەبووە، ئاشــكرایە لە ئیســلامدا تەنیا بەیعە هەبووە، ئەمەش مانای ئەوەیە كەســێك بەیعە دەكەیت (هەڵدەبژێریت)، بەڵام بۆ ئێســتا هەڵبژاردنی كەســێك بە تەنیا بەس نییە، ئەمە پێمان دەڵێت ئەمڕۆ گۆڕانكاری دروســت بووەو پێویســتە كاتێك سیاســەت دەكەیت، دەبێت سیســتمێك دابمەزرێنێت كە باشترین یان جوانترین سیستەم بێت بۆ ئەوەی ماف و رێزی هەر تاكێك رەچاو بكات، بۆیە ئەو سیستەمەی ئەم مافانە دیاری دەكات، با لە وڵاتانی رۆژئاواش پێڕەو كرابێت، بۆیە ناكرێت بڵێیت ئەمە سیســتمی رۆژئاوایە، بەڵكو ئەوە سیســتمێكە بۆ رێكخستنی ژیان و هەموو جیهان بــەكاری دەهێنێت و ئەزموونی هەموو خەڵكی ئاقڵمەندی ئەم جیهانەیە.

**بەهاری عەرەبی و راكێشانی ئیسلام بۆ ناو ململانێی سیاسیی**

ئەو وڵاتانەی گۆڕانكارییەكانی ئەم دواییە گرتیەوەو پێی دەڵێن بەهاری عەرەبی هەموویان دەوڵەتــی موســڵمانن، لــەم گۆڕانكارییانە ئیســلام راكێشــرایە ناو ململانێی سیاسیی بۆ بەدەستهێنانی دەسكەوت و بەرژەوەندی حزبیی بەر تەســك، ئەم حاڵەتە لەو وڵاتانە بەگشتی و لە میســر بە تایبەتی حزبە ئیســلامیەكان ئەو بارودۆخەیان قۆســتەوە، بــە بۆچوونی من ئەو قۆســتنەوەیە كارێكی سروشتی بوو، لەبەر ئەوەی حزبی ئیخوان موســلمین لە حزبەكانی دیكە كۆنتــر بوون و خاوەنی رێكخســتنێكی بەهێز بوون، بۆیە توانییان لەو بارودۆخە خۆیان

**حزبە ئیسلامیە عەرەبییەكان ئەگەر ئەزموونی ئەردۆگان دووبارە بكەنەوە، ئەوە جەماوەرەكەیان لەدەست دەدەن، ئەگەر ئاینیش بكەن بە سیاسەت ئەوە حكومڕانییان پێ ناكرێت**

**لەسەر بناغەی دین و مەزهەب لە عیراقدا جیاوازی هەیەو ئەمەش مەترسی لەسەر پیرۆزی دینەكەش بەگشتی هەیەو مەترسی لەسەر ئاشتی كۆمەڵگاكەش هەیە و كاریگەری لەسەر ئێمەش وەكو كورد هەیە**

**ئەو وڵاتانەی گۆڕانكارییەكانی ئەم دواییە گرتیەوەو پێی دەڵێن بەهاری عەرەبی هەموویان دەوڵەتی موسڵمانن، لەم گۆڕانكارییانە بۆ بەدەستهێنانی دەسكەوت و بەرژەوەندی حزبیی بەر تەسک ئیسلام راكێشرایە ناو ململانێی سیاسیی**

**ئەگەر سەلەفیەكان حكومڕانی میسریان بكەوێتە دەست، هەروەها ئیخوانەكانی میسر ئەگەر وەكو نموونەی ئەردۆگان نەبن ئەوە فاشیل دەبن و ئەزموونی ئەردۆگانیش زەحمەتە بتوانرێت لە میسر یان لەوڵاتەكانی دیكە دووبارە بكرێتەوە**

بەڵام ئیشکالیەتەکە لەوەدایە، ئیخوانەکانی میسر کەپێشتر ئاینیان کردبوو بە سیاسەت، ئێستا رووبەڕووی حکومڕانی بوونەتەوەو ناچارە سیاسەت بکات، دەبینن بانگێشە بۆ ئەوە دەکات کە دەوڵەتەکە دەوڵەتێکی مەدەنییە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە دەوڵەت مەدەنی بوو واتە سیستمەکەشی دەبێت دیموکراتی بێت و لەسەر بنەمای هاوولاتیبوون بێت نەك لەسەر بنەمای ئایین، راشکاوانەتر ئەگەر دەوڵەت مەدەنی بوو لەسەر بنەمای هاوولاتیبوون کارەکانی بەڕێوە بەرێت، مانای وایە هاوولاتییەکی قیبتی و یەهوودی و موسڵمانێکی بە ریش و بێ ریش جیاوازی نابێت، بەڵام ئەگەر هەر لەسەر ئەم بابەتە سەیری ئایین بکەین، ئەوا دەبینین لە ناو ئایینی ئیسلامدا جیاوازی لە نێوان موسڵمان و کەسێکی دیکەی غەیرە موسڵمان هەیە، ئەوەی موسڵمان نەبێت نابێت بچێتە مزگەوت، کەواتە تۆ دەتوانی لەمزگەوت و لەکەنیسەش جیاوازی کەیت ئەوەش حوکمی خۆی هەیە، بەڵام لەبازاڕ و پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیشدا ناتوانیت جیاوازی بکەیت، هەر بۆیە ئەگەر ئیسلامی سیاسی سیاسەتەکەی وەك ئایین بەکاربهێنێت، ئەوە سەرکەتوو نابێت و دەکەوێت، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە لەناو جیهانی ئەمڕۆدا نامۆ دەبێت، هەروەك ئەوەی ئێستا قاعیدە دەیکات، یان ئەگەر سەلەفیەکان حکومڕانی میسریان بکەوێتە دەست،هەروەها ئیخوانەکانی میسر ئەگەر وەکو نموونەی ئەردۆگان نەبن ئەوە فاشیل دەبن و ئەزموونی ئەردۆگانیش زەحمەتە بتوانرێت لە میسر یان لەوڵاتەکانی دیکە دووبارە بکرێتەوە، هۆکاری ئەوەی کە ناشتوانن ئەزموونی ئەردۆگان لەو وڵاتانە دووبارە بکرێتەوە ئەوەیە:

١- حزبە ئیسلامییە عەرەبییەکان ئەگەر ئەزموونی ئەردۆگان دووبارە بکەنەوە، ئەوە جەماوەرەکەیان لەدەست دەدەن، ئەگەر ئاینیش بکەن بە سیاسەت ئەوە حکومڕانییان پێ ناکرێت .

٢- ئەگەر ئایین بکەن بە سیاسەت ناتوانن پێوەرەکانی مافەکانی مرۆڤ پیادە بکەن، لەبەر ئەوەی پێوەری مافەکانی مرۆڤ لە جیهاندا بۆ مرۆڤ دانراوە بێ جیاوازی، ئەوا ئەوان ئەمەیان پێ ناکرێت، بۆیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی رووبەڕووی پەراوێزخستن و قبوڵنەکردن دەبنەوە.

٣- ئەگەر بێت و ئەو پێوەرانەی لە ئاییندا هەن بۆ پێوەندییەکان و جیاوازی نێوان پیاوو ئافرەت یان موسڵمان و مەسیحییەك، ببنە پێوەری سیستمی کۆمەڵگە، ئەم سیستمە کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخی پێ بەڕێوە ناچێت، بەڵکو کۆمەڵگایەکی وەکو ئەفغانستانی پێ بەڕێوە دەبرێت کە تا ئێستاکە سیستەمی مەدەنییەت و مۆدێرنەی قبوڵ نەکردووە.

کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت هەر کۆمەڵگایەك ئەوجا هەر ئایینێکی هەبێت، پێویستی بە یاسایە رێکی بخات، ئەوەش بە سیاسەت رێکدەخرێت، کەواتە سیاسەت پێویستییەکی مرۆڤایەتییەو هیچ پێوەندییەکی بەئایین و سروشەوە نییە.

**عیراق و مەترسیی ئیسلامی سیاسی**
**حزبی دەعوە ئیخوان موسلمینی شیعەیە**

لەگەڵ ئەوەی لەعیراقی ئێستادا چەندین هەڵبژاردن کراوە و لە رووکاردا وا دەردەکەوێت بەرەو دیموکراتی هەنگاو هەڵدەگرێت، بەڵام مەترسیی ئیسلامی سیاسی یەکێکە لەو مەترسیانەی ئێستا لە عێراقدا هەیەو دروست بووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو حزبەی ئێستا حکومڕانی عیراق دەکات حزبێکی سیاسی ئیسلامییە کە ئەویش حزبی دەعوەیەو، حزبی دەعوەش، هەمان ستایلی ئیخوان موسلیمینی شیعەیە کە حوکم بە مەزهەب و تایەفەگەری دەکات و دەیەوێت مەزهەبەکەی خۆی زاڵ بێت و بەداخەوە سیاسەت ناکات، بەڵکو ئایین بە تەفسیری مەزهەبی خۆی پیادە دەکات، لە میسر محەمەد مورسی هەنگاوێکی باشی هاوێشت و ئەگەر هەر وا بڕوات و تووشی هەڵەی دیکە نەبێت ئەوە کاری باشی کردووە، ئەویش ئەوەیە بە فەرمی لە ئیخوان موسلیمین و حزبەکەی دەرچووە دەرەوە، چونکە لە کاتێکدا لە حزبەکەی دەرنەچووبایە و ئیخوان موسلیمینی بێنایەتە سەر حوکم و بەئایین سیاسەتی بکردبووایە ئەوە سەرنەدەکەوت، هەرچەند ئێستا بە ئاشکرا بەئایین، سیاسەت بۆ ئیخوان ناکات، بەڵام بەلارێ و لەدیوەکەی دیکەوە بۆ ئیخوان بەئایین سیاسەت دەکات، لەبەر ئەوەی بە ئاشکرا ناوێرێت بە ئایین سیاسەت بکات، بەڵام لە ئێستای عێراقدا پارتە ئیسلامییەکان حوکمداریمان دەکەن، لەبەر ئەوەی هاوپەیمانیی نیشتمانی( ئیتیلافی شیعە) کە لە عیراقدا حوکم دەکات هەموویان حزب و لایەنی ئیسلامین، لەم حاڵەتەشدا کە ئایین کرایە مەزهەب و مەزهەبت کردە سیاسەت، ئەوا لەسەر ئاستی ئایین هەموو کەست لەگەڵ نابێت،لەبەر ئەوەی هەر کەس پێڕەوی مەزهەبی خۆی دەکات،ئەو کاتیش ململانێکان زیاتر توند و گرژتر دەبن، هەر بۆیە ئێستا هەموو ناوەندی سوننەی دەرەوە دەیانەوێت عیراق گۆشەگیر بکەن، ئەمەش هۆکاری سەرەکی بۆ ململانێ و گرژی مەزهەبی دەگەڕێتەوە، بەڵام لە کاتێکدا حوکمەکەیان مەدەنی بووایە و جیاوازی مەزهەبی نەبووایە ئەوە هەموو وڵاتان کێبڕکێیان دەکرد بۆ هاتن و گەیشتن بە عیراق و ئەگەر جیاوازی شیعەو سوننە و موسڵمان و مەسیحی و قیبتی نەبێت ئەوە یاسای دەوڵەت و حوکم مەدەنی بێت و بەیەکسانی لە بەرژەوەندیی هەموو لایەك و تاکە کەسێك بێت ئەوە گرنگ نییە کێ حوکمت دەکات، چونکە یاسا سەرووەرە.

**کورد کێشەی سوننەو شیعەی نییە**

سەبارەت بە خۆمان وەك نەتەوەی کورد لە عیراقدا، ئێمە کێشەی سوننەو شیعەو تایەفەگەریمان نییە و کێشەی ئیسلامی سیاسیشمان تا ئێستا ئاسانە، لەبەر ئەوەی ئەو ئیسلامە سیاسییەی لە کوردستان هەیە رووەو مەدەنییەت دەڕوات، راستە لەلایەکی دیکەیشەوە دەبێت ئەوەش باش بزانین حزبە سەرەکییەکانی کوردستانیش وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئیسلامەوە دوور نیین و کەلتورو شەخسی بارزانیی نەمر پێوەندی بە ئیسلامەوە پتەو و بەهێزبووەو و کە باسی مەلاو مامۆستایانی ئایینی ئیسلامی بەرێز دەکەین ئەوە بارزانیی نەمر خۆی مەلای لە کوردستان پێدەگەیاند و یەکێتی زانایانی ئیسلامی بۆ دامەزراندن و بەهیچ جۆرێك بە گرژی سەیری ئیسلامی نەکردووە. بۆیە لەم رووەوە من قەناعەتم بەو جۆرەیە کە دەبێت کوردستان لە ململانێی مەزهەبی دوور بکەوێتەوە و رێزی شیعە بگرێت وەکو شیعە و رێزی سوننە بگرێت وەکو سوننە، بەڵام لە کاتێکدا هەر لایەك زوڵمی لێکرا دەبێت تۆ لەگەڵی راوەستیت، چونکە ئێمە هەموومان عیراقین و بۆ زوڵم لەیەکدی بکرێت، بەڵام بەداخەوە کە لە ئێستای عێراقدا جیاوازی لەسەر بنەمای ئایین و مەزهەب هەیە،ئەمە یەکێکە لەو مەترسیانەی کە هەم مەترسی لەسەر پیرۆزی ئایینەکەمان و مەترسی لەسەر ئاشتی کۆمەڵگاش هەیە، بێگومان مەترسی لەسەر ئێمەش وەك کورد هەیە، بۆیە گرنگە کورد خۆی لەم مەترسیە دووربخاتەوە.

زوڵم لە شیعە بکرێت و ئەگەر پێم بکرێت یارمەتیشی دەدەم و لەگەڵ سوننەش بە هەمان شێوە، ئێستاکە لەم هەلومەرجەی ئەم کاتەدا کە هەموو لایەك دەبینین کە سوننە لە عیراق خۆیان بە مەزلوم داناوە کە چۆن کاتی خۆی شیعە لە عیراق خۆیان بە مەزڵوم دەزانی و ئێمەش لەگەڵیان دابووین و ئێستاکەش دەبینین لەسەر بناغەی دین و مەزهەب لە عیراقدا جیاوازی هەیە و ئەمەشە مەترسیەکە، مەترسی لەسەر پیرۆزی دینەکەش بەگشتی هەیەو مەترسی لەسەر ئاشتی کۆمەڵگاکەش هەیە و کاریگەری لەسەر ئێمەش وەکو کورد هەیە.

* سەرۆکی کۆڕبەندی هزری ئیسلامی

# زنجیرە قەیرانەکان و جەمسەرگیریی توندی شەقامی میسر

## خۆپیشاندانی نارەزایی دژی سەرۆک، پێکدادانی خوێناوی لەگەڵ ئیخوان لێکەوتەوە

گوڵان – راپۆرتی:
ئەسما حوسەیینی/قاهیرە



هەستێکی پڕ لە نائومێدی سەرجەم کەرت وپێکهاتەکانی شەقامی میسری گرتۆتەوە،دوای تێپەڕبوونی ١٠٠ ڕۆژ بەسەر دەست بەکار بوونی دکتۆر محەمەد مورسی وەك یەکەم سەرۆکی مەدەنی هەڵبژێردراو کەسەر بە حزبی «ئازادی و دادپەروەری»یە کە گوزارشت لە ئیخوان موسلمین دەکات.

### دەستکەوتەکانی ئەم ١٠٠ ڕۆژە

ئەو پیاوەی لە سەد ڕۆژی یەکەمی حوکمەکەی بەڵێنی دابوو گرفت و کێشەکانی ئاساییش و هاتوچۆو خاشاك و غازو کارەبا و نان چارەسەر بکات، بە ڕای زۆر کەس بەڵێنەکانی بەجێ نەهێناوە، هەندێك هەن پێیانوایە ژیانیان بووەتە دۆزەخ لە سایەی ئەو ڕژێمەی کە دوای ٣٠ ساڵ لە حوکمی ڕژێمی موبارەك هاتە سەر حوکم، هەیە وای دەبینێت کە ئاساییشیان دابین نەکراوە، یان پارووی نانی ڕۆژانەیان زۆر بە زەحمەت دەست دەکەوێت، بەڵام کەسانێك هەن پاساوی بۆ دێننەوە، دینداریيەکەی لەبەرچاو دەگرن کە بەردەوام هاتوچۆی مزگەوت دەکات و وتاری وەها دەخوێنێتەوە کە مۆرکی ئایینی پێوە دیارە، بەڵام نەیاران و ئەوانەی لە حوکمەکەی بێزار بوونە زۆر یان کەم بایەخ بە دینداریيەکەی نادەن، ئەوەی لەلایەن گرنگ بێت ئەو دەستکەوتانەیە کە بۆ میللەت وەدیدەهێنێت کە لەبەر بارگرانیی ئابووری وبەرزیی نرخ و زێدەبوونی بێکاری لە کولەمەرگیدا دەژین، ئەوان دەیانەوێت وەك سەرۆك ڕەفتار بکات نەك وەك ئەندامێکی کۆمەڵەیەك کەفەرمان وبڕیارەکانی لێوەربگرێت، ئەوان بەوە تاوانباری دەکەن کە وەفای بۆ گەلەکەی نییە بە پێکهێنانی لیژنەیەکی تازەی دامەزراندنی بۆ دەستوور کە گوزارشت لە هەموو گەل بکات نەك لە تاقمێك، ئەمەش دووەم لیژنەیە کە ئیخوان پێکیدێنێت، کە تا ئێستا بەکۆدەنگی ڕەزامەندی لەسەر نەدراوە، هەڕەشەو ترسی ئەوەش لەناوەو دەرەوەی میسر لەئارادایە بەوەی کە ئەم دەستوورەی دێتەئاراوە کاریگەریی هەبێت بۆ سەرئازادی و مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ.

**مورسی لەسەد ڕۆژی یەکەمی حوکمەکەی بەڵێنی دابوو گرفت و کێشەکانی ئاساییش و هاتوچۆ و خاشاک و غازو کارەبا و نان چارەسەربکات،کەچی هیچی بە جێنەگەیاند**

### ساڵیادی ئۆکتۆبەر

لە ساڵوەگەڕیی جەنگی ٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٧٣دا، کە یادێکی ئازیزو پیرۆزە لە نێو دڵی هەموو هاووڵاتییەکی میسریدا، بەوەی کە سەرکەوتنێك بوو بەسەر ئیسرائیل، سەرۆك محەمەد مورسی ئەم بۆنەیەی قۆستەوە کە بە بەردێك چۆلەکەیەك زیاتر بکوژێت، لە هەوڵدانێکیدا بۆ سەرلەنوێ ڕاکێشانی سۆزی کەرتە جیاجیاکانی خەڵکی میسر، کاتێك ڕێزی نا لە ناو و خێزانی سەرۆکی کۆچکردوو ئەنوەر سادات سەرکردەی سەرکەوتنی ئۆکتۆبەر و فەریق سەعدەدین شازلی، هەروەها بەسواری ئۆتۆمبیلێکی سەرکراوەوە چووە ناو خەڵکەوە کە لە یاریگەی قاهیرە کۆبووبوونەوە، لەوەڵامی ئەو کەسانەی کە بەوە تۆمەتباریان دەکرد گوایە سەرۆکێکی ترسنۆکەو دەوروبەری بە پاسەوان گەمارۆدراوە، بەپێچەوانەی ئەو دیمەنەی کە ڕۆژی بوونی بەسەرۆك لە گۆڕەپانی تەحریر پێی دەرکەوت ئەمجارە سنگی دەرپەڕاندبوو وەك گوزارشت لەوەی کە ناترسێت وئازایە، مورسی وتارێکی دوو سەعاتی خوێندەوە،وەڵامی هەموو ئەو ڕەخنەو تۆمەتانەی دایەوە کە پێشتر ئاراستەی کرابوو، وتارەکەی لەنێو هوتاف کێشان و چەپڵڕێزانی جەماوەر خوێندەوە کە دواتر بۆ ڕاگەیاندکاران دەرکەوت کە ئەوانە ئەندام و لایەنگرانی حزبەکەی وئیخوان بوون نەك جەماوەری ئاسایی،چونکە ڕێگە بە کەسی دیکە نەدەدرا بێتە ئەوشوێنە،بەڵام ئەوان وتارەکەی مورسییان بەدڵ نەبوو، تەنانەت زۆر لە میسرییەکان هەر گوێشیان لەوە نەبوو لە وتارەکەیدا ڕەحمەت بنێرێت بۆ ئەنوەر سادات،بەڵکو(عەببود زوممەر)ی بکوژی ساداتی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، کە لەم ماوەیەدا و دوای کۆتایی هاتنی سزاکەی لە بەندیخانە ئازادی کردبوو،کە ئەمەش کاردانەوەی تووڕەیی لێکەوتەوە بە شێوەیەك زۆر کەس پێیانوایە مورسی بۆنەیەکی نەتەوەیی بۆ مەبەستێکی حزبی بەکارهێناوە.

### بڕووخێ حوکمی رابەر

تەنگژەکانی میسر لەم ڕۆژانەدا بە تەنیا روونادەن، بەڵکو بە کۆ دێنە پێش،بۆیە دوای چەند ڕۆژێك خۆپیشاندانی بەرفراوان لەلایەن قیبتیەکانی میسر ولایەنگران لە لاوان و شۆڕشگێڕان و حزبە لیبرالی و چەپ ونەتەوەخوازەکان لە یادێکی تراژیدیدا سازکرا،ئەویش یادی ماسبیرۆیە،کاتێك خۆپیشاندەران ژمارەیەك قیبتیان کوشت لە چەند ڕووداوێکدا کە پار و دوای شۆڕش سوپا تێوەی گلابوو، ئەو خۆپیشاندانانەی ئەم دواییەی قیبتییەکان تەنیا دژی ئەنجومەنی سەربازی نەبوو کە مورسی هەڵیوەشاندەوە،بەڵکو بە پلەی یەکەم دژی مورسی و گرووپەکەی بوو، دیارترین هوتاف ئەوە بوو»بڕوخێ بڕوخێ حوکمی ڕابەر»واتا ڕابەری ئیخوان موسلمین کە بە حاکمی فیعلی میسری دادەنێن،ئەوخۆپیشاندانانە هەروەکو سەرکردەیەکی قیبتی بۆی باس کردم وەکو هۆشیارکردنەوەیەکە بۆ مورسی وئیخوان،بۆیە قیبتییەکان ترسی ئەوەیان هەیە مافەکانیان و ڕەوشی ژیانیان لە سایەی سەرکەوتنی ئیسلامییەکان لە میسر بکەوێتە مەترسییەوە.

### هەینیی خستنەڕووی ڕاستییەکان

نیگەرانی و ترس لە سەرکەوتنی ئیسلامییەکان بەتایبەتیش ئیخوان تەنیا بەشی قیبتییەکان نەبوو، هەواڵەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ژمارەیەکی زۆریان لە میسر نەماون وچوونەتە دەرەوە،بەڵام کەسانێکی دیکەی موسڵمان بەشداریی ئەم هەستە دەربڕینەیان کردن،حزب و هێزە مەدەنییەکان لە میسر ئەم هەلەیان قۆستەوە و داوایان لە جەماوەر کرد ڕۆژی هەینی بڕژێنە گۆڕەپانەکان هەروەکو لە ڕۆژانی شۆڕش و دواتر دەردەچوون، ئەمەش بۆ گوزارشت کردن لەتووڕەیی ونارەزاییان بەرامبەر سیاسەتی ئیخوان و حوکمەکەیان،

**لە هەینیی خستنە رووی راستییەکاندا زۆربەی هێزو حزبەکان دەستیانکرد بە پێکهێنانی هاوپەیمانی بۆ رووبەڕووبوونەوەی هێزەئیسلامییەکان، بەتایبەتیش ئیخوان کە بەوە تۆمەتباریان دەکەن کە دەیانەوێت دەست بگرن بەسەر سەرتاپای وڵاتدا**

لــە هەینییەکــدا کەناویـــان ناوە(هەینی خستنەڕووی راســتییەکان)،زۆربەی ئەو هێزو حزبانــە دەســتیانکرد بەپێکهێنانی هاوپەیمانــی بــۆ ڕووبەڕووبونــەوەی هێزەئیسلامییەکان،بەتایبەتیش ئیخوان کە بــەوە تۆمەتباریان دەکەن کــە دەیانەوێت دەســت بگرن بەسەر ســەرتاپای وڵاتدا، ئەوان ئاماژە بەفیزو خۆبەزلزانینی ئیخوان دەکەن بەڵگەش بــە وتارەکانی هەندێك لە ســەرکردەکانی ئیخــوان دەهێننەوە،لەوانە لێدوانەکانی دکتۆر محەمەد ئەلبلتاجی کە دەڵێت:» من بە هەمـــوان دەڵێم، لەخۆت بپرســە دوای ٦٠ ســاڵ لە گەندەڵی تۆ چیت پێشکەشکرد لەقۆناغی بنیادنانەوەی نیشتمان، سەرۆك ئەو خەونانەی هێنایە دی کە لە دە ساڵی داهاتوودا بۆمان نایەتەدی، هەموومان بەرپرســین لەوەی چۆن ئەمڕۆ میسر بنیاد دەنێینەوە،کەس لە کەس نەپرسێت چــی کردووە»دەربارەی ئەو پرســیارەش کە مورســی لەو ١٠٠ رۆژەی یەکەمی حوکمەکــەی چی کــردووە، ئەلبەلتاجی دەڵێت: ئۆپۆزسیۆن قســەی پڕوپووچیان هەیە و ئەوانەی ڕەخنە لە مورسی دەگرن هیچیان بۆ ئەو وڵاتە نەکردووە، لەکاتێکدا سەرۆك مورسی شــەونخوونی دەکات بۆ پاراستنی وڵات»»

**لابردنی جێگری گشتی لەپۆستەکەی**

دوای ئــەوەی مورســی بریــاری دا عەبدولمەجید مەحمودی جێگری گشتی لەپۆســتەکەی لاببــات و بــە باڵیۆزی وڵاتەکــەی لەفاتیــکان دایمەزرێنێــت گرفتەکە زیاتر ئاڵــۆز بوو، عەبدولمەجید ســووربوو لەســەر ئەوەی کە پۆستەکەی بەجــێ نەهێڵێــت و لەمەشــدا دادوەران پشــتیوانییان کرد و هەرەشەی دەست لە کارکێشــانەوەی بەکۆمەڵیان کرد، ئەگەر ســەرۆك ڕێز لە ســەربەخۆیی دادوەری نەگرێــت و دکتــۆر محەمــەد بەرادعی ســەرۆکی حزبی دەستووریش لەنامەیەکی ڕەخنە ئامێزدا بۆ ئیدارەی سیاســی میسر داوای روونکردنــەوەی کرد کە گوایە ئەو جێگرە گشــتییە هەڕەشــەی لێکراوە کە دەبێت پۆستەکەی جێبێڵێت.

**شەڕگەی تازەی ئەلجەمەل**

هەینیی خســتنەڕووی راســتییەکان کە هێزە شۆڕشــگێڕو لیبــراڵ و چەپەکان لە دژی سیاســەتی ئیخوان ڕێکیان خست و ســەرۆکیش بەڵێنەکانی ئەو سەد ڕۆژەی بــە جــێ نەهێنابوو، ئەمە گــۆڕا و بوو بە شــەڕگەی تازەی ئەلجەمەل هەروەك هەندێك کەس بەوە دەیچوێنن،کە هاوشێوەیە لەگــەڵ کاری توندوتیژی کە لە کۆتایی ڕۆژانی سەرۆکی پێشوو حوسنی موبارەك روویــداو زوو کۆتایی بــە حوکمەکەی هێنــا، کاتێــك کادیرانی ئیخــوان ڕژانە گۆڕەپانــەکان و ئەندامەکانیــان لەگەڵ هێزەکانــی دیکە بەگــژ یەکداهاتن و لە ئاکامدا دەیــان قوربانی لێکەوتەوە بێجگە لە زیانی ماددی، وڵاتیشــی خستە سەر پلێتەئاســنێکی گــەرم و بارودۆخێکــی ناسەقامگیری هێنایە ئاراوە.



# مرۆڤ ناچارە (لەناو تەکنەلۆژیا) بێت نەک لەبەردەم ئامێرە کەرۆلاڵەکانی

عەبدولسەلام بنعەبدعالی*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە



ماوەیەکی درێژە لە نێوان دوالیزمێکی توندی وادا ژیانمان بردەسەر، ڕەنگە وا بێت بڵێین دوو ئاستی لێکجیاوازبوون لە یەکتر، ئەگەر لێکدابڕاویش نەبووبن: کە ئەوانیش ئەبیستیم و تیۆر و دیتنە لە لایەك و، جێبەجێ کردن و کارکردن و پراکتیکە لە لایەکی ترەوە، ناتوانین بڵێین ئەم بابەتە ڕەگ و ڕیشەی دەچێتەوە سەر زمانەوانی، زمانێك کە کارکردن وئەبیستیم بە نۆرم و شێوازەکانی تەتبیق کردنیانەوە ڕەچاو بکات، مەبەستیشم لە زاراوە، واتا پیشەسازییەکەی نییە کە لە زمانی عەرەبی کلاسیکیدا بەکار دێت، بەڵکو وشەکە گوزارشتە لە پیشەسازی فەلسەفە، هاوشێوەی ئەوە وەك چۆن بە واتای پیشەسازی ڕستن و چنین بێت.

لە ڕاستیدا ئەمە کارو ئەرکی فیکری ئەوروپاییەو هەرواشە، وێڕای ئەوە بە پێی زمانی گریکی لە زاراوەی تیخنیدا هەردوو جەمسەرەکە پێکەوە دەبەسترێنەوە، بەڵام جیاوازییەکە بۆ ماوەیەکی زۆر لە نێوان ئەبیستیم و شێوازەکانی تەتبیق کردنەکەیدا هەر وەك خۆی مایەوە، بەم شێوەیە تەکنەلۆژیا ئاوهایی دیاریکرا کە بریتی بێت لە (زانستی تەتبیقکراو)، بەو شێوەیەش لە ئامێرەکان دەڕوانرا وەك ئەوەی تەتبیقکردنێ بێت بۆ بیردۆزو تیۆرەکان..

نە ئەم جۆرە تەتبیقەو نە ئەم بەشە بۆ خۆی بە دیاریکراوی مەسەلەیەکی زمانەوانی پەتی نییە، بەڵکو تێدەپەڕێت لە زمان، کاتێك پراکتیك و کارکردن لە تیۆر و دیتن جودا بکەینەوە، یان کاتێك تەتبیق لە ئەبیستیم جودا بکرێتەوە هەروەها جوداکردنەوەی تەکنەلۆژیا لە زانست، لێرەدا بە تەنیا جوداکردنەوەی ئەو دوو جەمسەرە بەس نییە، بەڵکو پێویستە حوکم لەسەر بەهاکەی بدەین و بەرائەتی جەمسەری یەکەمیان یەکلابخەینەوە، لەو کاتەدا کە تەکنەلۆژیا تەنیا و تەنیا دەبێتە تەتبیقێك بۆ ئەبیستیمی زانستی و هەڵگری هیچ بیردۆزەیەکیش نابێت، تەنیا وا لێی دەڕوانێت لەو ڕووەوە داخۆ چ سوودێکی لێ وەردەگرێت، ئەمە بەلای خودی ئەورووپیەکانەوە بە (بێلایەنی تەکنەلۆژیایی) ناوزەد کرا، ئەمەش پاڵی نا بە زۆربەی بیرمەندانمانەوە بەو شێوەیە لە تەکنەلۆژیا بڕوانن، بەوەی دەسکەوتێکی مرۆڤانەی واها بێت و بە تەنیا قۆرخ نەبێت بۆ خۆرئاواو بەس، بۆیە ئەوان بەربەستێك نابیننەوە لەوەدا، کە تەکنەلۆژیا بگوازرێتەوەو گشتگیریش بکرێت، تەنانەت ئەوانەشیان کە هاوردەکردنی فیکری خۆرئاوایی ڕەت دەکەنەوە یان ئەوانەیان کە دادو بێدادیانە لە دەست غەزوکردنی ڕۆشنگەری، کاتێك بابەتەکە دێتە سەر تەکنەلۆژیا هەمان ئەو هەڵوێستەی ڕەتکردنەوەیان نییە، بەڵکو پێیان باشە بە پێی هەلومەرجێك بگوازرێتەوەو بە پوختی و پاکی و بێگەردی وەك خۆی چۆنە ئاوها بگوازرێتەوە، لەم هەڵوێستەوە وا دەردەکەوێت کە تەکنەلۆژیا نە

> **ئەو ئامێرە کەرۆلاڵانەی کە بوارەکانی ژیانمان دادەپۆشن هیچ مەترسییەکی پەرێشانکەر لەسەر رۆشنبیری و ناسنامەو داب و نەریتەکانمان ناخەنەوە، لە ماڵەکانمان دادەنرێن و جووڵانەوەکانمان کۆنترۆڵ دەکەن و خۆراکمان بۆ ئامادە دەکەن و کارگێڕیمان هەڵدەسورێنن، هیچ مەترسییان نییە چونکە هیچ مانایەکی ئیدیۆلۆژی هەڵناگرن**

بیردۆزەکانی هاوشانی خۆی پێ دەگوازرێتەوە، نە ئەو ڕامانکارییەی دەربارەی جیهانەکەی کە لە خۆیدایە پێ دێتەوە، بەڵکو تەکنەلۆژیا بێلایەن و بەرائەتەو ڕەنگێکی دیاریکراوی نییە، تەنیا بۆ خۆی کەرەسەو ئامڕازێکە، نە خێرخوازە نە شەڕخوازە، بەو ئیعتوبارەی کە ئامڕازەکان واتاکانی خۆیان لەو مەبەستانەوە وەرناگرنەوە کە لە بنەمادا ئامانجانیانە، کەواتە ئەو ئامێرە کەڕۆلاڵانەی کە بوارەکانی ژیانمان دادەپۆشن هیچ مەترسییەکی پەرێشانکەر لەسەر ڕۆشنبیری و ناسنامەو داب و نەریتەکانمان ناکەوێتەوە، لە ماڵەکانمان دادەنرێن و جووڵانەوەکانمان کۆنترۆڵ دەکەن و خۆراکمان بۆ ئامادە دەکەن و کارگێڕیمان هەڵدەسوڕێنن، هیچ مەترسییەکیان نییە چونکە هیچ مانایەکی ئیدیۆلۆژی هەڵناگرن و واتاکانی شوێن و زەمەنمان بۆ وەرناچەرخێنن و نایانگۆڕن، هەروەها شێوازو چەشنی ژیانمان و بیرکردنەوەمان ناگۆڕن، کارتێکەر نیین لەسەر سیستم و پێوەندییەکانمان، کارناکەنە سەر ئەدەب و هونەرمان، چێژبینی و ئارەزووەکانمان پێ ناگۆڕن، ئێمە لەم تێگەیشتنە تیلقائیانەدا بۆ تەکنەلۆژیا بە تەنیا نەوەستاوین تەنانەت خودی فەیلەسووفانی خۆرئاوایش هەمان هەڵوێستیان هەیە، ئەوانیش کەمتەرخەمییان دەنواند لەوەی پرسیار لە بارەی زیانەکان و سوودەکانی تەکنەلۆژیا بکەن، ئەم هەڵوێستە سروشتییەیان خستبووە خانەی پرسیاریانەوە، گەرچی تا ئەم دواییانەش تەکنەلۆژیایان نەکردبووە مەسەلەیەکی فەلسەفی، تەنانەت خودی مارکس بیرمەندانی سەردەمی پیشەسازی ناوزەد دەکرد بە بیرمەندەکانی تەکنەلۆژیایی، ئەویش بۆ خۆی نەهات چاوێك بەو هەڵوێستە خۆڕسکانەی ئەم مەسەلەیەی لێ دروست بووە بخشێنێتەوە، یان ئەو پێوەندییانەی بیردۆز بە پراکتیك و کارکردییەوە دەبەستێتەوە، یان زانست بە تەتبیقاتەکانی گرێدەداتەوە، یان تیۆر بە پێڕەوکردنەکانیەوە لێکدەبەستێتەوە،

هەمووشمان دوایەمین تێزی فیورباخمان لە یادە کە هیرمینیوتیکای جیهان لە گۆڕینکاری جودا دەکاتەوە، تەنانەت مارکس هەل و دەرفەتێکی نە بۆ پرسیارلەخۆکردن هێشتبۆوە، نە بۆ وەزیفەکانی تەکنەلۆژیاو قازانج و زیانەکانی، بەڵکو لە ماهییەتی تەکنەلۆژیا، مارتین هایدگەر لە محازەڕەیەکیدا کە بووبە دەقێکی کلاسیکی و لە بابەتەکەیدا باس لە باڵابوونی سەروەرێتی هەڵوێستی سرووشتیانەی تەکنەلۆژیی دەکات بەو پێیەی پرسیارکردن لەبارەیەوە پێویستی بە لێپرسینەوەو موسائەلەی میتافیزیك و هاوچەشنەکانێتی، مادام تەکنەلۆژیا دەخەینە بارێکەوە لەو بۆچوونەوەی پێوەندی تیۆرو پراکتیك و کارکردی دیاری بکات، یان بیردۆزەو و پێڕەوکردن، مادام لەو بڕوایەشەوە لێکیان جودا دەکەینەوە، ناکرێت بە هەڵوێستێکی خۆڕسکانە کە بۆژۆمان دەکەن، ناشکرێت فکرمان بەخەبەر بهێنن. بەڵام بۆچی موسائەلەکردن دەربارەی میتافیزیك و هاوچەشنەکانی بە وردی بۆ ئەوەبێت لە ناو تەکنەلۆژیادا بین نەك لەبەردەم ئامێرەکاندا، بەو چەشنە تەکنەلۆژیا ئەو واتایە ناگەیەنێت کە بە تەنیا ئامێرەکان بەکاربهێنرێت، تەنانەت تەکنەلۆژیا ئامێرێکی زەبەلاحیش نییە، تا کۆمەڵێك دەزگاو شێوازی ڕێکخستن و چەشنەکانی کارکردنی لە خۆگرتبێت، میکانیزمیش بە واتا نوێیەکەی تەنیا تەتبیقکردنێکی زانستی نییە، بەڵکو کۆمەڵە چارەسەرێکی نوێیە بۆ پێڕەوکردنێکی نوێ، ماهیەتی ئامێر، گۆڕینی ئامرازێك نییە بۆ خودی ئامێرەکە، بەقەد ئەوەی ماهیەتی ناو ئامێرەکە خۆیەتی، ئەم ئامێرە نابێتە ئامێر بەو ڕێژە ماتماتیکیە نەبێت کە لە ناو خۆیدا شەقڵ دەگرێت، ئامێر ئامێراندنێکی ناواخنە لە جۆرایەتی ئەبیستیمە بەکارهاتووەکەیەوە دەناسرێتەوە، نەك لە دەرەوەیدا تەتبیقێك بێت بۆ ئەبیستیم، ئامێر بیردۆزێك لە خۆ دەگرێت و بە تەتبیق کردنەکەیەوە ناوەستێت.

ئەو ئەبیستیمەی بە هۆی پیادەکردنیەوە شەقڵبەندێکی ئامێرییانە وەردەگرێت، بریتییە لە ماتماتیك و، ئەوەش ئەو ئەبیستیمەیە کە بوون تێیدا سروشتێکی ماتماتیکیانەی وەرگرتووە، ئەو کارە پابەندە بەوەی ئەبیستیم ((بمانکاتە سەروەری سروشت و خاوەن موڵکی ئەو بین)) لەمەوە ویستی مەعریفە دەبێتە ئیرادەیەك بۆ هێز، زانستیش لە خۆیدا نابێتە ماتماتیك تا پابەند نەبێت بەم ململانێیەوەو کۆنترۆڵکراو نەبێت، کەواتە تەکنەلۆژیا بە تەنیا تەتبیقکردنی زانست نییە، چونکە خودی زانست نۆرم و مۆرکێکی تەکنەلۆژیایی هەیە، هەر بۆیە ئەمڕۆ زیاتر لەسەر تەنیا شتێك گفتوگۆ دەکرێت ئەویش (تەکنۆزانست)یە، کە وا لە موکاشەفەو دۆزینەوە دەکات پێوەندیدار بێت بە سروشتەوە، نەك وەك کرانەوەو فیزك کە لای گریکەکان بوونی هەبوو، بەڵکو وەك گرنگترین عەمبار بۆ وزە، مرۆڤی سەردەم کە بە تەکنۆزانستی دەناسێنرێت، ئەو ڕایەی تیادەبینرێت کە بەم دۆزینەوەیە هەستێت، مرۆڤی سەردەم ڕەفتارەکانیشی بەرجەستە دەبێتەوە لە دەرکەوتنی زانستی تازەدا، شێوازی نوێنەرایەتی تایبەتی ئەم زانستەیە کە سروشت ڕاودەنێت و وەلای دەخات و دەیکاتە ماشینێك بۆ هێز، کە قابیل بە حساباتی وردی ماتماتیکی بێت، بەو شێوەیە فیزیای نوێ فیزیایەکی ئەزموونگەر نییە، چونکە لەسەر سرووشتی ئامێرەکان تەتبیق دەکرێت، لە پێناوی پشکنینیدا پێچەوانەکەی ڕاسترە، چونکە فیزیا پێشوەختە وەك بیردۆزێکی تێرو تەسەل سروشت ناچار دەکات کە ماشینەکەی هێز وا دەربخات کە قابیل بە حساباتی ماتماتیکی وردو درشت بێت و ئەزموونیش تاووتوێکاری بێت، وەك ئەوەی بیردۆزەکە بریتی بێت لە تەتبیق و پیادەکردن، یان وەك ئەوەی زانست بۆ خۆی تەکنەلۆژیا بەرجەستە بکاتەوە، نەك پێچەوانەکەی، ئەمە هاندەر بوو بۆ هەندێ لە فەیلەسووفە هاوچەرخەکان کە واژەیەکی دیاریکراو بەکاربهێنن بە ناوی پراکتیکی تیۆرسازی یان پیادەکردنی بیردۆزیی، تەکنۆزانست بە تەنیا تەتبیق ناکرێت لەسەر سرووشتی بێلان، بەڵکو لە سەرەتاوە دەکەوێتە بەردەم بابەتی پیشەسازی و دروست کردنی تەکنەلۆژیاییەوە، سەرەڕای ئەمەش ئەبیستیمی زانستی لە خۆیدا بە هەمان ئەو مامڵەتەی ئسلوبگەری تەکنەلۆژیایی وەردەسوڕێت وەك چۆن مامەڵە لەگەڵ زیندەوەرێك دەکرێت لەگەڵ ئەویشدا هاوشێوەی وزەیەك لێی دەڕوانرێت کە بیمەو ڕەسیدێك لە زانیاری سەیڤ بکات بۆخۆی، ئەو بیمەیەش لە ژێر فەرمان و ئاماژەدا بێت، بەم شێوەیە کاتێك تەکنەلۆژیا وەردەگرین، ئەو کاتە ئێمە ئامێرەکان و ستایلی پەرەپێدان و نەخشەکانی ڕێکخستن وەرناگرین و نایهێنین، بەڵکو ڕێگەکانی

**موسائەلەکردن دەربارەی میتافیزیک و هاوچەشنەکانی بە وردی بۆ ئەوەیە لە ناو تەکنەلۆژیادا بین نەک لەبەردەم ئامێرەکاندا وەستابین، بەو چەشنە تەکنەلۆژیا ئەو واتایە ناگەیەنێت کە بە تەنیا ئامێرەکان بەکاربهێنرێت، تەنانەت تەکنەلۆژیا ئامێرێکی زەبەلاحیش نییە، تا کۆمەڵێک دەزگاو شێوازی ڕێکخستن و چەشنەکانی کارکردنی لە خۆگرتبێت**

**تەکنەلۆژیا بە تەنیا تەتبیقکردنی زانست نییە، چونکە خودی زانست مۆرکێکی تەکنەلۆژیایی هەیە، هەر بۆیە ئەمڕۆ زیاتر لەسەر تەنیا شتێک گفتوگۆ دەکرێت ئەویش (تەکنۆزانست)یە کە وا لە موکاشەفەو دۆزینەوە دەکات پێوەندیدار بێت بە سروشتەوە، نەک وەک کرانەوەو فیزک کە لای گریکەکان بوونی هەبوو**

کارو شێوازی بیرکردنەوەو چەشنەکانی وجود دەهێنینە پێشەوە، ئەمە دەڵێمەوە (وەرگرتن و هێنان)، ڕاستتر دەبێت ئەگەر بڵێم (تەنینەوەو جڵەوگرتن لە جەمسەرێکەوە)، مادام تەکنەلۆژیا هیچ چارێکمان بۆ ناهێڵێتەوە، بەڵکو خۆی دادەسەپێنێت بەسەرماندا، نەك وەك کۆمەڵە ئامێرێك کە چارمان نییەو پێویستە وەریبگرین و بەکاری بهێنین بەڵکو وەك بونیادێك لە کائین یان زیندەبۆیەکەوە، چونکە ئەوە تەنیا بیردۆزەیەکی پەتی و ڕووت و تەتبیقکردنێکی ڕەها نییە بەڵکو چەشنێکە لە تەجەللا بوونی هەبوو(مەوجود)، ئەو کەیفیەتەیە کە وجودی تێدا بزر دەبێت تا دواتر وەك عەمبار دەربکەوێت، ئەمە لەسەر هەموو شێوازەکانی هەبوو تەتبیق دەبێت، بە هەبوون و بوونی مرۆڤایەتیشەوە، کە بۆ خۆی ئەم هەبووەش دەبێتە بەشێك لە ناو عەمبارەکەدا، مادام واقیعی فیعلی لێرەدا دەبێتە واقیعێك بۆ یەکەو ئۆرگانێکی ژمێریاری ورد کە لە نەخشەکێشانەکان و دیزاینەکانەوە هەڵدەهێنجرێت، بۆیە مرۆڤ دەکەوێتە ناو ئەم یەکەیەو ناچار دەبێت خۆی لەگەڵیدا بگونجێنێت، بەو شێوەیە هەبوو یان مەوجود لە غیابی جیاوازیدا جێی خۆی دەگرێت، لەو غیابەی وەڵامدەرەوەی مەبدەئی بەرهەمهێنانە، وێڕای ئەمە مەبدەئەکەش وا خۆی نیشان دەدا کە دەبێتە سیستمێکی ڕیزبەندیی بەڵام لە بنچینەدا لە غیابی هەموو ڕیزبەندییەکانەوە دادەمەزرێت، لەو واتایەوە دەریچەی بەرهەمهێنان شتێك نییە، بەڵکو تەنیا بۆشاییەکی یەکانگیرە بۆ هەموو چەشنەکانی ژیان و بیرکردنەوە، کە سیما تایبەتیەکانی خۆی لە ژێر ئارەزووی نەخشەکێشان و بەرنامەڕێژی و ڕێکخستنەوەی بیروکراتییانەوە بزر دەکات.

*** بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ربات**

# کولتووری دانوستان هەڵکشان بەرەو لووتکەی سەرکەوتن یان بەرەوە لێواری بەربوونەوە؟!

*لەبەرئەوەی دۆزی کورد بەگشتی و حاڵەتی هەرێمی کوردستان بە وەرچەرخانێکی گرنگ و پڕبایەخدا تێدەپەڕێ و کەوتۆتە بەر شەپۆلەکانی ئەو گۆڕانکارییانەوە کە لە ناوچەکەدا روویانداوە و ئەوانەی ماون روو بدەن، بۆیە بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی گرنگە کە کولتووری دانوستان لەژینگە و کایەی سیاسیدا لەنێوانی حزب و هێزە سیاسییەکاندا، وەکو پێویستیی ببێتە کولتوورێکی ئەرێنی. پەیڕەوی بکرێ و بێهوودە و بێ جەدوا نەکرێ.*



ئازا حەسیب قەرەداخی

**دوو هەفتە جارێک بۆ گوڵانی دەنووسێت**

دەستووری هەرێمی کوردستان، رێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان.. پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.. کێشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا.. کێشە هەڵپەسێراوەکانی تایبەت بە ماددەی ١٤٠ و چەندینی دیکەوە.. گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و لێکەوتە و دەرەنجامەکانیان و کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان و دۆزی نەتەوەیی نیشتمانی کورد.. ململانێی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان و شوێن و پێگەی کورد تێیاندا.. ئەمانە و چەندینی دیکە بابەتی گەرماوگەرمی ئەمڕۆی ژیانی سیاسی هەرێمی کوردستانن و هەموویشیان مەترەحن بۆ گفتوگۆ و دانوستانی نێوان هێز و حزبە سیاسییەکان.

لەسەرینی ئەمەوە پرسیارگەلێك سەبارەت دانوستان وەکوو چەمك و هۆ و میکانیزم و ئامانج دەوروژێن.

مرۆڤ هەر لەبەرئەوەی مرۆڤە و بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و مەحکومە بەوەی لەناو ژینگەی کۆمەڵایەتیدا لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بژی و ناچارە بەوەی لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی رێکخستنی کۆمەڵایەتیدا، کۆمەڵگایی، سیاسی، ئابووری و پیشەوەریی، کولتووری و یاسایی مامەڵە لەگەڵ خەڵکانی دیکە بکات و شێوازی کارلێکی نێوان خۆی و ئەوانی دیکە لەسەر بنەمای مانەوە و پاراستن و پەرەپێدانی بەرژەوەندی و بەدیهێنانی خواست کارلێکیان لەگەڵدا بکات، وەهای لێهاتووە کە خۆڕسکانە ببێتە بوونەوەرێکی دانوستکار. بەم مانایە دانووستان کردەیەکی مرۆڤانەیە و تایبەتە بە مرۆڤ جیا لە هەموو بوونەوەرەکانی دیکە. کەواتە دانووستان رەفتارێکی سروشتی و خۆڕسکانەی کۆمەڵایەتییە، مرۆڤ لە کاتی مامەڵەکردن و کارلێکیدا لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتیدا دەیکات.

خۆڕسکێتی کرداری دانووستان و فۆرمە سروشتییەکەی، لە کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە. کەواتە کردارێکی غەریزەیی نییە، بەڵکو کردارێکی عەقڵانییە و بنەما و هۆکار و کەرەستە و ئامانجی هەیە کە عەقڵ بڕیاریان لەسەر دەدات و مەرجەکانیان دیاری دەکات و ئاراستەیان دەکات.

لەلای مرۆڤ گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانی دیکە و پەیوەندی گرتن لەگەڵیاندا میکانیزمەکانی دانوستانن.

هۆیەکەی هەبوونی کێشە یان بابەتی هەڵپەسێردراو یان جیاوازی و ناکۆکییە لەبارەی مەسەلەیەك یان زیاترەوە کە بوونەتە مەترسی بۆسەر مان یان بوونەتە هۆی زیانگەیاندن بە بەرژەوەندی لایەنەکانی دانووستکار.

ئامانج لێی رێککەوتنە لەسەر بنەماگەلێك کە بەرژەوەندییەك یان زیاتری لایەنەکانی دانوستکار بپارێزی یان بەدی بهێنێ.

لەسەرینی ئەمەیشەوەیە کە دانوستان سەرەڕای سروشتە خۆڕسکییەکەی کردارێکی عەقڵانییە، بۆیە بۆتە کولتوور و هونەری تایبەت بەخۆی هەیە و رەهەند و بوارەکانی هێندەی بوارەکانی کردار و کارلێك و پەیوەندییەکانی مرۆڤ فراوان بووە و زانستیگەلێك لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ئیداری و دەروونیی رێکی دەخەن و چەندین تیۆری و رێباز و بیرمەند و پسپۆڕان لەپشتەوەی وەستاون. بەشێوەیەکی هەڵکشاو لە رەوتی مێژوودا پەرەی سەندووە و لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا

بۆتە یەکێك لە پێویستییە ناچارەکانی مرۆڤ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی و بەدیهێنانی خواست و بەرژەوەندییەکانی. ئامارەکان وەهای دەردەخەن کە ساڵانە لە شاری جنێف نزیکەی ١٠هەزار پرۆسەی دانوستاندنی فەرمی و نافەرمی دەکرێ و لە شاری نیویۆرکیشدا هێندەی ئەو ژمارەیە دەکرێ. هەروەها ساڵانە لە سەرانسەری جیهاندا ژمارەیەکی یەکجار زۆر دانوستان لەنێوانی دەوڵەتان و کولتووری جیاجیا و کۆمپانیا زەبەلاحەکان یان لەناوخۆی یەك دەوڵەتدا لە نێوانی حزب و فەرمانگە و رێکخراو و گروپ و خۆێشایەتییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکرێ.

دانوستان وەکو کردەوە و کردار کە کولتوورە، دەبێ ئەوەیشی لەگەڵدا روون بکرێتەوە کە چ کولتوورێکە؟ ئایا کولتوورێکی پۆزەتیڤ (ئەرێنی) یان کولتوورێکی نەگەتیڤ (نەرێنی)یە؟

لەسەرێنی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەوە دووجۆر کولتووری دانوستان هەیە. هەر دوو جۆرەکەیش لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراون کە دانوستان گەمەیە لە نێوانی دوو تیپدا دەکرێ. جۆری یەکەم پێی دەوترێ گەمە بەپێی رێبازی (بردنەوە بردنەوە Approch Win Win). لەمەدا دانوستکار بە رووحی ئەرێنییەوە دەچێتە پرۆسەی دانوستانەوە و پێشتر بڕ و رادەیەك لە سروشت و ئیرادە و خواستەکانی بەرامبەرەکەی دەزانێ و بڕیاریشی داوە گوێ بگرێ تا زیاتر بزانێ بۆئەوەی ئەو زانیارییانە بە هەند وەرگرێ و بیانکاتە بنەما بۆ گەیشتن بە شێوازێکی میانگیرانە لە چارەسەردا کە دەرەنجام بە هۆیەوە هەردوو لا براوە بن. بە واتایەکی دیکە دانوستان دەبێتە ئەو هەڵکێش (مصعد)ی لایەنەکان هەڵدەکێشێ بەرەو لووتکەی سەرکەوتن.

جۆری دووەم: گەمەیە لەسەر بنەمای (ئاکام سفر) یان پێی دەگوترێ (دانوستانی سفری Zero-sum Game). دانوستکار دەچێتە دانوستانەوە بەو مەرجەی خۆی هەموو شتێك بباتەوە و ئەوی بەرامبەری هەمووشتێك بدۆڕێنێ. واتە دەرەنجامەکەی بردنەوەی رەهای لایەك و دۆڕانی رەهای لایەکەی دیکە. بەم مانایە دانوستان پیرۆزکردنی خواستەکانی لایەك و مافی بەکارهێنانی ڤیتۆیە لەسەر خواستەکانی لایەکەی دیکە و ئیتر کارێك نامێنێ کە پێی بگووترێ پرۆسەی گەڕان بە دوای خاڵە هاوبەشەکان و پنتی بەیەکتر گەیشتن، بەڵکو دەبێتە کارکردنی زۆرەملێ بۆ رازیبوونی رەها یان رەتکردنەوەی رەها. بەم هۆیەشەوە دانوستان لە پرۆسەی گفتوگۆو هەڵکشان بەرەو لووتکەی سەرکەوتن دەبێتە پرۆسەی یەکترسڕینەوە و هەڵکشان بەرەو لێواری بەربوونەوە. ئەوسا دانوستان بەهای نامێنێ، بێ جدوا و بێهوودە دەبێ.

کەواتە هەر لە بناغەوە دانوستان وەکو کولتوور پەیوەستە بە ئەرێنیی پرۆسەکەوە و هەمیشە وەهای لێ چاوەڕوان دەکرێ کە بەشێوەیەکی ئەرێنی، بۆ مەبەستێکی ئەرێنی، بە کەرەستەی ئەرێنی، بۆ ئامانجێکی ئەرێنی بێ.

لێرەدا سەرنج لە دوو شت دەدەین:

یەکەمیان: دەستەواژەی دانوستان لە زمانی کوردیدا، هەر لە بناغەوە لەسەر بنەمای لێکگرێدانی (پێدان) و (لێستاندن) دروستکراوە، کەواتە خودی پرۆسەکەیش پرۆسەی پێدان و وەرگرتنە. گفتوگۆیە لەبارەی جۆر و پۆل و بڕی ئەوانەی دەدرێن و ئەوانەی وەردەگیرێن. هاوسەنگی و هەماهەنگییە لەنێوانیان لەپێناوی بەدیهێنانی بەرژەوەندی هەر دوولای دانوستان.

دووەم: ئیمامی عەلی خوای لێ رازی بێت دەڵێ: خەڵك دوو پۆلن، یەکێکیان براتن لە ئاییندا، دووەم هاوشێوەتن لە خەڵقدا، واتە ئەوانیش مرۆڤن وەکو ئەوەی کە تۆ مرۆڤی. ئەم وتەزایەی ئیمامی عەلی بنەمای دیدگای هاوبەشێتی (شەراکە) و کارلێکی ئۆرگانیزمانەیە لەسەر بنەمای (هەموومان)، نەك لەسەر بنەمای (ئێمە) و (ئەوان).

لەم بابەتەی ئێمەدا، (هەمووەمان) زەوینەیەکی پتەوی دانوستانە بەو پێیەی دانوستان لەنێوانی هەمووەمانە بۆ هەمووەمان.

ئەگەر دانوستکار ئەم حەقیقەتە هەموویەی زانی و بە رووحی ئەرێنی هەموویەوە چووە ناو پرۆسەی دانوستانەوە، ئەوسا دەشزانێ کە دانوستان گەمەیە. ئەم گەمەیە پەیڕەوی لە چەند پرینسیپێکی سەرەکی دانوستان دەکات، کە گرنگترینیان بریتین لە:

یەکەم: فۆکس خستنە سەر چارەسەرکردنی کێشەکان و دوورکەوتنەوە لە پەرتوبڵاوی و پلار و تانەدان لە کەسەکان. بەواتایەکی دیکە دەبێتە دانوستکارێکی بابەتی و لە کەساندن دوور دەکەوێتەوە. بەمجۆرەش ستایشی کاری باش دەکات جا هەر کەسێك کردبێتی، بەوەیشەوە کە جیاواز و ناکۆکە لەگەڵیدا و دانوستانی لەگەڵ دەکات. لەسەر ئەم بنەمایەش بایەخ بە بەرژەوەندی و ئیرادەی بەرامبەرەکەی دەدات نەك لێی کەم بکاتەوە.

دووەم: بایەخدان بە گوێگرتن. بەو مانایە دانوستکار بە گریمانە و نەیەتی پێشوەختەوە ناچێتە دانوستانەوە، بەڵکو دەچێت تا گوێ لە بەرامبەرەکەی بگرێ و لێی حاڵی ببێ. هەڵبەت ئەمەیش مانای ئەوەنییە کە دانوستکار زانیاری پێشوەختی لەبارەی بەرامبەرەکەی و پاشخان و داواکانییەوە نەبێ. بەڵکو مانای ئەوەیە کە پێشوەخت بڕیاری نەدابێ کە ئەوەی ئەم دەیزانێ لە بارەی بەرامبەرەکەیەوە هەر ئەوە راستە. بەڵکو پێویستە گوێی لێ بگرێ. گوێگرتنیش سەر راوەشاندن نییە، وردبوونەوە و لێکگرێدانی زانیارییەکان و کەڵکەکردنیانە بەمەبەستی سەرلەنوێ دیراسەت کردنەوە. هەروەها گوێگرتن بریتی نییە لە بڕوا پێهێنان، بەڵکو هەوڵدانە بۆ هەڵسەنگاندنی بەراوردکارانە لە نێوانی ئەو زانیارییانەی پێشوەخت هەبووە لەگەڵ ئەوانەی لە دانوستاندا دەردەکەون.

سێیەم: دانانی لیستی بابەتەکان بەپێی بایەخیان و پۆلین کردنیان لەنێوانی کاتەکانی دانوستاندا.


چوارەم: دوورکەوتنەوە لە شێوازی ناڕاستەخۆ بۆ دەربڕینی بابەتەکانی دانوستان. چونکە شێوازی ناڕاستەوخۆ چەردەیەك قسە دەهێننە ئاراوە کە دیاریکراو نین، نازانرێ مەبەستیان چییە، لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێ لەلایەنی بەرامبەرەکەوە. کات بە فیڕۆ دەدا. کات بەفیڕۆدان وزە و توانای مرۆیی و دارایی بەفیڕۆ دەدات.

لەبەرئەوەی دۆزی کورد بەگشتی و حاڵەتی هەرێمی کوردستان بە وەرچەرخانێکی گرنگ و پڕبایەخدا تێدەپەڕێ و کەوتۆتە بەر شەپۆلەکانی ئەو گۆڕانکارییانەوە کە لە ناوچەکەدا روویانداوە و ئەوانەی ماون روو بدەن، بۆیە بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی گرنگە کە کولتووری دانوستان لە ژینگە و کایەی سیاسیدا لەنێوانی حزب و هێزە سیاسییەکاندا، وەکو پێویستیی ببێتە کولتوورێکی ئەرێنی. پەیڕەوی بکرێ و بێهوودە و بێ جەدوا نەکرێ. هەمیشە دەرگاکانی کراوە بن بەسەر هەموو جیاوازییەکاندا. پرۆسەی گەڕان بێ بەدوای چارەسەر و هەماهەنگیدا لە رێی دۆزینەوەی خاڵە هاوبەش و پنتەکانی بەیەکترگەیشتنەوە.

## پرۆفیسۆر سیروان بابان (وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو) بۆ (گوڵان):

# رێوشوێنی یاسایی بەرامبەر ئەو کەسانە دەگیرێتەبەر کە زەوییە کشتوکاڵییەکانیان بۆ پرۆژەی غەیرە کشتوکاڵی بەکارهێناوە

پرۆفیسۆرسیروان بابان وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵان دا، ئاماژەی بە کێشەی زەوی و زارو ئەو زێدەڕۆییانە کرد کە دەکرێتە سەر زەوی کشتوکاڵی و لەم رووەشەوە دەڵێت هەنگاوەکانی وەزارەت کاریگەریی باشیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە هەبووە، لەتەوەرێکی قسەکانیشدا ئەوەی راگەیاند کە ئێستا ١٣ بەنداو لەهەرێمی کوردستان لەبواری جێبەجێکردندان. ئاماژەی بەو بەرنامەو کارانەشدا کە وەزارەت گرتوویەتییەبەر، هەروەها پێی راگەیاندین کە هەموو سێ شەممەیەك لەدیوانی وەزارەت بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەو گرفت و کێشانە پێشوازی لەجووتیاران دەکات و لەناو وەزارتیش سەندوقێکی سکاڵا دانراوە، لەم راپۆرتەدا وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو وەڵامی زۆر تەوەرو بابەتی دیکەی پەیوەنداردەداتەوە.



**ئامانجمان فراوانتر کردووە ئەویش تەنیا ئیکتیفازاتی نییە، بەڵکو دابین کردنی ئاسایشی خۆراك و ئاوە**

**ڕێژەو ماوەی گەڕاندنەوەی قەرزی کشتوکاڵ بۆ زۆربەی پرۆژەکان زیاد کرا**

**بۆ گوێگرتن لە کێشەو گرفتەکانیان، هەموو سێ شەممەیەك پێشوازی لە جووتیاران دەکەین**

### پلانی پێنج ساڵەی کشتوکاڵ وکێڕڤی بەرهەمە ناوخۆییەکان

سێ ساڵ لەمەوبەر پلانێکی ستراتیژی بۆ پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ داڕێژرا، بەڵام لەبەر کەمیی بودجە نەتوانرا زۆربەی زۆری بڕگەو خاڵەکانی پلانەکەو ئامانجەکان بخرێنە بواری پراکتیکییەوە، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لەمبارەیەوە گوتی:( گەیشتن بە خۆبژێوی؛ پەیامیی سەرەکی ئەو پلانە ستراتیژییە پێنج ساڵییەی وەزارەت بوو، دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ دەکرێت هەڵسەنگاندنێکی زانستی بۆ بکرێت، راستە هەموو پلانەکە جێبەجێ نەکرا بەڵام لەو ماوەیەدا کاری باشی تێدا کرا، بۆ نموونە ئاستی بەرهەمهێنانی گەنم لەدوو ساڵی رابردوودا لە ٣٠٠ هەزار تەن بەرەو ٥٠٠ هەزار تەن بەرزبووەوە، کەمبوونەوەی ئەو ئاستەش لەم ساڵدا کە پێشبینی دەکرێت بۆ ٤٠٠ هەزار تەن کەم بێتەوە بۆ ئەو وشکەساڵییە دەگەڕێتەوە کە زیاتر تووشی رووبەرێکی فراوانی دەشتەکانی هەولێرو مەخموور و بەردەڕەش و گەرمیان بووەوە، سەبارەت بە سەوزەش لە٢٥٠ هەزار تەنەوە گەیشتە ٤٠٧ هەزار تەن، ئەمە لەکاتێکدا پێشتر توانای بەرهەمی خۆماڵی تەنیا ٣٧٪ ی پێداویستی بازاڕ بوو، بەڵام ئێستا توانامان ٦٢٪ یە، هەروەها بەرهەمی پەتاتە لە ١٠٠٠ تەنەوە بۆ ٧٨هەزار تەن و میوە لە ٥٥ هەزار تەن بۆ نزیکەی ٦٠ هەزار تەن و گۆشتی مریشك لە ٣٦ هەزار تەنەوە بۆ ٥٥ هەزار تەن و هێلکە لە ٣٣٦ ملیۆنەوە بۆ ٤٣٠ ملیۆن زیادیکردووە، سەبارەت بە میوەش بەرەو زیادبوونە، ئەویش لە ٢٣٪ بۆ ٢٥٪ بەرز بووەتەوە، بەڵام کە ڕێژەکەش کەمە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی میوەجات یا داری میوە پێویستی بە لایەنی کەم بە (٤) ساڵ هەیە تا دەگاتە بەرهەم. سەبارەت بە گۆشتی مریشك ٢٦٪ بووەتە٣٥٪ ئەویش لە بەرزبوونەوەدایە ئامانجمان گەیشتنە بە ٩٨٠٠٠ تەن لە ساڵی ٢٠١٣ دا ئێستاش ٤٠٠٠٠ تەنە ساڵانە بەرهەم دێت، بەڵام لە هێلکە زۆر پێشکەوتووین، ئێستا ٤٢٠ ملیۆن هێلکە بەرهەم دێت و پێویستی کوردستان ٦٣٦ ملیۆنە واتا ٦٦٪ پێویستی بازاڕی خۆماڵی دابین دەکەین، سەبارەت بە رووبەری بەراو کە داماننابوو کە ٥٠٪ی دێمی بکەینە بەراو چونکە ئەو کاتەی کە پلانمان دانا ٩٪ بوو، بەڵام ئێستا بوو بە نزیکەی ١١٪ واتا ٦١٤ هەزار دۆنم کە پێشتر بەراو بوو ئێستا ٧٠٩٦٢٤ هەزار دۆنم بەراوە، بێجگە لە هەندێ بابەتی دیکەی وەکو پەرەپێدانی میوە و دروستکردنی ساردخانە و کارگەی پاککردنەوەی تۆو و لێدانی بیر و هەندێ پرۆژەی دیکەی ئاودێری کە ئێستا لەژێر جێبەجێ کردندان، ئەمانە هەمووی بەم سێ ساڵە ئەنجامدراون، لە بەرنامەی کابینەی حەوتەمدا ئامانجەکەمان فراوانتر کردووە ئەویش تەنیا ئیکتیفازاتی نییە، بەڵکو دابین کردنی ئاسایشی خۆراك و ئاوە لە هەرێمی کوردستان).

### هاوسەنگی نەبوونی بەرهەمی گەنم و ژمارەی سایلۆکان

وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو سەبارەت بە جێبەجێکردنی پلانە ستراتیژییەکە روونی کردەوە، کە وەزارەت داوای ١٠ ملیار دۆلاری کردبوو واتا داوای لە ١٨٪ کە بێجگە لەمەش ٦٥ ملیار دینار هاوکاریمان هەیە، کە هێشتا لەخواستی ئێمەدا نییە کەچی لەبودجەی ئەمساڵدا تەنیا ٢،٨ بۆ کشتوکاڵ تەرخانکرا، هەربۆیە نەمانتوانی سەرجەم ئامانجەکانمان بپێکین. لەلایەکی دیکەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانە چەندین وەزارەت بەشداربووە لەگەڵماندا لەوانە وەزارەتەکانی پلان و پیشەسازی و بازرگانی و سەرچاوەکانی ئاوی ( پێشتر)، بەڵام وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی بەپێی ئامانج و پلانەکەی ئێمە کارەکانیان هاوسەنگ نییە، لەلایەك بەرهەمی گەنم زیادیکردووە کەچی ژمارەی سایلۆکان وەکو خۆیەتی و تەنیا یەك سایلۆ کە لەهەولێر دروست دەکرێت و لە قۆناغی کۆتاییدایە کە ٦٠ هەزار تەن دانەوێڵە دەگرێت، هەروەها ٣ سایلۆی دیکەش لە سلێمانی لەساڵی ٢٠١٠ – وە پارەی بۆ دانراوە لە تەندەرینە،٣سایلۆی دیکەش هاتە سەرخەت لە بەردەڕەش و رانیەو گەرمیان.

**لەم ساڵدا بەنداوە گەورەکانی گۆمەسپان و باسەڕەو باوەنوور و ڕەواندز دەدرێنە تەندەر**

### پرۆژەکانی بەنداو و ئاودێری

سەبارەت بە پرۆژەکانی ئاودێری و دروستکردنی بەنداوەکان کە گلەییەکی زۆری لەبارەوە هەیە، لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان سەرچاوەی ئاوی زۆرە کەچی ژمارەیەکی کەم لە پرۆژەکانی ئاودێری دروست کراون؛ پرۆ فیسۆر سیروان بابان گوتی: ( جگە لەو ١٣ بەنداوەی لەهەرێمی کوردستان لەژێر جێبەجێکردندان، ٤٠ بەنداوی دیکە کە گوژمەشیان بۆ تەرخانکراوە لەرووی رێکخستن و دیزاینەوە ئامادەکاری بۆ دروستکردنیان دەکرێت، لەوانە بەنداوی گەورە وەکو بەنداوی دێڵگە لە سەرووی بەنداوی دوکان و بەنداوی سارتك لە خوارووی دوکان و باسێ لە دهۆك و مەنداوە لە هەولێر، هەروەها بەنداوی بەردەسوور لەگەرمیان، لە پرۆژە پێشنیارکراوەکانی ساڵی ٢٠١٢ کە بوودجەمان بۆ تەرخانکردوون لەم ساڵدا (٤) بەنداوی گەورەیان تێدایە کە بریتین لە بەنداوی گۆمەسپان و باسەڕەو باوەنوور و رەواندز، ئەوانە لەم ساڵدا ئامادەکاریی تەندەریان بۆ دەکرێت، هەروەها لەبەرنامەدایە چەند بەنداوێکی گەورە بە قەرزی درێژخایەن لەلایەن کۆمپانیا وبەرهێنەرە پسپۆرە بیانییەکانەوە جێبەجێ بکرێت.

### قەرزی کشتوکاڵ بە ٥١٠٠ پرۆژە دراوە

سەبارەت بەقەرزی کشتوکاڵی و دوا رێنمایی لەم بوارەدا پرۆ فیسۆر بابان ئاماژەی بەوە کرد کە ساڵانە رێنمایی تایبەت بە پێدانی قەرزی کشتوکاڵ هەموار دەکرێتەوە، بۆ نموونە ساڵی رابردوو دانانی رەهنی موڵك بۆ وەرگرتنی قەرز یەکێك بوو لە مەرجەکان، بەڵام بۆ ئەمساڵ هەموار کرایەوە، ئەگەر تێچووی پرۆژەکە لە ١٥ ملیۆن دینار کەمتر بوو ئەوا تەنیا بە کەفالەتی کەسی جێبەجێ دەکرێت، بەڵام ئەگەر لە ١٥ ملیۆن دینار زیاتر بوو ئەوا پێویستە بە رەهن کردنی خانوو یان زەوی دەکات، جگە لەوەش ڕێژەو ماوەی گەڕاندنەوەی قەرزەکە بۆ زۆربەی پرۆژەکان بۆ ئەمساڵ زیاد کرا. ئەم قەرزەش لە ساڵی ٢٠٠٩ تاکو ئێستا بەردەوامە، تاکۆتایی ساڵی ٢٠١١





**لە٢٠٠٩ تا ئێستا قەرزی کشتوکاڵی بە ٥١٠٠ پڕۆژە دراوە بەبڕی ١٢٧ ملیار دینار**

گەیشتۆتە زیاتر لە ١٠٠ ملیار دینار بۆ ٤٠٠٠ پرۆژە، بۆ ئەمسااڵیش تا ئێستا نزیکەی زیاتر لە٢٧ملیار خەرج کراوە بۆ ١١٠٠ پرۆژە، دیارە ڕێژەی قەرزی پڕۆژەکانیش کە پێیان دەدرێت بە گوێرەی جۆری پڕۆژەکانە بڕی بەرزترین رادەی قەرز کە بە پڕۆژەی ئاسایی دەدرێت تا ١٠٠ ملیۆن دینارە، بۆ پڕۆژە تەواوکارییەکانیش دەگاتە ١٥٠ ملیۆن دینار، بەڵام بۆ ساردخانە و پرۆژە ستراتیژییەکان تا ٥٠٠ ملیۆن دینارە، قەرزەکانیش پرۆژەی خانووی پلاستیك و لێدانی بیری ئیرتیوازی و کڕینی ئامێری کشتوکاڵی و دروستکردنی پرۆژەی ئاژەڵ و پەلەوەر و ماسی و باخداری و زۆر شتی دیکە دەگرێتەوە، سەبارەت بە چاککردنی میکانیزمی ئەو قەرزانەش چەندین پێشنیارمان بۆ لایەنی پەیوەندیدار بەرزکردۆتەوە، لەوانە بەرزترین رادەی قەرزەکە ببێتە ١٥٠ ملیۆن دینار بۆ پرۆژەی ئاسایی و بە ١٠ ساڵ بدرێتەوە. ماوەی دانەوەی قەرزی پرۆژە ستراتیژییەکان بکرێتە ١٥ ساڵ . هەروەها قەرزی گشت پرۆژەکان پاش دوو ساڵ لە رێککەوتی پێدانی قستی یەکەم وەربگیرێتەوە، بۆ ناوچە دابڕێنراوەکانیش کە تەنیا پرۆژەکانی خانووی پلاستیك و لێدانی بیر و کڕینی ئامێری پرژاندن و راکێشانی کارەبا دەگرێتەوە، داواشمان کردووە کە وەکو ناوچەکانی دیکەی هەرێم ئەوانیش هەمان قەرز و بوارەکان بیانگرێتەوە، بەڵام دەبێت رەهنەکە لە ناو هەرێم بێت).

**(١٣)بەنداو لەبواری جێبەجێکردندان و (٤٠) بەنداویش ئامادەکاریان بۆدەکرێت**

### کێشەی زەویی کشتوکاڵ

سەبارەت بەکێشەکانی زەوی وزار کە جووتیاران و خاوەن زەوییەکان بە پێچەوانەی یاسا و رێنماییەکانی وەزارەت مامەڵەیان پێوەدەکەن، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو گوتی:( لیژنەیەکی باڵا بۆ بەدواداچوون و لێپێچینەوە دروستکراوە ئەرکی ئەم لیژنەیە بریتییە لە بەدواداچوونی ئەو زەوییە کشتوکاڵییانەی تەملیك کراون و لەلایەن جووتیاران و خاوەنەکانیان و نووسینگەکانەوە بە پارچە پارچەکراوی کڕین و فرۆشتنیان پێ دەکرێت و پرۆژەی غەیرە کشتوکاڵیان لەسەر دادەمەزرێندرێت وەکو دروستکردنی ڤێللا، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەکە سەردانی نووسینگەکان دەکات کە مامەڵە بە زەوییە گرێبەستەکان دەکەن. هەروەها بەدواداچوونی ئەو گرێ بەستانەی کە لە ناو دارستانی دەستکرد کراون و تەلبەندیشکراون و ئەو دارستانە سروشتیانەی کە بە پارچە پارچەکراوی فرۆشراون و پرۆژەی غەیرە کشتوکاڵیان لەسەر دامەزراوە، ئەوانەشی کە دەکەونە ناو ماستەر پلان کە لە چوارچێوەی ٣٠ کیلۆمەتردان، بەدواداچوونی ئەو زەوییانەی کە دراون بۆ دروستکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان، ئەگەر هاتوو لەو ماوەیەی بۆیان دیاریکراوە جێبە جێ نەکرابن رێوشوێنی یاساییان بەرامبەر وەردەگیرێت، گرێبەستەکانیان پووچەڵ دەکرێنەوە و غەرامەش دەکرێن).

**بۆ ناوچە دابڕێنراوەکانیش داوامان کردووە کە وەکو ناوچەکانی دیکەی هەرێم ئەوانیش هەمان قەرز و بوارەکان بیانگرێتەوە**

### پرۆژەکانی ئاژەڵداری و پەلەوەرو ماسی و زەیتوون

وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ئاماژەی بەوە کرد کە لەهەرێمی کوردستان نزیکەی (٣) ملیۆن و (٧٥٠) هەزار سەر مەڕو بزن و (٣١٦) هەزار مانگاو گوێرەکە و (٤) هەزار گامێش لە کوردستاندا هەیە لەرووی دابین کردنی ئەلەف و فاکسین و چۆنییەتی پاراستنی ئەم سامانە و زیادکردنی بڕی بەرهەمی گۆشتی پەلەوەر و هێلکە ودابین کردنی دەرمان، وەزارەت هەنگاوی بەرچاوی هەڵێناوە بۆ قەڵاچۆکردن و چارەسەرکردنی چەندین نەخۆشی وەکو تەبەقFMD و برۆسیلا، تەنانەت وەزارەت خاوەن تاقیگەیەکی پێشکەوتووی ناوەندییە کە لەهەولێرە بێجگە لە (٣) تاقیگەی دیکە لە هەولێرو سلێمانی و گەرمیانن، بەردەوام بەدوای رووماڵکردنی نەخۆشییەکانەوەن،، هاوکات روونی کردەوە کە بە سەدان پرۆژەی پەلەوەرو گۆشت لە هەرێمی کوردستاندا هەیە،ساڵی رابردووش (١)ملیارو (٨٠٠)ملیۆن دینارمان تەرخان کرد و (٥) هەزار تەن سۆیامان کڕی بە نیوە قیمەت بەسەر خاوەن پرۆژەکان دابەشمانکرد، ئێستا گۆشتی فرێشی خۆمان لەپارێزگاکان خراوەتە بازاڕەوە، بەڵام کێشەکە لە فرۆشتنی مریشکی







**ئێستا ٤٣٠ ملیۆن هێلکە بەرهەم دێت و پێویستی کوردستان ٦٣٦ ملیۆنە واتا ٦٦٪ پێویستی بازاڕی خۆماڵی دابین دەکەین**

زیندوودایـــە، بـــۆ ئەم مەبەســـتەش شـــوێنی تایبەتمان تەرخانکردووە بۆ فرۆشتنی مریشکی زینـــدوو کـــە ســـەرجەم خزمەتگوزارییەکانی تەندروستیان تێدا دەســـتەبەر کراوە، بایەخێکی گرنگیشمان بەسامانی ماسی داوە، پار (٤٠٠) هەزارمان دابەشـــکرد بە نرخـــی ١٠٠دینار بۆ هەر پەنجەماسییەك،ئەم ساڵ لە٢٠١٢/٦/٢٠-ەوە دەســـتمان بەدابەش کردنی کرد کە بریتییە لە(٨٠٠) هەزار دانە لـــە هەموو پارێزگاکانی کوردســـتان، هەروەها لەبواری پرۆژەی چاندنی زەیتوونیشدا کە تا ئێستا ٨٠٠ باخمان چاندووە، وەزارەتیش سیستەمی ئاودێری و دڵۆپاندنی داوە بە جووتیاران بـــۆ ئاودانی باخەکانیان، هەروەها ئێمە١٠٪ی نرخەکەمان لەجووتیاران وەرگرتۆتەوە بەمەبەســـتی هاندانیان بۆ بـــەردەوام چاندنی زەیتوون و هەمیش بۆ بەکارهێنانی ئەم سیستەمە نوێیەی ئاودان.لەرووی کوالێتیشـــەوە برەومان بەو جۆرانە داوە کـــە زەیتەکانیان جیهانییەو لە وڵاتانیش جۆری باشمان هاوردە کردووە،لەوانەش (٤) جۆر لەئیســـپانیاوە کە لە نەمامگەکانی خۆمـــان چاندوومانـــەو دواتر بەســـەر هەندێ جووتیاری نموونەیی دابەشمانکردووە.ئاماژەشی بەوە کرد کە ئێستا کارگەیەکی بچووکی زەیتی زەیتوونمان لە باشیك دامەزراندووە.